حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان

# ڕاپۆرتی ساڵانەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

## ٢٠٢٢

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

# ڕاپۆرتی ساڵانەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

٢٠٢٢

KRG.DNGO.OFFICIAL
GOV.KRD/DNGO
INFO@DNGO.GOV.KRD
07508110808

# ناوەڕۆک


- پێشەکی ........ ٢
- ووتەی سەرۆکی فەرمانگە ........ ٣
- ناساندنی فەرمانگە ........ ٤
- دەستەی بەڕێوەبردنی فەرمانگە ........ ٥
- چالاککردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون ........ ٦
- چالاککردنەوەی بەشی پرۆژەکان ........ ٧
- چالاکییەکانی سەرۆکی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان ........ ٨
- چالاکییەکانی سەرۆکی فەرمانگە ........ ٨
- کۆبوونەوەکانیکانی سەرۆکی فەرمانگە ........ ٢٣
- چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکان ........ ٤١

١- بەڕێوەبەرایەتی کارگێری ........ ٤١

٢- بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردن ........ ٤٢

٣- بەڕێوەبەرایەتی دارایی ........ ٤٨

٤- بەڕێوەبەرایەتی یاسایی ........ ٥٨

٥- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون ........ ٦٣

٦- بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکان ........ ٦٤

- پرۆژەی (سۆران، لانکەی شۆرش) ........ ٦٧
- کەمپینی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی هەولێر ........ ٩٢
- بڕیاری چارەسەرکردنی کێشەی باجی رێکخراوەکان ........ ٩٩
- وەبەرهێنانی رێکخراوەکان ........ ١٠٠
- گشتاندن سەبارەت بە زەمینسازی بۆ کاری رێکخراوەیی ........ ١٠١
- دروستکردنی داتابەیس و سیستەمی دیجیتاڵی ........ ١٠٢
- پەرەپێدانی تواناکانی فەرمانبەران ........ ١٠٦
- پەرەپێدانی تواناکانی رێکخراوەکان ........ ١١٠
- نۆژەنکردنەوەی فەرمانگە ........ ١١٦
- وەرگرتنی راپۆرتی دارایی ........ ١١٧
- پلانی ستراتیژی فەرمانگە بۆ سێ ساڵی داهاتوو ........ ١١٨

1992 حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٩٩٢
حكومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

# پێشەکی

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەتایبەتی لە دوای دەستبەکاربوونی سەرۆک و ستافی نوێ لە سەرەتای ساڵی (٢٠٢١)ەوە، شێوازێکی نوێی کارکردنی هاوتا لەگەڵ کارنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستپێکرد کە کاری لەپێشینەی بریتی بوو لە چاکسازی کردن و بەدامەزراوەییکردنی فەرمانگە. سەرەتای چاکسازییەکەش لەناوخۆی فەرمانگەوە دەستی پێکرد هەر لە هێنانی ستافی شارەزا و لێهاتوو، ڕێکخستنەوەی ڕێکارەکان، دروستکردنی داتابەیس، چارەسەرکردنی کێشەکان، دابینکردنی پێداویستییەکان تاوەکو نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی فەرمانگە. لەم ڕووەشەوە سەرۆکایەتی دیوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتێکی بەهێزی فەرمانگە بووە و فەرمانگە ئەم پاڵپشتیە بەرز دەنرخێنێت.

وەکو بەشێک لە ئەرکی هەر دامەزراوەیەک، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ ساڵی دووەم لەسەر یەک ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی ئامادەکردووە دوای ئەوەی لە ساڵی (٢٠٢١) فەرمانگە کار و چالاکییەکانی خۆی لە دووتوێی ڕاپۆرتێکی (١٣٠) لاپەڕەیی خستەڕوو، بە هەمان شێوەش کار و چالاکییەکانی بۆ ساڵی (٢٠٢٢)ش دەخاتەبەردەست.

ئەم ڕاپۆرتە چەندین تەوەری گرنگ لەخۆی دەگرێت، وەکو کار و چالاکییەکانی سەرۆکی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکان، پرۆژە و کەمپینەکان، بڕیارەکان، پەرەپێدانی تواناکانی فەرمانبەران و ڕێکخراوەکان، پلانی ستراتیژی فەرمانگە، وەڵامی ڕاپۆرتەکانی لێژنەی وەرزش و لاوان و کۆمەڵگەی مەدەنی پەرلەمانی کوردستان و دیوانی چاودێری دارایی.

# ووتەی سەرۆکی فەرمانگە



لە ساڵی دووەمی دوای دەستبەکاربوونی سەرۆک و ستافی نوێ و لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەردەوام بوو لە کارکردن لەسەر ئەو تەوەرانەی کە لە ساڵی یەکەم کاری لەسەرکردبوون، کە لە گرنگترینیان چاکسازیکردن لە فەرمانگە، سەرپەرشتیکردنی ڕێکخراوەکان و پەرەپێدانی تواناکانیان بوو. لە ساڵی ٢٠٢٢، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەڕێگەی دارشتنی پلانێکی ستراتیژی بۆ ماوەی سێ ساڵ پێشینەکانی کارکردنی ڕێکخستەوە کە خۆی لە پێنج پێشینەی سەرەکی دەبینێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

- بەدامەزراوەیی کردنی فەرمانگە.
- بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان.
- بەهێزکردنی پەیوەندی لەنێوان ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکانی حکومەت.
- گەیشتن بە بەخشەرەکان.
- پاڵپشتیکردنی ڕێکخراوەکان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی کاری ڕێکخراوەیی، ئەویش لە ڕێگەی جەختکردنەوە لەسەر سێکتەرە گرنگەکانی وەکو پەروەردە، تەندروستی، پەرەپێدانی تواناکان و هۆشیارکردنەوە. سەبارەت بە هۆشیارکردنەوە فەرمانگە چەند پرسێکی لە پێشینەی کارەکانی داناوە، ئەوانیش: بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی و توندڕەوی، ژینگە، هاتووچۆ، هەستی نەتەوایەتی.

وەکو درێژەپێدەری چالاکییەکانیشمان، لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٢ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان پرۆژەی (سۆران، لانکەی شۆرش) و کەمپینی (قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی هەولێر)ی جێبەجێکرد، ئەم پرۆژانە بەشێکن لە میکانیزمی کارکردنی فەرمانگە بۆ جێبەجێکردنی پلانی ستراتیژی فەرمانگە. ئامانجەکانی پرۆژە و کەمپینەکان بریتین لە: ئاشناکردنی ڕێکخراوەکان بە پێداویستییەکانی ناوچە دوورەدەستەکان و پڕکردنەوەیان لەڕێگەی خزمەتگوزاری ڕێکخراوەکان وە هەروەها دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراوەکان لەنێوان خۆیان لە لایەک و دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراوەکان و دام و دەزگا حکومییەکان لە لایەکی تر، ئەوە جگە لە ڕەخساندنی بوار بۆ پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان.

لە گرنگترین دەستکەوتەکانی فەرمانگە لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٢ بریتی بوو لە چارەسەرکردنی چەندین کێشە کە ڕێگربوون لەبەردەم کاری ڕێکخراوەکان، لە گرنگترینی ئەو کێشانەش کێشەی باجی ڕێکخراوەکان بوو. دەستکەوتێکی تری فەرمانگە بریتی لەم ساڵەدا دەستکردن بوو بە کارکردن لەسەر دروستکردنی سیستەمێک بۆ بە دیجیتالکردنی کاروباری فەرمانگە، کە بەشێکی کارەکانی تەواو بووە و لە ساڵی داهاتوو دەچێتە بواری بەکارهێنان. ئەم سیستەمە کارئاسانی دەکات بۆ فەرمانگە و ڕێکخراوەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین، جگە لەوەش لە ڕێگەی ئەم سیستەمەوە فەرمانگە دەتوانێت ڕێکخراوەکان لەسەر چەندین بنەما پۆلێن بکات.

لەکۆتاییدا بەشیاوی دەزانین ئاماژە بە ڕۆڵی هەموو ئەو دامەزراوە حکومییانە و ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانە بکەین کە هاوکار و هەماهەنگکاربوون لەگەڵ فەرمانگەکەمان و هەوڵەکانیان بەرز دەنرخێنین.




## ناساندنی فەرمانگە

فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان، یەکێکە لە فەرمانگەکانی گرێدراو بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەم فەرمانگەیە ئەرکی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی تایبەت بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانە، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانە وە دەرچووە. فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان هەڵدەستێت بەرێکخستنی کاروباری رێکخراوە ناحکومییە کوردستانی و عێراق و نێودەوڵەتیەکان، کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، لە ڕووی پرۆسەی تۆمارکردن و بەدواداچوون کردن بۆ ئەو کارو چالاکی و پڕۆژانەی پێشکەشی دەکەن، هەروەها کاردەکات لە سەر بەرزکردنەوەی ئاست و توانای رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان. فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، تەنها لایەنی ڕێپێدراوە بۆ سە رپە رشتی تۆماری ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێم و دەبێتە ڕایەڵەی نێوان حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییە کان و ڕاستەوخۆ دەبەسترێتەوە بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

لەژێر رۆشنایی ماددەی ٢٧ لەیاسایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی تایبەت بەڕێکخراوە ناحکومییەکان، لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەکۆبوونەوەی ئاسایی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١١) لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٨/١ بە پەیڕەوی ژمارە (٤) دامەزراوە، ئەرکی جێبەجێکردنی یاسایی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی تایبەت بەڕێکخراوە ناحکومییەکان و لەچوارچێوەی پەیڕەوی ژمارە ( ٤) دا پێکهاتە و ئەرك و بەر پرسیارێتی و دەسەڵاتەکانی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان دیاری کراوە.

# دەستەی بەڕێوەبردنی فەرمانگە



بارزان ئەکرەم مەنتک - سەرۆکی فەرمانگە



ئاکۆ حمدأمین حسین
بەڕێوەبەری یاسایی



کۆچەر نجدت ناجی
بەریوەبەری کارگێری



برکات حامد حسین
بەڕێوەبەری تۆمار




خدیجە عمر خلیل
بەڕێوەبەری دارایی



بارزان صابر خالد
بەڕێوەبەری زانیارییەکان



علی عبدالله احمد
بەڕێوەبەری بەدواداچوون

# چالاککردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون

پێناسە :بەرێوبەرایەتی بەدواداچوون یەکێکە لە گرنگترین بەرێوبەرایەتیەکانی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان کە تیایدا بەدواداچوون دەکان بۆ کاروباری رێکخراوە تۆمارکراوەکان لە رووی هونەری و کارگێری و دارایی و لەهەندێک کاتدا بە دواداچوونی یاسایش لەکاتی هەبوونی هەر کێشەو گرفتێک بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوبەرایەتی یاسایی لە سکاڵا و گرفتەکان لە پێناو چارەسەرکردنیاندا دەکات لە بەشێکی تری کارەکانی ئەم بەرێوەبەرایەتییە دەبێتە رایەلەیەک نێوان رێکخراوەکان بە نوێنەرایەتی فەرمانگە و رێکخراوەکان بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی ستراتیجی هاوبەش، دانانی پلانی کاری ساڵانە، سەرپەرشتی کردنی چالاکیەکانی رێکخراوەکان، وچاودێری وهەڵسەنگاندی کارەکانیان لە رێگای سەردانی کردنی رێکخراوەکان لە شارو شارۆچکەکان و هەروەهاهەلسەنگاندنی دامەزراوەیی لە رێگای چەند فۆرمێکی جیاواز کە تێیدا رێکخراوە چالاکەکان و ناچالاکەکان جیا دەکرێنەوە بۆ فەرمانگە تاوەکو پۆلێنی رێکخراوەکان بکات بە شێوازێکی رێکخراو لەرێگای ئەمەوە دەکرێت داتابەیسێکی رێک و پێک دروست بکرێت.

ئەم بەرێوبەرایەتیە لەگەڵ دەستبەکاربوونی سەرۆکی فەرمانگەی تازە بەرێز ( بارزان ئەکرەم مەنتک) لەم ساڵی ٢٠٢١دا بەتوانا سنووردارەکەی لە ڕووی لۆجیستی و ستاف توانی کۆمەڵە چالاکییەکی زۆر و گرنگ و هەنگاوی باش بنێت بۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان و هاونیشتمانیان لەو پرۆژانەی کە ئەم بەرێوبەرایەتیە پێی هەڵساوە.

به دواداچوون بۆ هەڵسەنگاندنی (ڕێکخراوەیی و کارو چالاکییەکان)ی ڕێکخراوەکان:

١- هەڵسەنگاندنی ڕێکخراوەکان بە شێوەی هەرەمەکی (ڕاندۆم) لە سەر دوو ئاستدا:-
- لە سەر ئاستی پارێزگاکان.
- لە سەر بنەمای پسپۆری (سێکتەر).

٢-ئامادەبوونی بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون لە کارو چالاکییەکانی ڕێکخراوەکان لە سەر دوو ئاستدا:-
- بە نوێنەرایەتی بەرێز سەرۆکی فەرمانگە.
- لە سەر ڕا و پێشنیاری خودی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و بەرێوەبەرایەتییەکانی دیکەدا.

٣- بەدواداچوون بۆ ڕاپۆرتی دارایی و ووردبینی کردنی:
- دۆسیی ڕێکخراوەکان، بە هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی یاسایی.
- ڕاپۆرتی دارایی، بە هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتی یاسایی.
- کاروچالاکی ڕێکخراوەکان، بە هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دارایی و بەڕێوەبەرایەتی یاسایی.

٤- ئەندامبوونی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون لە هەموو بۆردەکانی سەرپەرشتیکردنی فەرمانگە سەبارەت بە ڕێکخراوەکان.

٥- هەڵسەنگاندن بۆ کۆی گشتی ئەدا و کاری فەرمانبەران بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکان بە مەبەستی تواناسازی و پەرەپێدانی زیاتری سەرچاوە مرۆییەکان.

# چالاککردنەوەی بەشی پڕۆژەکان

بەشی پڕۆژەکان کە بەشێکی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی داراییە، لە دوای دەست بەکاربوونی ستافی نوێی فەرمانگە چالاککراوەتەوە.

ئەرک و بەرپرسیاریەتی بەشی پرۆژەکان بریتیە لە:

١- کۆبونەوە لەگەڵ ریکخراوەکان بە مەبەستی ئاگاداربوون لە چالاکی و پرۆژەکانیان و گەیاندنی داواکارییەکانی کەرتی گشتی بە ڕێکخراوەکان.
٢- هەماهەگی کردن بۆ ریکخراوە کوردستانییەکان وە پێشکەشکردنی داواکاریەکانیان بە رێکخراوە بیانییەکان .
٣- وەرگرتنی داواکاری دام و دەزگاکان و پارێزگا و ئیدارە سەربە خۆکان ، وە پێشکەشکردنی بە رێکخراوەکان بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان .
٤- هاوکاریکردنی ئەو خێزانانەی کە سەردانی فەرمانگە دەکەن بۆ ئەوەی لە ریگای ریکخراوەکان هاوکاری بکرێن .
٥- بەژداریکردن و ڕێکخستنی ئەو کەمپاینانەی کە لە فەرمانگە ئەنجامیان دەدات.
٦- بەژداریکردن لە پرۆژەی رێکخراوەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.
٧- بەسەرکردنەوەی رێکخراوەکان لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگە .
٨- ئەندامیەتی لە لێژنەی بەدواداچوون .

# چالاكییەكانی سەرۆكی فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەكان

## چالاكییەكانی سەرۆكی فەرمانگە

### ١- كۆبوونەوە لەگەڵ ڕێكخراوەكانی سێكتەری خانمان







ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی ٢٠٢٢/٣/٢ فەرمانگەی ڕێكخراوە ناحكومییەكان كۆبوونەیەكی ئەنجامدا لەگەڵ بەشێك لە ڕێكخراوەكانی سێكتەری خانمان و منداڵان بە ئامادەبوونی بارزان ئەكرەم مەنتك سەرۆكی فەرمانگە و دكتۆرە خانزاد سكرتێری ئەنجوومەنی باڵای خانمان و ژمارەیەك لە سەرۆك و نوێنەری ڕێكخراوەكانی سێكتەری خانمان و منداڵان.

لە كۆبوونەوەكە سەرەتا سەرۆكی فەرمانگە تیشكی خستە سەر ئەو كارانەی كە فەرمانگە ئەنجامی داوە لەسەر بنەمای پێشنیارەكانی ڕێكخراوەكان لە كۆبونەوەی یەكەم. وە شێوازی كاركردنی فەرمانگە و دابینكردنی پرۆژە بۆ ڕێكخراوەكان و گرنگی پابەندبوونی ڕێكخراوەكان بە برگە یاساییەكان و ڕۆڵ و گرنگی ڕێكخراوەكانی سێكتەری خانمان و منداڵانی ڕوونكردەوە.

دوای ئەوەش دكتۆرە خانزاد ئەرك و بەرپرسیاریەتی و ڕۆڵی ئەنجوومەنی باڵای خانمانی بۆ ئامادەبووان ڕوونكردەوە، لەگەڵ ئاماژە كردن بە شێوازی كاركردنی ئەنجوومەن و ئەو ئاستەنگ و ئالنگارییانەی كە دێنە بەردەمیان و هەوڵەكانیان بۆ چارەسەركردنیان.

لە كۆتاییشدا بوار درا بە ئامادەبووان بۆ پێشكەشكردنی ڕا و سەرنج و ئاراستەكردنی پرسیارەكانیان و دواتریش لە لایەن سەرۆكی فەرمانگە و سكرتێری ئەمجووەمەنی باڵای خانمان وەڵامیان درایەوە.

٢- بەرز ڕاگرتنی یادی کیمیابارانی هەڵبجەی شەهید







٣- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٣٠ سەرۆکی فەرمانگە بەشداریکرد لە مەراسیمێک کە لە لایەن ئاژانسی دبلۆماسی فەرەنسی ئێکسپەرتیس و ڕێکخراوی NCCIی سویسری ئامادەکرابوو ئەویش لە بارەی تەواوبوونی پرۆژەی مەشق و ڕاهینان کردن بۆ چەند ڕێکخراوێکی لۆکالی لە هەردوو پارێزگای هەولیر و نەینەوا.



٤- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٣١ سەرۆکی فەرمانگە بەشداریکرد لە وۆرکشۆپێکی UNDP سەبارەت بە پرۆژەی ناوبژیوانی و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە عیراق کە لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، چەندین ڕێکخراوی عێراقی لۆکالی لە وۆرکشۆپەکە بەشداربوون.





٥- سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٥، پێشکەش کردنی سیمینارێک بۆ ژمارەیەک ئەفسەری پلە باڵا لە فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی لە فێرگەی ئەفسەران دەربارەی ڕۆلی ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی لە پێشکەوتن و بەرەو پێشبردنی کۆمەلگە لە هەرێمی کوردستان.





٦- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٢١، سەردانیکردنی نەخۆشخانەی نانەکەلی لە شاری هەولێر بە مەبەستی بەشداریکردن لە ڕێورەسمی دابەشکردنی هاوکاری ماددی بە سەر زیاتر لە (١٠٠) توشبوی نەخۆشی شێرپەنجە کە لە لایەن ڕێکخراوی مرۆفدۆستان بۆ هاوکاری مرۆیی ڕێکخرابوو






٧- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٣٠ـ بەشداریکردن لە مەراسیمی دابەشکردنی هاوکاری ماددی و سەبەتەی خۆراک بە سەر زیاتر لە (١٠٠) توشبووی تالاسیما بە هەماهەنگی لەگەل ڕێکخراوی مرۆڤدۆستان بۆ هاوکاری مرۆیی و ئەنجومەنی باڵای تالاسیمای کوردستان





٨- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٢٨  بەشداری کردن لە چالاکیەکی ڕێکخراوی human appeal و bring hope کە بە هەماهەنگی لەگەل فەرمانگە و چەند ڕیکخراوێکی لۆکالی ئەنجامدار. چالاکیەکە بریتی بوو لە دابەش کردنی پارە و جلوبەرگ و کەلوپەل بە سەر زیاتر لە سەدان خانەوادەی کەمدەرامەتی پارێزگای هەولێر.





٩- ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/١٨، کۆبوونەوە لەگەڵ بەشێک لە ڕێکخراوەکانی سێکتەری ژینگە، لە کۆبوونەوەکە دکتۆر بێوار خنسی ڕاوێژکاری بەڕێز سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری ژینگە ئامادەبوو. ئامانج لە کۆبوونەوەکە ئاشناکردنی ڕێکخراوەکان بوو بە شێوازی کارکردنی فەرمانگە و دروستکردنی هەماهەنگی زیاتر لەنێوان فەرمانگە و ڕێکخراوەکان لە لایەک، ڕێکخراوەکان و لایەنە حکومییەکان و خودی ڕێکخراوەکانیش خۆیان.





١٠- بەشداریکردن پانلێکی هەردوو ڕێکخراوی NCCI و Save The Children کە تایبەت بوو بە خۆجێیکردنی کاری ڕێکخراوەیی. لە پانێلەکە ژمارەیەک ڕێکخراوی کوردستانی و عیراقی و نێودەوڵەتی وەهەروەها نوێنەری چەند بەخشەرێک ئامادەبوون، تیادا سەرۆکی فەرمانگە و بەڕێوەبەری زانیارییەکان جەختیان کردەوە لە گرنگی سوودوەرگرتن لە توانای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی بەشێک لە چالاکییەکانیان لەڕێگەی ڕێکخراوە ناوەخۆییەکانەوە. وەهەروەها جەخت کرایەوە لەسەر ڕۆڵ و گرنگی فەرمانگە لەم پرۆسەیە





١١- ڕێکەوتی ٢٦ /٥ /٢٠٢٢، سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان بەشداری کرد لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی نێوان رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ناوەخۆییە تۆمارکراوەکان لە حکومەتی فیدراڵ کە لەلایەن رێکخراوی NCCIی سویسری رێکخرابوو.





١٢- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٣١، سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و شاندێکی فەرمانگە بەشدارییان کرد لەکۆبوونەوەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕێکخراوی کوردستانی و نێودەوڵەتی کە بە هەماهەنگی لەگەڵ NCCI ڕیکخرابوو.





١٣- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٩، بەشداریکردن لە دارشتنی پلانی ستراتیژی فەرمانگە کە بەهەماهەنگی لەگەڵ پڕۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان جێبەجێکرا.







١٤- ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٦/٢٣، سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان بە یاوەری شاندێکی فەرمانگە لەسەر داوای UNAMI سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانیان کرد و لە لایەن بەرپرسی مافی مرۆڤ لە UNAMI پێشوازیان لێکرا. لە کۆبوونەوەکە چەند تەوەرێکی گرنگ تاوتوێکران لەوانەش چۆنیەتی بە دامەزراوەیی کردنی فەرمانگە، چۆنیەتی تۆمارکردنی ڕێکخراو لە فەرمانگە، نوێکردنەوەی بڕیاری کارگێڕی و ڕەویشی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان.



١٥- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٥ بەشداریکردن لە پانێلێکی ڕێکخراوی دیداری ڕۆژی وەرزشی کوردستان کە بۆ چەند وەرزشوان و یاریزانێکی کوردستان ڕێکخرابوو، سەرۆکی فەرمانگە وتارێکدا و باسی لە ڕۆلی وەرزش کرد و پالپشتی خۆی بۆ ڕێکخراوەکە دەربڕی.



١٦- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٦ سەرۆکی فەرمانگە و شاندێکی یاوەری لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بەشداریان کرد لە چالاکی ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە (WOEP). لە پانێلێکدا کە لە لایەن ڕێکخراوەکە ڕێکخرابوو سەرۆکی فەرمانگە بە کورتی باسی لە کاروچالاکیەکانی فەرمانگە کرد لەماوەی دەستبەکاربوونی وەکو سەرۆکی فەرمانگە و ئەو ڕەهەندانەی کە کاریان لەسەر کراوە و کاریان لەسەر دەکرێت.







١٧- لە ڕێکەوتی ٢٦/٦/٢٠٢٢ سەرۆکی فەرمانگە سەردانی کۆنگرەی ڕێکخراوی UPPی ئیتالیان کرد دەربارەی دژایەتی کردنی توند و تیژی، تیرۆر، گەندەلی، ماددە هۆشبەرەکان و گرنگیدان بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان.



١٨- رۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٣، سەرۆکی فەرمانگە و ستافێکی فەرمانگە لەگەڵ سەرۆکی ئیدارەی سۆران و قائمقامەکان و نوێنەری زانکۆی سۆران و بەڕێوەبەرە گشتیەکان کۆبوونەوە بە مەبەستی ناساندنی پرۆەی (سۆران، قەڵای بەگری و دروستکردنی هەماهەنگی.

دوای ئەو کۆبوونەوەیەش سەرۆکی فەرمانگە بەشداری کرد لە پانێلی ناساندنی پرۆژەکە و ووتەیەکی پێشکەش کرد. لە کۆتاییشدا و لە گفتۆگۆیەکی کراوەدا وەڵام سەرنج و پرسیارەکانی ئامادەبووانی دایەوە.



هەر لەهەمان رۆژ، سەرۆکی فەرمانگە لەگەڵ سەرۆک و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کۆبوویەوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە گۆێبیستی کێشە و گیروگرفت و داواکارییەکانیان بێت. بۆ ئەم مەبەستەش بەشێکی کار و چالاکی پرۆژەکە تەرخان کراوە بۆ ڕێکخراوەکانی سنووری ئیدارەکە بۆ بەهێزتر کردنی تواناکانیان.







١٩- له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٧ سەرۆکی فەرمانگە بەشداریکرد لە چالاکی دەزگای حباء بۆ گەشەپێدانی بەردەوام کە بریتی بوو لە دابەش کردنی بڕیک پارە بەسەر ٣٢٤ بێ نازی عێراقی لە شاری هەولێر.

٢٠- ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢١ سەرۆکی فەرمانگە سەردانی شاری هەڵەبجەی کرد بەمەبەستی بەسەر کردنەوەی چەند پرۆژەیەک لە لە کار و چالاکییەکانی پرۆژەی (لە هەڵەبجەوە دەست پێدەکەین). پرۆژەکان بریتی بوون لە نۆژەنکردنەوەی سەرتاسەری قوتابخانەی (سەلاحەددین) و (ڕەزی) کە لە لایەن ڕێکخراوی (ASB)ی ئەڵمانییەوە ئەنجامدرا.








هەر لە هەمان ڕۆژدا، سەرۆکی فەرمانگە سەردانی زانکۆی هەڵەبجەی کرد بە بۆنەی دابینکردنی پێداویستییە پزیشکییەکانی زانکۆکە کە لەلایەن ڕێکخراوی (Cappni)ی ئیتاڵیەوە دابینکرا.






٢١- پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٢ سەرۆکی فەرمانگە سەردانی بەشێک لە ڕێکخراوەکانی پارێزگای سلێمانی کرد. سەرۆکی فەرمانگە دەستخۆشی لەو ڕێکخراوانە کرد کە بە شێوەیەکی پرۆفێشنەڵانە هەنگاو بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکان دەنێن و ڕێنماییش درا بەو ڕێکخراوانەی کە پێویستیان بە چاکسازی هەیە لە شێوازی کارکردنیان، جگە لەوەش ووردبینی کرا لە پابەندییە یاساییەکانی ڕێکخراوەکان و جەخت کرایەوە لەسەر جێبەجێکردنی برگە یاساییەکانی ڕێکخراوەکان. هەر لەسەردانەکانیدا، سەرۆکی فەرمانگە گوێیگرت لە ڕاو سەرنج و تێبینی و کێشە و گرفتەکانی ڕێکخراوەکان بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆیان.

٢٢- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٤، بەشداریکردن لە پرۆژەی ناوبژیوانی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی دەستپاکی و پرۆژەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان UNDP جێبەجێدەکرێت.





٢٢- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/١١، بەشداریانکردن لە مەراسیمی کردنەوەی ڕێکخراوی detox now. ڕێکخراوەکە بە نیازە لە داهاتوودا سەنتەرێک بۆ چارەسەرکردنی کەسانی تووشبوو بە مادەی هۆشبەر بکەنەوە.






٢٣- بەشداریکردن لە کۆربەندی هەراسانکردن و گێچەڵی سێکسی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە کە لەلایەن ڕێکخراوی ئێکۆ بۆ پەروەردە و تەندروستی کۆمەڵ بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی IBB ئەمریکی ڕێکخرابوو.






٢٤- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٣٠، سەرۆکی فەرمانگەی ڕیکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ (ئەشرەف الدهان) سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە حکومەتی فیدڕالی لە بەغدا کۆبوویەوە.
لە کۆبوونەوەکە تیشک خرایە سەر هەماهەنگی و بەهێزترکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو فەرمانگە لەپێناو ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ کاری ڕێکخراوەیی.
لە ماوەی ڕابردوودا فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێم بەردوام بووە لە پەیوەندی لەگەڵ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە حکومەتی فیدڕالی بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو ئاستەنگ و کۆسپ و تەگەرانەی کە ڕوو بەڕووی ڕێکخراوەکان دەبنەوە و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆیان.





٢٥- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٣، سەرۆکی فەرمانگە بەشداری کرد لە چالاکییەکی دەنگی ئافرەتانی بێ بێسنوور کە لە لایەن ڕێکخراوی aid humanitaire journaliste ی فەرەنسی ڕێکخرابوو بە ئامادەبوونی هەریەکە لە کونسولی گشتی فەرەنسا، ئەلمانیا، نوێنەری UNHCR و بە ئامادەبوونی بالیۆزی گشتی فەرەنسا لە بەغدا بە شێوەی ئۆنلاین و ئامادەبوونی نوێنەری چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و چەندین ئافرەت لە سەرجەم نەتەوەکان لە زۆربەی پارێزگاکانی عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی. سەرۆکی فەرمانگە بە کورتی باسی لە فەرمانگە و ستراتیژی فەرمانگە بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کرد لە هەرێمی کوردستان و داوای لە هەریەک لە ولاتانی بەخشەر و نوێنەری UNHCR کرد کە لە ڕێگەی فەرمانگەوە پاڵپشتی دارایی ڕێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوامی بە کاری ڕێکخراوەیی بدەن لە هەرێمی کوردستان.






٢٦- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٣، سەرۆکی فەرمانگە و شاندێکی یاوەری بەشدارییان کرد لە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی UPP و مەسەلە وە بەئامادەبوونی نوێنەری یەکێتی ئەوروپا و نوێنەری چەند ڕێکخراوێک لەسەر ئاستی هەرێم بەمەبەستی پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. سەرۆکی فەرمانگە تیشکی خستە سەر پلانەکانی فەرمانگە بۆ پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان و ئەوەشی ڕاگەیاند کە بەخشەرەکان بۆ دەبێت بگەڕێنەوە بۆ فەرمانگە لەکاتی پێدانی پرۆژە بە ڕێکخراوەکان سەبارەت بە ڕاددەی پابەندی ڕێکخراوەکان بە برگە یاساییەکان. وە سەرۆکی فەرمانگە ئاماژەی بەوەکرد لە یەکێک لە پێشینەکانی کاری فەرمانگە بەپێی پلانی ستراتیژی فەرمانگە بۆ ماوەی ٣ ساڵی داهاتوو بریتی یە لە پەرەپێدان بە توانای ڕێکخراوەکان و دۆزینەوەی بەخشەر بۆیان، بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانگە ئاسانکاری بۆ هەموو ئەو پرۆژانە دەکات کە یارمەتیدەر دەبن بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە.





٢٧- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٧، سەردانیکردنی نوسینگەی ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکانیان و کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز دیندار زێباری و بەرپرسی مەلەفی ڕێکخراوەکان لە نوسنگەکەیان. دوای باسکردنێکی کورت لە سەر فەرمانگە و کاری ڕێکخراوەیی لە لایەن سەرۆکی فەرمانگە، هەردوو لا جەختیان لە گرنگی هەمانگی نێوان فەرمانگە و نوسینگە کردووە.

٢٨- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٨، سەردانیکردنی وەزارەتی پلان دانانیان و کۆبوونەوە لەگەڵ سێ بەڕێوەبەری گشتی ئەو وەزارەتە کە بریتی بوون لە (دکتۆرە کەنار فاضل، هەڵمەت عبدالرزاق و ئەیوب گەردی). لە کۆبوونەوەکە تیشکخرا سەر شێوازی هەماهەنگی نێوان هەردوولا لەپێناو باشترین سوودوەرگرتن لەتواناکانی ئاژانس و بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ هاوکاریکردنی ڕێکخراوە کوردستانییەکان.





٢٩- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/١٤، سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەگەڵ تەواوی ستافی فەرمانگە کۆبوویەوە.
لەسەرەتای کۆبونەوەکە سەرۆکی فەرمانگە دەستخۆشی لە هەموو ستافەکەی کرد کە لەماوەی ڕابردوو بە بەردەوامی و وەکو یەک تیم کارەکان ئەنجامدراون و پێزانینی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بۆ ئەم بابەتە پێ ڕاگەیاندن.
هەر لە کۆبوونەوەکە سەرۆکی فەرمانگە جەختی لەسەر چەند خاڵێک کردەوە، لەوانە: پاراستنی تەبایی و یەکڕیزی، دلسۆزی و لەخۆبوردەیی لە کارکردن، پابەند بوون بە یاسا و ڕێنماییەکان و بڕیارەکان، گرنگی هەماهەنگی لەنێوان بەڕێوەبەرایەتییەکان، تەواوکردنی سیستەمی داتابەیسی فەرمانگە.
لە کۆتاییشدا سەرۆکی فەرمانگە بواری دا بە ستافەکەی بۆ خستنەڕووی پرسیار و سەرنج و تێبینییەکانی ستافی فەرمانگە.





٣٠- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٣، پێشکەشکردنی بابەتێک وەکو بەشێک لە سیمیناری پەرەپێدانی تواناکان کە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ فەرمانبەرانی ئەنجامیدا.



٣١- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٢ بەشداریکردن لە سیمینارێک لە ژێر ناونیشانی (ئادابی هاتوچۆی لێخورینی ئۆتۆمبیل) کە لە لایەن ئینستیتۆتی ژیار بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ڕێکخرابوو. لە سیمینارەکە سەرۆکی فەرمانگە وتارێکی پێشکەش کرد سەبارەت بە مەترسی و ڕووداوەکانی لێخورینی ئۆتۆمبیل و ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە وشیار کردنەوەی کۆمەڵگە لەو مەترسیانە.



٣٢- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٩، بەشداریکرن لە چالاکییەکی دیکەی سەنتەری خزمەتگوزاری کۆمەڵگەی مەدەنی دەربارەی چۆنیەتی کۆکەدنەوەی بەخشین. چالاکییەکە شێک بوو لە چوار چێوەی کار و چالاکیەکانی پرۆگرامی (TATWEER) کە لە لایەن ڕێکخراوی (UPP)ی ئیتالی و ڕێکخراوی مەسەلە بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان بەهاوبەشی و بە پاڵپشتی یەکێتی ئەوروپا جێبەجێدەکرێت.

٣٣- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٩، بەشداریکردن لە (کۆنفرانسی ڕاگەیاندنی توێژینەوەی بەشداریکردنی ئافرەت و گەنجان لە ناوەندەکانی بڕیارسازی هەرێمی کوردستان، سەندیکا و یەکێتییەکان وەک نموونە - خوێندنەوەیەکی شیکاری) کە ڕێکخراوی لێکۆلەر بۆ سەروەری یاسا ئەنجامیدا.

لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١:

٣٤- سەرۆکی فەرمانگە و شاندی یاوەری بەشداریان کرد لە چالاکی ڕێکخراوی نازیا بۆ کاری مرۆیی کە بریتی بوو لە دابەشکردنی مووچە و نەوت بە سەر کەسانی کەمدەرامەت لە شاری هەولێر.



٣٥- بەشداریکردنی سەرۆکی فەرمانگە و شاندی یاوەری لە چالاکی هەڵمەتی ١٦ ڕۆژەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان کە لە لایەن ڕێکخراوی مەسەلە بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان ڕێکخرابوو.



٣٦- بەشداریکردن لە پیشانگای فۆتۆگرافی (بۆ هەموو ژنێک) کە دەزگای سیید و ئاژانسی مێترۆگرافی سازیانکردبوو دەربارەی ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بەهێز کە گەشە و یەکسانی لەخۆ بگرێت



٣٧- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١٣ کۆبوونەوە لەگەڵ کونسولی گشتی هۆڵەندا. لە کۆبوونەوەکە سەرۆکی فەرمانگە بە کورتی باسی لە گرنگترین کارەکانی فەرمانگە کرد لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، لەوانە پاڵپشتی کردنی ڕێکخراوەکان و زەمینەسازیکردن بۆ کاری ڕێکخراوەکان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، پەرەپێدانی توانای فەرمانبەران و ڕێکخراوەکان، چارەسەر کردنی کێشەی باجی ڕێکخراوەکان و دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان.



٣٨- ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/١٨، بەشداریکردن لە مەراسیمی بەرز ڕاگرتنی ڕۆژی ئاڵای کوردستان. لە مەراسیمەکەدا سەرۆکی فەرمانگە ووتەیەکی پێشکەشکرد و باسی لە مێژووی دەستنیشان کردنی ڕۆژی ئاڵا کرد و ئاماژەی بەوەکرد کە پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی 17ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا دیاریکردووە. وە ئاماژەی بەوەکرد کە مێژووی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێورەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە گۆڕەپانی چوارچرا لە شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەر لە نزیکەی ٧٥ ساڵ. وەهەروەها جەختی لەسەر گرنگی شکۆی ئاڵا کردەوە و ئەوەی خستەڕوو کە بۆ شەکانەوەی ئەو ئاڵایە کوردستان بە هەزارەها شەهید و قوربانی داوە لە ڕابردوودا.








٣٩- ٢٠٢٢/١٢/١٩  بەشداریکردن لە چالاکییەکی ڕێکخراوی (هاریکار) کە تایبەت بوو بە گەشەپێدان و باشترکردنی خزمەتگوزاری بۆ منداڵ.





## مانگی کانوونی دووەم



ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی


ڕێکخراوی سەهەڵدانی ئافرەت


قوتابی دکتۆرا بەمەبەستی وەرگرتنی
زانیاری بۆ توێژینەوە


ئەکادیمیای سەلامەتی کوردستان بۆ ڕاهێنان و پێگەیاندن


ڕێکخراوی هەیبەتی پێشمەرگە


Neighbours to Nations


پزیشکانی بێسنووری هۆڵەندی




ڕێکخراوی DRC




د. نەهلە قادر، ئەندام پەرلەمانی عێراق




پزیشکانی بێسنووری بەلجیکی



دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ



ڕێکخراوی Bluemontی ئەمریکی




ڕێکخراوی STLI




مؤسسة العين للرعاية الاجتماعية



رێکخراوی Promediation



رێکخراوی Freedom Shield




ڕاوێژکاری ئابووری پەرلەمانی کوردستان



نوێنەری پارتی سۆشیال دیموکراتی فینلەندا



نوێنەرانی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون



نوێنەرانی سەرۆکایەتی هەرێم



ڕێکخراوی بەرەو ژیانێکی نوێ



THE LUTHERAN WORLD FEDERATION)



نووسینگەی جێگری سەرۆکی حکومەت




ڕێکخراوی کوردستان بۆ چاودێری مافەکانی مرۆڤ




ڕێکخراوی  المحطة





ڕێکخراوی مرۆڤدۆستان


دەزگای خێرخوازی بارزانی


ڕێکخراوی سەرووەری هەڵەبجە


قونسولی کوێت و فەلەستین


UNDP



ڕێکخراوی احسان دۆغرامەچی



Dutch Training Business Relations Consultancy



ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی


ڕێکخراوی مەسەلە


## مانگی نیسان



ڕێکخراوی قوربانیانی دەستی تیرۆر


Mission East


ڕێکخراوی MAG


نوێنەری UNHCR


نوێنەری کونسولی کەنەدا


نوێنەری وەزارەتی پلاندانان


ڕێکخراوی NCCI


ڕێکخراوی دیانا بۆ ڕۆشنبیری وەرزشی


ڕێکخراوی پێگەیاندنی ئافرەتات


نوێنەرانی UNAMI


کۆبوونەوەی ڕێکخراوەکانی سێکتەری پەروەردە


کونسولی گشتی یۆنان


نوێنەرانی قونسولخانەی بەریتانیا

# مانگی حوزەیران



ڕێکخراوی  یەزدا



ڕێکخراوی چەلەنگ بۆ دژە گەندەڵی



ڕێکخراوی مافی مەدەنی کوردستان



Malteser International e. V



ڕێکخراوی پەروەردەو ڕۆشنبیری بارزانی



ڕێکخراوی ETTC

# مانگی ئەیلول



International Republican Institute



ڕێکخراوی هەرێمی بۆ هەڵبژاردن و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی



ڕێکخراوی ئاوەدانکردنەوە و پاڵپشتی پرسەکانی گەنج



ڕێکخراوی مافی مەدەنی کوردستان




ڕێکخراوی ئێکۆ بۆ پەروەردە و تەندروستی کۆمەڵ



ڕێکخراوی قوربانیانی دەستی تیرۆر




ڕێکخراوی Elbarlament



ڕێکخراوی ژیار بۆ پەروەردە و گەشەپێدانی مرۆیی

# مانگی ئەیلول



Jesuit Refugee Service




ڕێکخراوی مێدیتەریەن بۆ دیراساتی هەرێمایەتی

# مانگی تشرینی یەکەم




One Vision



ڕێکخراوی مرۆڤدۆستان



دەزگای خێرخوازی بارزانی




ڕێکخراوی Deutsch Welthungerhilfe/WHH



منظمة تبايي للتعايش السلمي



ڕێکخراوی جودال بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت




INSO


# مانگی تشرینی یەکەم



رێکخراوی مەسەلە



رێکخراوی بەختەوەری




Peace Winds Japan




Deutsch Welthungerhilfe/WHH



Aide Humanitaire et Journalisme



Mission East



MAG



رێکخرای خزمەتکاری پیرۆز بۆ نەهێشتنی هەژاری



بەرپرسێکی زێرەڤانی




ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئەفسەرانی کەرکوک.



ڕێکخراوی NCCI



USAID



رووبار بۆ ژینگە پارێزی



neighbors of nations



ڕێکخراوی دابین



Mercy Corpse



Free the Oppressed



Bring Hope



CESVI



NTHK



هەواری شێخانی تاڵەبانی



ئەکادیمیای سەلامەتی کوردستان



چێنەر بۆ ڕێنمایی کشتوکالی



Summer Institute of Linguistics



TDH Italia



بنیاد و گەشەپێدانی نێشتیمان



جمعية الأمل



ڕێکخراوی ڕاوێژەر



Stiching Newroz for Peace



البشائر العراقية

# مانگی کانوونی یەکەم



Summer Institute of Linguistics



ڕێکخراوی هەڵوێست



دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە



Global Leadership International




دەزگای پاڵپشتی کفری



ڕێکخراوی بەخشندە



MSFی بەلجیکی



کۆمەڵەی ژین


رێکخراوی رِوونی


Islamic Relief


INTERSOS


رێکخراوی خوێنەری کارا


رێکخراوی شیاو


رێکخراوی منداڵە ونبووەکان


MSFی هۆڵەندی


رێکخراوی دڵنەوا

پەیامی سەرۆکی فەرمانگە لە دانیشتنەکان بۆ ڕێکخراوەکان:

١. پابەندبوون بە یاسای ژمارەی (١) ساڵی ٢٠١١، پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١ و بڕیارەکانی فەرمانگە.
٢. لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان و بەهاو پێوەرە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان لە پڕۆژە و چالاکییەکان.
٣. ئەنجامدانی پڕۆژەی جۆری لە ئیدارە سەربەخۆکان و ناوچە دوورە دەستەکان.
٤. هەماهەنگی کردن لەگەڵ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان سەبارەت بە پێداویستی ڕێکخراوەکان و دام و دەزگاکانی حکومەت.
٥. جەخت کردنەوە لەسەر پرۆسەی بە لۆکاڵی کردن و هاوبەشی پێکردنی ڕێکخراوە کوردستانییەکان لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە.
٦. کارکردن لەسەر پەپێدانی تواناکانی ڕێکخراوەکان وەکو بەشێک لە پلانی سترتیژی فەرمانگە.

## دووەم: چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکان

### ١- بەڕێوەبەرایەتی کارگێری

| ز | نووسراو | ژمارەی نوسراو |
|---|---|---|
| ١ | بڕیاری کارگێڕی ڕێکخراوی کوردستانی | ٤٢٩ |
| ٢ | بڕیاری کارگێڕی ڕێکخراوی بیانی و عیراقی | ٢٥٧ |
| ٣ | وەرگرتە | ٣٧٢٠ |
| ٤ | دەرکردە | ٢٥٤٦ |






٢. بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردن:

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردن یەکێکە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی فەرمانگە، لەماوەی ساڵی ٢٠٢٢ و دوای دەست بەکاربوونی تیمی نوێی فەرمانگە هەنگاوی جددی ناوە هاوشانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی تر، بە ئاراستەی ڕێکخستنەوەی پرۆسەی تۆمارکردن و درووست کردنی بڕوانامەی تۆمار و دەرکردنی ڕێنمایی و میکانیزمی تۆمارکردنی ڕێکخراوی کوردستانی و عێراقی و بیانی و تۆڕ لە چوارچێوەی یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠١١ و پەیڕەوی ژمارە چواری ٢٠١١ ، وەهەروەها فەرمانگە لەڕێگەی ژمارەیەک ڕێکخراوی ناحکومی هەڵسا بە کردنەوەی خولی شیاندن بۆ بەڕێوەبەر وفەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی توانستی یاسایی وکارگێڕی و هونەرییان، وە خاڵێکی گرنگی تر بەهێزکردنی هەماهەنگی وپەیوەندی نێوان بەڕێوەبەرایەتییەکانی فەرمانگەیە کە بووە هۆی ئەوەی بە شێوەی دەستە جەمعی و یەک تیمی کاروچالاکییەکان ڕابپەڕێنرێت، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەرایەتی تۆمار لەم پرۆسانەی خوارەوە بەشداربووە:-

١. پرۆسەی تۆمارکردنی ڕێکخراوی کوردستانی و عێراقی وبیانی و تۆڕی ڕێکخراو کەبە شێوەیەکی کۆک لەگەڵ حوکمەکانی یاساکە بە باشی مامەڵەی کردووە.
٢. پرۆسەی ناوگۆڕینی ڕێکخراوی کوردستانی و عێراقی وبیانی و تۆڕی ڕێکخراو.
٣. پرۆسەی دەرکردن و پێدانی بڕوانامەی تۆمارکردن بۆ ڕێکخراوی کوردستانی و عێراقی و بیانی و تۆڕی ڕێکخراو.
٤. پرۆسەی وون بوونی بڕوانامەی تۆماری ڕێکخراوی کوردستانی و عێراقی وبیانی و تۆڕی ڕێکخراو.

پێکهاتەی بەڕێوەبەرایەتی تۆمار

هەرچەندە لەپەیڕەوی ژمارە (٤)ی فەرمانگە پەیکەری بەڕێوەبەرایتی تۆمار بەووردی ئاماژەی پێنەکراوە، بەڵام جەخت دەکەینەوە لەسەر گرنگی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە و سروشتی کارکردنی بەشێوەیەک دەخوازێت کە زیاتر لە چەند بەشێکی هەبێت وەک (بەشی ووردبینی تۆمارکردن) و (بەشی بڕوانامەو بەڵگەنامەکان) .
١. ئەم بەڕێوەبەرایتیە بەلانی کەم پێویستی بە (٥) فەرمانبەر هەیە بۆ ئەوەی کارەکانی بەدروستی و تۆکمەیی ئەنجام بدرێت.
٢. ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی تۆمار بەشێوەیەکی بابەتییانە و لەچوار چێوەی یاسا دیاری کراوە و ڕێنمایی بۆ ئەو مەبەستە دەرچووە.
٣. ئەرشیفی ئەلەکترۆنی تایبەت بەزانیاری لەسەر ڕێکخراوەکان هەبێ و ڕۆژانە کەسێک زانیاریەکان تۆمار بکات.
٤. بەشی وردبینی لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمار دەوڵەمەنتر بکرێ تا بتوانێ بەووردی و درووستی کارەکانی لە بواری: (تۆمارکردن، هەڵوەشانەوە، پەیڕەو ،بەڵگەنامە کەسییەکان ،پێداویستییەکانی تۆمارکردن، ناو گۆڕینی ڕێکخراو، ، یەکگرتنەوە ، تۆڕ درووست کردن ).
٥. ئەرک وبەرپرسیارێتی وکاری فەرمانبەرەکان بە نووسراو دیاری بکرێت.

بەڕیوەبەرایەتی تۆمار لەماوەی ئەم ساڵەدا توانیویەتی ئیش وکارەکانی بە شێوەیەکی هاوکۆک لەگەڵ یاسا ڕێک بخاتەوە وەک:

١. ئیدخال کردنی زانیاری داواکاری پێشکەشکراو لە داتابەیسی تایبەت بە ڕێکخراو و زانیاری دەستەی دامەزرێنەر.
٢. بوونی زانیاری و ڕێکارەکان وپێداویستیەکانی تۆمارکردنی ڕێکخراوی کوردستانی وعێراقی وبیانی وتۆڕی ڕێکخراو .
٣. بوونی ئەرشیفی تایبەت بە ڕێکخراوە تۆمارکراوەکان.
٤. بوونی هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی تری فەرمانگە.
٥. هەبوونی ئەرشیفی گشتاندنەکان.
٦. پێدانی زانیاری تایبەت بە تۆمارکردنی ڕێکخراو بەهاوڵاتیان لە ڕێگەی پەیوەندی ونامەی تەلەفۆنی.
٧. بوونی تۆماری ئەستۆگرتنی دۆسیەهاتووەکان.
٨. بەرزکردنەوەو ناردنی ڕاپۆرتی هەفتانەی کاروچالاکی بەڕێوەبەرایەتی تۆمار بۆ بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکان.

چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی تۆمار:
١. لەماوەی ساڵی ٢٠٢٢ بەمەبەستی باشتر بەڕێوەچوونی کاروباری هاوڵاتیان و باشترکردنی لایەنی کارگێڕی و تۆمارکردنی ڕێکخراو، لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان (٦) کوبوونەوە ئەنجام دراوە لەنێوان بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی تۆمار.

٢. لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/٣١، بەڕێوەبەری تۆمار بەشداربوو لەمەراسیمێکدا کە تیایدا فەرمانگە هاوکاری بەسەر ژمارەیەک خانەوادەی زیانلێکەوتووی لافاوەکەی هەولێر دابەشکرد، دوای ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا شاری هەولێر و دەوروبەری دووچاری لافاو بوویەوە و لە ئەنجامدا زیانی گیانی و ماددی زۆر بەر هاوڵاتیان کەوت، ئەمەش دوای ئەوەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کەمپینێکی ڕاگەیاند بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری و کۆمەک بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووان و لە ماوەی پشووی سەری ساڵ لێژنەی تایبەتی کەمپینەکە بەردەوام بوون لە کۆکردنەوەی هاوکارییەکان لە ڕێکخراوە کوردستانی و عیراقی و نێودەوڵەتییەکان، کۆمەک و هاوکارییەکان بە سەر ١٧٤ خێزانی زیانلێکەوتوو دابەشکران.

٣. لە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٣ بەڕێوەبەرو فەرمانبەرانی تۆمار بەشداربوون لە ورک شۆپێک کەلەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەڕێوەچوو دوو ڕۆژی خایاند ، دەربارەی بابەتە یاساییەکانی تایبەت بە فەرمانگە و فەرمانبەرەکانی، وۆرکشۆپەکە وەکو بەشێکە لە بەرنامەی فەرمانگە بۆ پەرەپێدانی توانای فەرمانبەرەکانی لە هەموو ڕووەکانەوە لەپێناو باشترکردنی ئەدای فەرمانگە و پێشکەشکردنی خرمەتی باشتر، شایانی باسە ئەم وۆرکشۆپە سەرەتای زنجیرەیەک وۆرکشۆپە کە هەردوو ڕێکخراوی (Sustainable peace Foundation) و (Free Jurists Association) بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەنجامی دەدەن.

٤. لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١ بەڕێوەبەری تۆمار بەشداریکرد لە دابەشکردنی کۆمەک و هاوکاری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەسەر (٩٥) خانەوادەی زیانلێکەوتوو ، ئەمەش وەکو بەشی دووەمی کەمپینی قەرەبوورکردنەوەی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی هەولێر، کە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دوای لافاوەکەی شاری هەولێر ڕایگەیاندبوو.

٥. له ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١٦، بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی تۆمار و تەواوی کارمەندان و سەردانیکەرانی فەرمانگە بەشداربوون لە مەراسیمی بەرزڕاگرتنی یادی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە بینای فەرمانگە.

٦. لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١٧ بەرێوەبەری تۆمار بە نوێنەرایەتی سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان بەشداریکرد لە چالاکی رێکخراوی ئاوەدانکردنەوە و فێرکردن و تەندروستی کۆمەل (REACH) کە لە شاری هەولێر ئەنجامدرا. چالاکیەکە بریتی بوو لە رەخساندنی هەلی کار بۆ چەند هاولاتیەکی بەهرەمەند کە لە چەند بوارێکی جیاواز چالاکیان هەیە.

٧. لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٣٠، لە هۆڵی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، بەڕێوەبەری تۆمار بەشداریکرد لە دابەشکردنی هاوکاری دارایی بەسەر ٧٥ منداڵی بێ باوک، کە لەلایەن ڕێکخراوی حباء بۆ گەشەپێدان و هاوکاری مرۆیی ئامادەکرابوو. ئەم چالاکییەکە بەشێکە لە پاڵپشتی ڕێکخراوەکە بۆ نزیکەی ٤٠٠ خانەوادەی بێ باوک لە هەرێمی کوردستان، لە مەراسیمەکەدا کونسولی گشتی وڵاتی کوێت و کونسولی گشتی وڵاتی فەڵەستین ئامادە بوون.

٨. لەرێکەوتی ١٣/٤/٢٠٢٢ بەرێوەبەری تۆمار بەشداریکرد لە دیدار و پێشوازی کردنی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان لە بەڕیز هەلمەت شەهید عبدالرزاق، بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی پلان دانان کە بە مەبەستی پیرۆزبایی کردن و ئەنجامدانی هەمەهانگی زیاتری نێوان فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان و وەزارەتەکەیان سەردانی فەرمانگەیان کربوو.

٩. لە ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٥/١٧، بەرێوەبەری تۆمار بەشداریکرد لە دیدارو کۆبوونەوەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە رۆبێرت باسیل نوێنەری UNAMI،کەلە کۆبوونەکە باسی بەرزکردنەوەی توانای ڕێکخراوەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت لە نێو کۆمەڵگە و دامودەزگاکانی حکومەت و خودی ڕێکخراوە ناحکومییەکانیش کرا.

١٠. لە رۆژی دووشەممە رێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٤ بەرێوەبەری تۆمار بەشداریکرد لە دیدارو کۆبوونەوەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەریەکە لە بەڕیزان جێمی هامیل (جێگری کونسولی گشتی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان) و خاتوو هەنار (بەرپرسی بەشی سیاسی) کە مەبەست لە سەردانەکەیان پێزانینی زیاتر بوو لەبارەی کاروباری فەرمانگە وکاری رێکخراوەیی لە هەرێمی کوردستان و ڕۆلی فەرمانگە.

١١. لە رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٩، بەرێوەبەری تۆماربەشداری کرد لە ورک شۆپێک کەلەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کۆتایی پێ هێنرا،کە وۆرکشۆپێکی دوو رۆژی بوو دەربارەی دارشتنی پلانی ستراتیژی فەرمانگە بۆ ماوەی ٣ ساڵی داهاتوو بە هەماهەنگی لەگەل پرۆژەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان UNDP.

١٢. لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٦/٢٣ بەرێوەبەری تۆمار بەشداری کرد لە کۆبوونەوەی شاندی فەرمانگە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان کە لەسەر داوای UNAMI سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانیان کرد و لە لایەن بەرپرسی مافی مرۆڤ لە UNAMI پێشوازیان لێکرا. لە کۆبوونەوەکە چەند تەوەرێکی گرنگ تاوتوێکران لەوانەش چۆنیەتی بە دامەزراوەیی کردنی فەرمانگە، چۆنیەتی تۆمارکردنی رێکخراو لە فەرمانگە، نوێکردنەوەی بڕیاری کارگێڕی و ڕەوشی کاری رێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان.

١٣. رۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٣، بەڕێوەبەری تۆماربەشداری کرد وەک ئەندامی سەرپارشتیاری پرۆژەی( سۆران، لانکەی شۆرش) کە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان رایگەیاند بە هەماهەنگــی لەگەڵ چەند ڕێکـــخراوێکی کوردســتانی، عیراقی و نێـودەوڵــەتی بە هاوئاهەنگــی لەگــەڵ ئیدارەی سەربەخۆی سۆران چەندین چالاکی و پرۆژە لە سنووری ئیدارەکە جێبەجێ کرا کە ئامانج لێی دروستکردنی ڕایەڵەیەکە لەنێوان ڕێکخراوەکان و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری ڕێکخراوەکان بەشێوەیەکی زیاتر و باشتر بگات بە ناوچەکەوکـــار و چالاکـییەکانی پرۆژەکــە خزمەت بە چەندین سێکـتەری ئیدارەکە دەکات، لەوانە: ژینگە، پەروەردە و خوێندنی باڵا، پەرەپێدانی تواناکــان، خاوەن پێداویســــــتی تایبەت، نەهێشــتنی مادده هۆشبەرەکان، هاریکــاری مرۆیی، گەشت و گوزار.
شایانی باسە بەڕێوەبەری تۆمار لەگەڵ  ستافێکی فەرمانگە بۆ ماوەی یەک هەفتە لە سنووری ئیدارەی سۆران مانەوە بەمەبەستی سەرپەرشتی کردنی کار و چالاکی ڕێکخراوەکان.

١٤. لە مانگی ٨ی ٢٠٢٢ بەڕێوەبەر و فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی تۆمار بەشدارییان کرد لە خولێکی بەهێزکردنی توناکان کەلە درێژەی هەوڵەکانی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ بە دامەزراوەییکردنی فەرمانگە و باشترکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی ئەنجامدرا، کە ماوەی دوو هەفتەی خایاند، بابەتەکانی خولەکە بریتی بوون لە بابەتی یاسایی و کارگێری و دەروونی تایبەت بە فەرمانبەرانی فەرمانگە و لە لایەن بەشێک لە بەڕێوەبەرەکانی فەرمانگە پێشکەشکران، خولەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرسێ ڕێکخراوی (Free Jurists Association، Horızon Insanı Gelıstırme و دەزگەها ئاشتیا بەردەوام).

١٥. ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢١ بەڕێوەبەری تۆمار یاوەری سەرۆکی فەرمانگە و شاندێکی کرد بۆ سەردانی شاری هەڵەبجە و سلێمانی، مەبەست لە سەردانەکە کردنەوەی چەند پرۆژەیەک بوو لە درێژەی کار و چالاکییەکانی پرۆژەی (لە هەڵەبجەوە دەست پێدەکەین) کە بە هەماهەنگی لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی کوردستانی و نێودەوڵەتی ئەنجامدران،  پرۆژەکان بریتی بوون لە نۆژەنکردنەوەی سەرتاسەری قوتابخانەی (سەلاحەددین) و (ڕەزی) کە لە لایەن ڕێکخراوی (ASB)ی ئەڵمانییەوە ئەنجامدرا ، وەهەروەها سەردانی زانکۆی هەڵەبجەی کرا بە بۆنەی دابینکردنی پێداویستییە پزیشکییەکانی زانکۆکە کە لەلایەن ڕێکخراوی (Capni)ی ئیتاڵیەوە دابینکرابوو، وەهەر لە میانەی سەردانەکە وەکو ئەرکی فەرمانگە لە ئەنجامدانی بەدواداچوون و ئاگاداربوون لە ڕەوشی ڕێکخراوەکان و شێوازی بەدیهێنانی ئامانجەکانیان، سەردانی ئۆفیسی چەند ڕێکخراوێک کرا، وە رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی٢٠٢٢/٩/٢١ سەردانی هەندێک لە ڕێکخراوەکانی پارێزگای هەڵەبجە و رۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/٢٢ سەردانی بەشێک لە ڕێکخراوەکانی پارێزگای سلێمانی کرا. وێڕای دەستخۆشی دووپاتی پشتیوانی فەرمانگە کرایەوە بۆیان، هەر لەوسەردانەدا، گوێ گیرا لە ڕاو سەرنج و تێبینی و کێشە و گرفتەکانی ڕێکخراوەکان بەمەبەستی دۆرزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆیان.
١٦.  لە رۆژانی ٢٠٢٢/١١/٣بەڕێوەبەری تۆمار بەنوێنەرایەتی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بابەتێکیان پێشکەشکرد لەسەر شێوازی تۆمارکردنی ڕێکخراوی ناحکومی لە فەرمانگە بۆ بەشداربووانی خولێکی پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان کە ڕێکخراوی ئاشتی ئازادی ڕێکی خستبوو.

١٧. لە رێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٧ بەڕێوەبەری تۆمار بەیاوەری بەرپرسی بەشی پرۆژەکان بەشداری کرد لە ڕادەستکردنی پێداویستی تەندروستی کە دابینکردنی دەرمان بوو  بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی بارزان کە لەلایەن ڕێکخراوی نەهری مرۆیی وەکو بەشێک لە پڕۆژەی (سۆران، لانکەی شۆرش) ئەنجامدرا.

١٨. له ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٨ بەڕێوەبەری تۆمار وشاندێکی فەرمانگە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان سەردانی وەزارەتی پلان دانانی کرد و لەگەل هەر سێ بەڕێوەبەرانی بەرێوبەبەرایەتی گشتی (دکتۆرە کەنار فاضل، هەڵمەت عبدالرزاق و ئەیوب گەردی) کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکە تیشک خرا سەر شێوازی هەماهەنگی نێوان هەردوولا لەپێناو باشترین سوودوەرگرتن لەتواناکانی ئاژانس و بەخشەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ هاوکاریکردنی ڕێکخراوە کوردستانییەکان.

١٩. لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١١/٢٣ لەشاری سلێمانی و بەنوێنەرایەتی سەرۆکی فەرمانگە، بەڕێوەبەری بەشداری کرد لە چالاکییەکی ڕێکخراوی ماڵی داهێنان بۆ داهێنان گەشەپێدان. لە چالاکییەکە کە د.هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی و جێگری کونسوڵی گشتی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان و جێگری سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی GIZی ئەڵمانی و بەڕێوەبەری کارگەی کولتور ئامادەبوون، چەندین داهێنان نمایش کران و بڕوانامەی ڕێزلێنان پێشکەش بەداهێنەران کرا.

٢٠. فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی تۆمار بەشدار بوون لە خولێکی ڕاهێنان کە وەکو بەشێک لە پلانی کاری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕێک خرابوو، خولێکی ڕاهێنانی دوو ڕۆژە بوو کە لە ڕۆژانی ٢٣ و٢٤ /١١ ئەنجام درا. لە خولەکە چەندین بابەت پێشکەش کرا، لەوانە (هەڵسوکەوتی دامەزراوەیی، بەڕێوەبردنی کات، پلەبەندی کارگێری و چارەسەرکردنی کێشە)، ئەم خوولە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەی IRC ئەمریکی ئەنجامدرا.

٢١. لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٧ بەڕێوەبەری تۆمار لەژووری خۆی پێشوازیکرد لە بەشداربووانی خولێکی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی سەبارەت بە پەرەپێدانی توانای کارمەندانی ڕێکخراوەکان کە ڕێکخراوەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەنجامیدابوو. لە سەردانەکەیان شێوازی پرۆسەی و تۆمارکردنی رێکخراو بۆ بەشداربووان ڕوونکراوە.


٢٢. وەکو بەشێک لە ئەرکی فەرمانگە لە بەشداری کردن لە چالاکی ڕێکخراوەکان و بەدواداچوون کردن بۆیان، ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٨ لەشاری سلێمانی بەڕێوەبەری تۆمار بەنوێنەرایەتی فەرمانگە ووتارێکی پێشکەش کردلە کۆنفرانسی یەکەمی تۆڕی (Yes We Can) کە بۆهاوکاری کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت سازکرابوو، ئەم تۆڕە تایبەتە بەکاروباری خاوەن پێداویستی تایبەت و لەلایەن ٤٠ ڕێکخراوی ئەو بوارە دامەزراوە.

٢٣. وە لە درێژەی کار و چالاکییەکانی پرۆژەی ( لە هەڵەبجەوە دەست پێدەکەین) ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٢/٢٢، بەڕێوەبەری تۆمار بەشدار بوو لە ڕادەستکردنی بڕی ١٥ جۆر دەرمان بە بڕی (٦٣.٥) شەست و سێ ملیۆن دینار کە لە لایەن ڕێکخراوی مرۆڤدۆستانەوە دابین کرابوو بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە. وە هەر لە هەمان ڕۆژدا، بەڕێوەبەری تۆمار بەشدار بوو لە گەڵ ڕێکخراوی (Action for Humanity) بەمەبەستی دابەشکردنی سۆبە و بەتانی بەسەر (٩٠) خێزانی کەمدەرامەتی شارەکە، پاشان بە نوێنەرایەتی سەرۆکی فەرمانگە سەردانی رێکخراوی تاج العارفین ی کرا.

ئاماری پرۆسەی تۆمارکردنی ڕێکخراوەکان


بەپێی یاسای ژمارە یەکی ساڵی ٢٠١١ فەرمانگە بەردەوام بووە لە تۆمارکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و تۆڕەکان، ئەوەش ڕێگەخۆشکەر بووە تا چالاکیی ڕێکخراوەیی ڕوو لە پەرەسەندن بکات و دەروازەیەکی تر بەڕووی چالاکوانان بکرێتەوە بۆبەدیهێنانی ئامانجە یاساییەکانیان و ڕەخساندنی هەلی یەکسان لەچوارچێوەی یاسای ڕێکخراوەکان،لە خوارەوە بە خشتە کاری تۆمارکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان دەخەینە ڕوو کە لە ڕێکەوتی (٣/١/٢٠٢٢ تاوەکو ٢٢/١٢/٢٠٢٢) لەخۆدەگرێت.

داتای ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوە کوردستانییەکان.





داتای ڕێکخراوە پێشکەش کراوەکان.

کۆی گشتی 253




داتای دروست کردنی بڕوانامەی تۆماری ڕێکخراو.

کۆی گشتی 252



## ٣- بەڕێوەبەرایەتی دارایی

بەڕێوەبەرایەتی دارایی بە پێی پەیڕەوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١ بە نوسراویان ژمارە (٢٣٢٧) لە ٢٢/٩/٢٠١١، دووەم پێکهاتەی ئیداریە لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان.

پەیکەری بەڕێوەبەرایەتی پێکدێت لە:

•بەڕێوەبەری دارایی.

1.بەشی ژمێریاری.

2.بەشی دارایی پرۆژەی ڕێکخراوەکان.

3.بەشی وردبینی.

ڕاڤەکردنی بەڕێوەبەرایەتی دارایی:

بەڕێوەبەرایەتی دارایی پێکدێت لە (٣) سێ بەش کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە و هەر بەشێک لە لایەن فەرمانبەری پسپۆڕ لە بەشەکان سەرپەرشتی دەکرێن و هەر یەک لەو بەشانە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان کارەکان رادەپەڕێنین.

1.بەڕێوەبەری دارایی / لە ڕێکەوتی ٢/٩/٢٠٢١ دەست بەکار بوو.

2.بەرپرسی بەشی ژمێریاری / لە ڕێکەوتی ١٨/٣/٢٠٢١ دەست بەکار بوو.

3.بەرپرسی بەشی دارایی پرۆژەی ڕێکخراوەکان / لە ڕێکەوتی ٢/٩/٢٠٢١ دەست بەکار بوو.

4.بەرپرسی بەشی وردبینی / لە ڕێکەوتی ٢٨/٣/٢٠٢١ دەست بەکار بوو دوای تەواو بوونی تەنسیب دووبارە لە ڕێکەوتی ٨/١١/٢٠٢٢ دەستی بەکار کردەوە.

ستافی بەڕێوەبەرایەتی دارایی:

ستافی بەڕێوەبەرایەتی دارایی پێکدێت لە (٩) نۆ فەرمانبەر:

(٤) چوار فەرمانبەری هەمیشەیی و (٥) پێنج فەرمانبەری گرێبەست.

لە دوای ڕێکەوتی ٨/١١/٢٠٢٢ ستاف بوو بە (٨) هەشت فەرمانبەر بەهۆی دەست لەکار هەڵگرتنی فەرمانبەرێکی گرێبەست.

کۆبونەوەکانی بەڕێوەبەرایەتی دارایی:

- کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگە بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ کۆبونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- کۆبونەوەی سەرۆکی فەرمانگە لەگەڵ بۆردی فەرمانگە.
- کۆبونەوەی لیژنە لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگە بەمەبەستی دانانی میکانیزمی کارکردن.
- کۆبونەوەی بۆرد و ئەندامانی لیژنەی هاوکاریکردنی زیانلێکەوتوانی لافاوەکەی شاری هەولێر بە مەبەستی ئامادەکاری و دانانی بەرنامەی پێشکەشکردنی هاوکاریەکان.
- کۆبونەوە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە.
- کۆبونەوەی لیژنەی بەدواداچوونی نوسراوەکانی سالانی پێشوو و یەکلاکردنەوەیان.
- کۆبونەوەی سەرۆکی فەرمانگە لەگەڵ بەڕێوەبەری دارایی و بەڕێوەبەری بەدواداچوون و فەرمانبەری وردبینی بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ ئەو ڕاپۆرتە داراییانەی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون کراوە.
- کۆبونەوەی بەڕێوەبەری دارایی و لیژنەی چارەسەرکردنی کێشەی باج لەگەڵ نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج.
- کۆبونەوەی سەرۆکی فەرمانگە لەگەڵ بۆردی فەرمانگە.
- کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری دارایی و بەشی وردبینی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون.
- بەشداریکردن لە مەڕاسیمی ڕۆژی جیهانی ژنان کە لە لایەن ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان سازکرابوو.
- بەشداریکردن لە هەڵمەتی نەمام چاندن و پاراستنی ژینگە کە لە لایەن ئەنجومەنی باڵای خانمان و گەشەپێدان و بە هەماهەنگی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و بە هاوکاری (UN-Women)ی سەربە نەتەوەیەکگرتوەکان  بەڕێوەچوو.
- کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری دارایی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە سەبارەت بە دۆسیەی ڕاپۆرتی دارایی بەشێک لە ڕێکخراوەکان.
- ئامادە بوون لە پێشوازی کردن لە دەستبەکار بوونی بەڕێز جێگری سەرۆکی فەرمانگە (هەردی ئەحمەد) و دەستلەکار هەڵگرتنی جێگری پێشووی سەرۆکی فەرمانگە و دەستاودەستکردنی دەسەڵات.
- کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە بە مەبەستی ئامادەکاری و هەماهەنگی  بۆ وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵی/٢٠٢١.
- کۆبونەوای بەڕێوەبەری دارایی لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگە بۆ ڕاوێژ دەربارەی چەند پرسێک و ئامادەکردنی کلێشەی (فۆرمی وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵی/٢٠٢١)
- کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕیز سەرۆکی فەرمانگە بە ئامادەبوونی هەردوو بەشی وردبینی ڕاپۆرتی دارایی و بەشی دارایی پرۆژەی ڕێکخراوەکان بە مەبەستی ئامادەکاری وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی و ڕێکار و میکانیزمی ورددبینی کردنی ڕاپۆرتەکان.
- ئەنجامدانی کۆبونەوەی بەڕێوەبەری دارایی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگەبە مەبەستی ئاراستەکردنی تێبینیەکانی بەشی وردبینی لەسەر بەشێک لە ڕاپۆرتی دارایی و بەدواداچوون بۆ نوسراوی ڕێکخراوی (زهرة العراق).
- بەشداری کردن لە کۆبونەوەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە لەگەڵ نوێنەری ڕێکخراوی (Mercy Corps).
- کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری دارایی و فەرمانبەری بەشی وردبینی لەگەڵ بەڕیز سەرۆکی فەرمانگە و ئاراستە کردنی ئەو ڕاپۆرتە داراییانەی کێشەیان هەبووە بۆ شوێنی مەبەست.

- بەشداریکردنی بەڕێوەبەری دارایی لە کۆبونەوەی سەرۆکی فەرمانگە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکان بە مەبەستی دانانی لیژنەی وردبینی راپۆرتی دارایی ساڵی/٢٠٢١ی ڕیکخراوەکان.
- بەشداری کردنمان لە کۆبوونەوەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە و بەڕێوەبەری زانیارییەکان بۆ دوا قۆناغی ڕێکارەکانی وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی و دانانی میکانیزمی وەرگرتنی راپۆرتی دارایی.
- بەشداریکردنی بەڕێوەبەری دارایی لە کۆبوونەوەی وەڵامدانەوەی یاداشتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و وەڵامدانەوەی ئەو خاڵانەی تایبەت بوون بە کاروباری بەڕێوەبەرایەتی دارایی.
- وەکو ستافی شاندکراوی فەرمانگە بۆ شاری سلێمانی لە هۆڵی شاعیر لەتیف هەڵمەت لە کتێبخانەی سلێمانی پێشوازیمان کرد لە بەڕێز (ئازاد هەمەوەندی) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
- کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگە وەک ستافی شاندکراوی بەڕێوەبەرایەتی دارایی بۆ شاری سلێمانی و هەڵەبجە.
- کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری دارایی لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی پەیوەندیەکانی ڕێکخراوی (Mercy Corps).
- ئەنجامدانی کۆبوونەوەی لیژنەی وردبینیکردنی ڕاپۆرتی دارایی.
- کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری دارایی و فەرمانبەری وردبینی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە.
- بەشداری بەڕێوەبەری دارایی لە کۆبوونەوەی سەرۆکی فەرمانگە و جێگری سەرۆکی فەرمانگە لەگەڵ بۆردی بەڕێوەبەرەکانی فەرمانگە.
- بەشداری کردنی بەڕێوەبەری دارایی و بەرپرسی بەشی ژمێریاری لە کۆبونەوەی فەرمانگە
- بەشداری کردنی بەڕێوەبەری دارایی لە کۆبونەوەی تایبەت بە داڕشتنی پلانی ستراتیجی فەرمانگە.
- بەشداری بەڕێوەبەری دارایی وەک ئەندام لە کۆبونەوەی لیژنەی یاسایی.
- بەشداری بەڕێوەبەری دارایی و لێپرسراوی بەشی ژمێریاری لە کۆبونەوەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە.
- کۆبونەوەی لیژنەی کارگێڕی لەسەر بابەتی کێشەی ڕێکخراوی (مەسەلە).
- بەشداری بەڕێوەبەری دارایی لە کۆبونەوەی لیژنەی داڕشتنی پلانی ستراتیجی فەرمانگە.
- ئەنجامدانی دیدار لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە بەمەبەستی وەرگرتنی چەند ڕاسپاردەیەک.
- بەشداری بەڕێوەبەری دارایی لە کۆبونەوەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە لەگەڵ بەڕێوەبەری بەدواداچوون و بەڕێووەبەری تۆمار.
- بەشداری بەڕێوەبەری دارایی و لێپرسراوی بەشی ژمێریاری لە (٣) کۆبونەوەی لیژنەی تایبەت بە ئامادەکردنی میزانیەی پێداویستیەکان.
- ئەنجامدانی کۆبونەوە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە لەگەڵ بەڕێوەبەری دارایی و بەرپرس و لێپرسراو و فەرمانبەرانی بەشی وردبینی بە مەبەستی بەدواداچون بۆ کاروباری بەشەکە و ئاڕاستەکردنی چەند راسپاردەیەك.
- ئەنجامدانی (٣) کۆبونەوەی لێپرسراوی بەشی وردبینی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە.
- ئەنجامدانی (١) کۆبونەوەی لێپرسراوی بەشی وردبینی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە.
- ئەنجامدانی کۆبونەوە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە لەگەڵ بەڕێوەبەری دارایی و بەرپرس و لێپرسراو و فەرمانبەرانی بەشی وردبینی بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ درێژکردنەوەی ماوەی وەرگرتنی راپۆرتی دارایی سالانەی ڕێکخراوەکان.
- کۆبونەوەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە لەگەل بەرپرسی بەشی ژمێریاری تایبەت بە کار و بارەکانی بەشی ژمێریاری.
- ئەنجامدانی ( ٢ ) کۆبونەوەی لێپرسراوی بەشی وردبینی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە.

- کۆبونەوەی لیژنەی کارگێڕێ دەربارەی کێشەی ڕێکخراوی مەسەلە.
- بەشداری کردنی بەرپرسی وردبینی لە ( ٣ ) کۆبوبونەوەی لیژنەی بەدواداچون.
- ئامادەبوونی سەرجەم ستافی بەڕێوەبەرایەتی دارایی لە کۆبونەوەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە.
- کۆبونەوەی بەرپرسی وردبینی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە.
- بەشداریکردنی بەرپرسی وردبینی لەکۆبونەوەی لیژنەی بەدواداچوون.
- لیژنەیەک کە پێکهاتبوو لە بەڕێوەبەری دارایی و راوێژکاری یاسایی و بەرپرسی بەشی وردبینی سەردانی بانکی قەڵاتمان کرد بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ ( ١٠ ) نوسراو.
- ئەنجامدانی ( ٢ ) کۆبوونەوەی فەرمانبەری وردبینی لەگەڵ بەڕێزان لە لیژنەی دیوانی چاودێری دارایی.
- دیداری بەڕێوەبەری دارایی و بەرپرسی وردبینی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە و سەرۆکی ڕێکخراوی Amal Organization بەمەبەستی وەرگرتنەوەی بڕوانامەی بەشداركردن لە خولی ڕاهێنانی تایبەت بە بەرگری لەخۆ کردنی جەستەیی کە لە لایەن هەردوو ڕێکخراوی Amal Organization و BRING HOPE ئەنجامدرابوو.
- ( ٢ ) جار کۆبونەوەی بەڕێوەبەری دارایی و بەرپرسی وردبینی و بەرپرسی ژمێریاری لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە.
- ( ٤ ) جار کۆبونەوەی بەرپرسی وردبینی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە.
- ( ٤ ) جار کۆبونەوەی بەرپرسی وردبینی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە.
- ( ٢ ) جار کۆبونەوەی بەرپرسی وردبینی لەگەڵ لیژنەی بەدواداچوون.
- کۆبونەوەی بەرپرسی ژمێریاری لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە بە مەبەستی پێدانی زانیاری تایبەت بە چۆنیەتی خەرجکردنی پێشینەی مانگانە.
- کۆبونەوەی بەڕیوەبەری دارایی و بەرپرسی بەشی وردبینی وەک ئەندام لە لیژنەی نوسینەوەی ڕەشنوسی ڕێنمایی لەگەڵ بەڕیز سەرۆکی فەرمانگە.
- کۆبونەوەی بەڕێوەبەری یاسایی و بەڕێوەبەری دارایی و بەرپرسی بەشی وردبینی سەرۆک و ئەندام لە لیژنەی نوسینەوەی ڕەشنوسی ڕێنمایی لە فەرمانگە لەگەل لیژنەی باڵای پێداچوونەوە و دەرکردنی ڕێنماییەکان لە وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان.
- (٣) جار کۆبونەوەی بەرپرسی وردبینی لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە.
- (٢) جار کۆبونەوەی بەرپرسی وردبینی لەگەڵ لیژنەی بەدواداچوون.
- کۆبونەوەی بەڕێوەبەری دارایی لەگەڵ ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوری هۆڵەندی.

شاند و سەفەر:

- شاندی بەڕێوەبەری دارایی و بەرپرسی وردبینی بۆ شاری دهۆک.
- شاندی بەڕێوەبەری دارایی و فەرمانبەری وردبینی بۆ شاری سلێمانی و هەڵەبجە.
- شاندی بەڕێوەبەری دارایی و فەرمانبەری وردبینی بۆ شاری دهۆک.
- رۆژ شاندی بەڕێوەبەری دارایی و فەرمانبەری وردبینی بۆ شاری سۆران.
- رۆژ شاندی فەرمانبەری وردبینی بۆ شاری سۆران.
- رۆژ شاندی بەرپرسی ژمێریاری بۆ شاری سۆران.

پێشکەشکردنی سمینار:

( ٢ ) سمینار لە شاری دهۆك.
( ١ ) سمینار لە شاری سلێمانی.
( ٣ ) سمینار لە شاری هەولێر.
( ١ ) سمینار لە شاری سۆران

چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی دارایی:

- بەشداریکردن لە مەراسیمی دابەشکردنی کۆمەک و هاوکاری کۆکراوەی ڕێکخراوەکان بۆ کەمپینی زیانلێکەوتوانی لافاوەکەی شاری هەولێر.
- بەدواداچون بۆ (١٤) نوسراو و ئەنجامدانی کاری پێویست.
- بەدواداچون بۆ دۆسیەی (٣) ڕێکخراو و ئامادەکردنی نوسراو و وەڵامدانەوەیان.
- ئامادەکردنی (٣) نوسراوی ئاراستەکردنی ڕاپۆرتی دارایی ڕێکخراوەکانی (IMC , Oxfam , Mercy Corps) بۆ دەستەی چاودێری داریی.
- بەشداریکردنی بەڕێوەبەری دارایی لە ووۆرکشۆپی بنیاتنانی تواناکان کەلەلایەن ڕێکخراوی UNDP بە هەماهەنگی فەرمانگە سازکرابوو.
- ئامادەکردنی نوسراو و ڕادەست کردنی  ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی (٥٥) ڕێکخراو.
- ئامادەکردنی نوسراوێک بۆ سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ئامادەکردنی میکانزمی کارکردنی بەڕێوەبەرایەتی دارایی بۆ سیستەم.
- پێشکەشکردنی نمونەی بڕگەیەک لە پلانی ستراتیجی.
- بەشداری کردن لە خولی بەهێزکردنی توانای فەرمانبەرانی فەرمانگە.
- ئامادەکردنی دەرخستەیەک بۆ بەڕیز سەرۆکی فەرمانگە تایبەت بە چۆنیەتی و چەندایەتی و بڕی پارەی خەرجکراوی پێشینەی مانگانەی فەرمانگە.
- بەشداریکردن بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ لە خولی ڕاهێنانی تایبەت بە بەرگری لەخۆ کردنی جەستەیی کە لە لایەن هەردوو ڕێکخراوی ( BRING HOPE & Amal organization) ئەنجامدرابوو.
- ٢١/١١ بەدواداچوون بۆ ڕاپۆرتی دارایی ئەو ڕێکخراوانەی ئاراستەی دەستەی چاودێری دارایی کراون لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی.
- ٢٣ – ٢٤/١١ بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنانی پەرەپێدانی توانای فەرمانبەران بۆ ماوەی دوو ڕۆژ.
- بەشداری وەک سەرۆک و ئەندام لەم لیژنانە:
- لیژنەی وردبینیکردنی سەرەتایی و پەسندکردنی سەرەتایی ڕاپۆرتی دارایی.
- لیژنەی بەدواداچون و یەکلاکردنەوەی نوسراو و بەڵگەنامەکانی ساڵانی پێشوو.
- لیژنەی داڕشتنی پلانی ستراتیجی فەرمانگە.
- لیژنەی چارەسەرکردنی کێشەی باجی ڕێکخراوەکان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج.
- لیژنەی تایبەت بە ئامادەکردنی ڕەشنوسی ڕێنمایی تایبەت بە شێوازی پارە خەرجکردنی ڕێکخراوەکان.
- لیژنەی بەدواداچون بۆ هەژماری بانکی فەرمانگە و هەژماری بانکی چەند ڕێکخراوێک لە بانکی قەڵات.
- لیژنەی کارگێڕی لەسەر بابەتی ڕێکخراوی مەسەلە.

چالاكییەكانی بەشی ژمێریاری:

- بەشی ژمێریاری لە ماوەی ئەو ساڵەدا ئەم چالاكیانەی ئەنجام داوە مانگانە بە شێوەیەكی بەردەوام:
- ئامادەكردنی لیستی موچەی مانگانە و بەراییەكانی تایبەت بە خەرجكردنی موچەی مانگانەی فەرمانبەرانی گرێبەستی ڕۆژانە و نوسراوی وەرگرتنی ڕەزامەندی خەرجكردنی موچە.
- ئامادەكردنی لیستی هاندان و هاوكاری مانگانەی فەرمانبەرانی فەرمانگە بە ڕاوێژ لەگەڵ بەڕێز سەرۆكی فەرمانگە بەپێی ڕێنماییەكان و دابەشكردنی بڕی پارەی هاندان بەسەر فەرمانبەران.
- بەدواداچون و ئەنجامدانی ڕێكارەكانی زیادكردنی پێشینەی مانگانەی فەرمانگە بۆ (٣٠،٠٠٠،٠٠٠) سی ملیۆن دینار مانگانە.
- ئامادەكردنی (٩٧) لیستی شاند و سەفەر بەپێی یاسا و ڕێنماییەكان و وەرگرتنی واژوی فەرمانبەری شاندكراو و واردكردن و دیاریكردنی بڕی پارەی شایستە و هاوپێچ كردنی فەرمانی تایبەت بە شاند و سەفەر و وەرگرتنی واژوی سەرۆكی فەرمانگە و خەرجكردنی بڕی پارەی شایستە بۆ فەرمانبەری شاندكراو.
- ئامادەكردنی نوسراوی تایبەت بە موچە و دەرماڵەی فەرمانبەرانی فەرمانگە و ئاراستەكردنی بۆ دیوانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- وەرگرتنی فۆرمی داواكاری پێداویستیەكانی فەرمانگە و تەرخانكردنی بڕی پارەی پێویست بۆیان مانگانە.
- ئامادەكردنی لیست و ئەنجامدانی ڕێكارەكانی تایبەت بە داخلكردنی كەل و پەلی كڕاو بۆ داهاویشتەكردنی لە كۆگای سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- جیاكردنەوەی وێنەی ڕەسەن و كۆپی و نوسراو و یاداشتەكانی پسولەی لیژنەی كڕین لە یەكتر و تەرقیم كردن و لێدانی مۆری یاداشتی ڕێگەپێدان لەسەر پسولەكان و نوسراوی تایبەت بە پێشینەی مانگانە.
- ئامادەكردنی (١٢) لیستی دەرخستەی تایبەت بە پێشینەی مانگانە.
- ئامادەكردنی نوسراوی خەرجكردنی كرێی ئوتومبێلی تایبەت بە هاتوچۆی فەرمانبەران مانگانە.
- ئامادەكردن و ڕێكخستن و یەكخستنی بەرایی و پێداویستیەكانی پێشینەی مانگانە و ئاراستەكردنی بۆ دیوانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی وردبینی كردن و داهاویشتەكردنی لە كۆگای دیوانی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ئەنجامدانی هەنگاوەكانی جێبەجێكردنی ڕێكارەكانی وەرگرتنی پێشینەی مانگانە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەنجینەی هەرێم بە شێوەیەكی بەردەوام و مانگانە.
- ڕاكێشانی چەكی پێشێنەی مانگانە لە بانك دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی خەرجكردن لە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەرێم .
- بەدواداچوون بۆ نوسراوەكانی فەرمانگە لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و گەنجینە.
- ئامادەكردن و بەدواداچوون بۆ نوسراوەكانی وەرگرتنی ڕەزامەندی كڕینی كەلوپەل و نوسراوی خەرجكردنی كرێی كارەبا لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- وەرگرتنی پسولەكان لە لیژنەی كڕین بە شێوەی ڕۆژانە و خەرجكردنی بڕی پارەی پسولەكان.
- ڕێكخستنی پسولەكانی لیژنەی كڕین و واژو كردنی لەلایەن لیژنەی كڕین وەرگرتنی واژوی بەڕێوەبەری دارایی لەسەر سەرجەم پسولەكان.
- ئاڕاستەكردنی سەرجەم پسولەكانی لیژنەی كڕین بۆ سەرۆكی فەرمانگە بەمەبەستی واژوكردن.
- ئامادەكردنی لیستی كەلوپەلی تۆماركراو لە كۆگای سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ئامادەكردنی لیستی ئەو پسولانەی بڕی پارەكەیان زیاترە لە (٥٠٠٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار.
- ئامادەكردنی نوسراوی تایبەت بۆ وەزارەتی دارایی/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێركاری بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ كڕینی كەلوپەل و پێداویستی فەرمانگە.
- ئامادەكردنی (٩٧) لیستی شاند و سەفەری فەرمانبەران و بردنی بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی ئەنجامدانی ڕێكارەكانی خەرجكردن.

- کردنی نوسراوی تایبەت بە موچە و دەماڵەی فەرمانبەران بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ئەنجامدانی (١٠) کۆبونەوە و ئامادەکردنی بودجەی ساڵانە و پێداویستیەکانی فەرمانگە بە هەماهەنگی لیژنەیەکی تایبەتی فەرمانگە و پێشکەشکردنی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- پڕکردنەوەی لیستی دەرماڵەی خێزانداری و منداڵ بۆ ئەو فەرمانبەرانەی شایستەی دەرماڵەی خێزان و منداڵن بۆ ساڵی ٢٠٢٣.
- ئەندام لە کەمپینی کۆکردنەوە و گەیاندنی هاوکاری بۆ زیان لێکەوتوانی لافاوەکەی شاری هەولێر.
- لە ٣١/٣ تا ٦/٤ دابەشکردنی هاوکاری بەسەر (٢٥) خێزانی زیانلێکەوتوی لافاوەکەی شاری هەولێر.
- ١٨-١٩/٥ ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردنی (٢) کۆفی برێک بۆ هەردوو کۆبونەوی سێکتەری ژینگە و سێکتەری پەروەردە و خوێندنی باڵا.
- بەدواداچونی بەردەوام بۆ نوسراوی تایبەتی بەستنی دەرماڵەی فەرمانبەران لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ١٣/٦ بەدواداچوون بۆ نوسراوی ڕازامەندی لە وەزارەتی دارایی و ئابوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری.
- ١٧ – ٢١/٧ ئامادەکردن و ناردنی نوسراوی تایبەت بە نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی فەرمانگە و دانانی دەرخستەی نوێی باڵەخانەی فەرمانگە کە لەلایەن لیژنەی تایبەت بە نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی فەرمانگە ئامادەکرابوو بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.
- ٢١ – ٢٥/٨ بەشداری کردن لە خولی بەهێزکردنی تواناى فەرمانبەرانی فەرمانگە.
- ٢٢ تا ٢٩/٩ ئامادە کردن و ڕێکخستنی میزانیەی تایبەت و ئەنجامدانی (٥) کۆبونەوە لەگەل بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە و ئەندامانی لیژنە.
- ٥/١٠ بەدواداچوون لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ دەرخستەی تایبەت بە نۆژەنکردنەوەی فەرمانگە.
- لە ١٢/١/ ٢٠٢٢ بەرپرسی ژمێریاری دەستی بە کار کرد لە پرۆژەی سیستەمی داتابەیسی فەرمانگە.
- داخلکردنی نزیکەی (١٠٠) دۆسیە لە سیستەمی داتابەیس.
- ٢٣ – ٢٤/١١ بەشداریکردن لە خولی ڕاهێنانی پەرەپێدانی تواناى فەرمانبەران بۆ ماوەی دوو ڕۆژ.
- ئامادەکردنی (٢٥) نوسراو.

چالاکی بەشی وردبینی:

- (لیژنەی وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی ڕێکخراوەکان و لیژنەی وردبینیکردنی سەرەتایی و پەسندکردنی سەرەتایی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی ڕێکخراوەکان)
- لیژنەی وەرگرتنی راپۆرتی دارایی پێکهاتوە بە بڕیاری ژمارە (٥٩٠) لە ڕێکەوتی ١٢/٤/٢٠٢٢ کە فەرمانبەری وردبینی تیایدا ئەندامە.
- لیژنەی وردبینیکردنی سەرەتایی راپۆرتی دارایی ساڵانەی ڕێکخراوەکان پێکهاتوە بە بڕیاری ژمارە (٥٩١) لە ڕێکەوتی ١٢/٤/٢٠٢٢ بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری دارایی و ئەندامیەتی بەرپرسی بەشی وردبینی و (فەرمانبەری وردبینی) و بەرپرسی بەشی پرۆژەکان و ڕاوێژکاری یاسایی و بەڕێوەبەری بەدواداچوون.
- راپۆرتی دارایی (١٥٩) ڕێکخراو لە ساڵی رابردوو مابوو.
- راپۆرتی دارایی (٥٨) ڕێکخراو ئاراستەی دەستەی چاودێری دارایی کراوە.
- راپۆرتی دارایی (١٠١) ڕێکخراو فۆرمی پەسندکردنی بۆ کراوە.
- ڕاگەیاندنی وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی ڕێکخراوەکان بۆ ساڵەکانی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠ - ٢٠٢١) لە ڕێکەوتی ١٢/٤/٢٠٢٢ تا ٣١/٧/٢٠٢٢
- وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی (٧٧٠) ڕێکخراو لە قۆناغی یەکەم و دووەم.
- ئامادەکردنی فۆرمی پەسندکردنی سەرەتایی ڕاپۆرتی دارایی (٢٧٨) ڕێکخراو دوای ئەنجامدانی وردبینیکردنی سەرەتایی.
- بردنەوەی فۆرمی پەسندکردنی سەرەتایی ڕاپۆرتی دارایی (٢٤٠) ڕێکخراو.
- (١٧) ڕێکخراو ڕاپۆرتەکانیان ئاڕاستەی بەشی یاسایی کراوە.
- (٢٧) ڕێکخراو ڕاپۆرتەکانیان ئاڕاستەی لیژنەی بەدواداچوون کراوە.
- (٤٠) ڕێکخراو ڕاپۆرتەکانیان لە قۆناغی وردبینیکردنە لەلایەن لیژنەی وردبینیکردنی سەرەتایی ڕاپۆرتی دارایی.
- (٣٨) ڕێکخراو ڕاپۆرتەکانیان لە پرۆسەی چاکسازیە.
- (٩) ڕێکخراو ڕاپۆرتەکانیان کاری پەسندکردنیان وەستاوە (قەرزی بچوک).
- (١٢١) ڕێکخراو ڕاپۆرتەکانیان وردبینی نەکراوە.
- ٩/٣ سەردانیکردنی بەشی وردبینی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون بۆ بانکی کوردستان ئیسلامی بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری و بەرچاوڕونی لە کاتی کردنەوەی هەژمێری بانکی ڕێکخراوەکان.
- سەردانیکردن و بەدواداچوونی ئۆفیسی (١٢) ڕێکخراو وەک لیژنەی بەدواداچوون.
- ١٢/٤ پێشکەشکردنی تێبینیەکانی لیژنەی وردبینی بۆ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە دەربارەی راپۆرتی دارایی ساڵی/٢٠٢٠ی ڕێکخراوی (Mercy Corps).
- ١٦-١٧/٥ ئامادەکردنی دۆسیەی ڕاپۆرتی دارایی ڕێکخراوەکانی (IMC , Oxfam , Mercy Corps) بۆ دەستەی چاودێری دارایی لە لایەن لیژنەی تایبەتی وردبینی.
- هاوکاری و کارئاسانی بۆ دەستەی چاودێری دارایی لە کاتی سەردانیان لە مانگی ٨/٢٠٢٢ و خستنە بەرچاوی کێشەی ئەو ڕێکخراوانەی کێشەیان هەبووە و پێشکەشکردنی زانیاری پێویست بۆیان.
- ئامادەکردنی دۆسیەی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی (٥٥) ڕێکخراو بەمەبەستی پێشکەشکردنی بۆ دیوانی چاودێری دارایی.
- ٢١ – ٢٥/٨ بەشداری کردن لە خولی بەهێزکردنی توانای فەرمانبەرانی فەرمانگە.
- ٢/١٠ فەرمانبەری وردبینی دەستی بە کار کرد لە پرۆژەی سیستەمی داتابەیسی فەرمانگە.
- وردبینیکردنی (١٧٢) دۆسیەی راپۆرتی دارایی لە ئەرشیف لە لایەن فەرمانبەری وردبینی.
- وردبینیکردنی (٥٠) دۆسیەی راپۆرتی دارایی کە داهاتیان سفرە لە ئەرشیف لە لایەن فەرمانبەری وردبینی.

- داخلكردنی (٤١٥) دۆسیەی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانی ( ٢٠١٩-٢٠٢٠-٢٠٢١ ) لە سیستەمی داتابەیس لە لایەن فەرمانبەری وردبینی.
- بەدواداچوون و ئەنجامدانی كاری پێویست بۆ (٢) نوسراو.
- ڕێكخستنەوەی ڕاپۆرتە داراییەكان بە زنجیرە و پێداچونەوە بە دۆسیەكان لە لایەن بەرپرسی بەشی وردبینی.
- ئەرشیفكردنی (٥٨) دۆسیەی ڕاپۆرتی دارایی ساڵی ڕابردوو كە ئاڕاستەی دیوانی چاودێری دارایی كراون.
- دەستپێكردن بە قۆناغی دووەمی وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی ڕێكخراوەكان لە ڕێگەی لیژنەی تایبەت بە وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی.
- بەشداریكردنی بەرپرسی وردبینی بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ لە خولی ڕاهێنانی تایبەت بە بەرگری لەخۆ كردنی جەستەیی كە لە لایەن هەردوو ڕێكخراوی (BRING HOPE & Amal Organization) ئەنجامدرابوو.
- بەشداریكردن لە خولی ڕاهێنانی پەرەپێدانی توانای فەرمانبەران بۆ ماوەی دوو ڕۆژ.
- ئامادەكردنی (٢٤) نوسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتی ژمێركاری بەمەبەستی كردنەوەی ئەژمێری بانكی بۆ ڕێكخراوەكان.
- بەشداری ستافی وردبینی لەم لیژنانە:
- لیژنەی وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی سالانەی ڕێكخراوەكان.
- لیژنەی چارەسەركردنی كێشەی باجی ڕێكخراوەكان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج.
- لیژنەی وردبینیكردن و پەسندكردنی سەرەتایی ڕاپۆرتی دارایی.
- لیژنەی بەدواداچوون.
- لیژنەی تایبەت بە ئامادەكردنی ڕەشنوسی ڕێنمایی تایبەت بە شێوازی پارە خەرجكردنی ڕێكخراوەكان لەگەڵ وەزارەتی دارایی.
- لیژنەی بەدواداچون بۆ هەژمارەی فەرمانگە و هەژماری بانكی چەند ڕێكخراوێك لە بانكی قەڵات.


گرفت و كێشەكان:

١. كەمی ژمارەی فەرمانبەر.
٢. پابەند نەبونی ئەندامانی لیژنەكان بە ئامادە بوون لە كاتی كۆبوونەوەی لیژنەكان.
٣. پێشكەش نەكردنی ڕاپۆرتی دارایی لەلایەن بەشێك لە ڕێكخراوەكان لە كاتی دیاریكراو تا كاتی بەسەرچوونی بڕیاری كارگێڕی.
٤. پابەند نەبوونی ڕێكخراوەكان بە هێنانی بەڵگەی فەرمیی دام و دەزگا حكومیەكان.


سەرنج و پێشنیارەكان:

١. كردنەوەی ئۆفیسی فەرمانگە لە شارەكانیتری هەرێمی كوردستان بە مەبەستی كار ئاسانی بۆ گەیاندنی ڕاپۆرتی دارایی و سەرجەم مامەڵەكانیتری ڕێكخراوەكان لە شار و شارۆچكەكانی دەوروبەریان.
٢. پێشخستنی وادەی ڕاگەیاندنی وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی ڕێكخراوەكان بۆ (٣) مانگی سەرەتایی ساڵ.
٣. وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانە بە یەك قۆناغ.
٤. ئەنجامدانی وردبینی لەلایەن بەشی وردبینی فەرمانگە بۆ سەرجەم خەرجیەكانی فەرمانگە.
٥. دابینكردنی فەرمانبەری هەمیشەیی بە تایبەت بۆ بەڕێوەبەرایەتی دارایی.

## داتای چالاکی بەشی پڕۆژەکان




وردەکاری کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکان بە مەبەستی ئاگاداربوون لە پڕۆژەکانیان



## ٤- بەڕێوەبەرایەتی یاسایی

یەکەم/ ئەرک و بەرپرسیاریەتی بەشێوەی گشتی

١- پاڵپشتی کردنی کارەکانی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بڕیارەکان و گرینگیدان و جێبەجێکردنی ڕاوسەرنجەکان، وە پێشنیار کردنی ڕاو بۆچوونی یاساییانە لە هەر بابەتێکی داواکراو لە لایەن بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە.
٢- پێشنیار کردنی ڕاو بۆچوون و سەرنجی یاساییانە لە سەر کارو چالاکیەکانی فەرمانگە و فەرمانبەرانی فەرمانگە بۆ بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە، بە مەبەستی زیاتر بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی فەرمانگەکەمان و گونجاندنی زیاتر لەگەڵ یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.
٣- هەماهەنگی کردن لە گەڵ گشت بەڕێوبەرایەتیەکانی فەرمانگەکەمان لە ڕێگەی گۆڕینەوەی ڕاو سەرنج و زانیاریەکانیان، بە مەبەستی زیاتر بەرەوپێش بردنی کارەکانی فەرمانگەکەمان و زیاتر خزمەت گەیاندن بە ڕێکخراوە نا حکومیەکان و هاوڵاتیان.
٤- بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆبونەوە و سمینارەکانی ناوەوە و دەرەوەی فەرمانگەکەمان تایبەت بە کاروچالاکیەکانی فەرمانگەکەمان، بە مەبەستی گۆڕینەوەی زانیاری زیاتری بابەتیانە.
٥- بەشداریکردن لەو لێژنانەی دروست دەکرێ لە لایەن سەرۆکی فەرمانگە بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوبەرایەتیەکانی تری فەرمانگەکەمان یان دەرەوەی فەرمانگەکەمان، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە یان بەدواداچوون یان ووردبینی کردن لە هەر بابەتێکی دیاریکراو.
٦- ئەنجامدانی ڕاهێنان (ترێنینگ) و ڕاهێنانەوە (ڕیفرێش ترێنینگ) و سمینار و کۆبونەوە بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتی یاسایی بە شێوەی دووبارە و بەردەوام و دوای پشووە درێژەکان.

دووەم/ ئەرک و بەرپرسیاریەتی بە شێوەی تایبەت:

أ- داواکان:

١. تۆمارکردنی داوای یاسای لە دادگای بەرایی شوێنی سەرەکی کارکردنی ڕێکخراو لە دژی ئەو ڕێکخراوانەی پێشێلکاریەکان هەڵناگرن دوای ڕاگرتنی کارەکانیان بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ، بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکە بە زۆرەملێ لە ڕێگەی داوای یاسایی.
٢. ئامادەبوون لە دادگا لە کاتی تۆمارکردنی هەر داوایەکی یاسایی لە دژی فەرمانگەکەمان یان لە دژی هەر فەرمانبەرێکی فەرمانگەکەمان سەرەڕایی کارەکەی، بەمەبەستی گەیاندنی داواکە بە بڕیارێکی دادپەروەرانەی دادگا یان ڕەتکردنەوەی داواکە.
٣. ئامادەبوون لە دادگا لە کاتی داخیلکردنی فەرمانگەکەمان لە پاڵ داواکار یان داوالێکراو لەلایەن دادگا بە مەبەستی ڕونکردنەوە و وەڵام دانەوەی هەر پرسیارێکی دادگا دەربارەی بابەتی داوا.

ب- گرێبەستەکان:

١. ئەنجامدان و ووردبینی کردن و پەسەند کردنی هەر گرێبەستێک کە لە بەڕێبەرایەتی یاسایی ئەنجام دەدرێت، بەمەبەستی ڕاستاندن و گونجاندنی لەگەل یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.
٢. ووردبینی کردن و پەسەند کردنی هەر گرێبەستێک کە لە فەرمانگەکامان ئەنجام دەدرێت، بەمەبەستی راستاندن و گونجاندنی لەگەل یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.
٣. ووردبینی کردن و پەسەند کردنی گشت گرێبەستی ڕێکخراوەکان کە لە ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی ڕێکخراوەکان پێشکەشی فەرمانگەکەمان دەکرێت.

ج- ووردبینی کردن:

١. ووردبینی کردن لە ناوی ڕێکخراوی کوردستانی داواکار بۆ دامەزراندن بە مەبەستی واتاداری و گونجاوی لەگەل یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان.
٢. ووردبینی کردن لە دۆسیەی ڕێکخراوی کوردستانی داواکار بۆ دامەزراندن لە ڕووی تەمەنی یاسای دامەزرێنەران و ڕەگەزیان و نەتەوەیان، کە دەبێت کوردستانیەکیان لەگەڵ دابێت.
٣. ووردبینی کردن لە داواکاری تۆمارکردنی ڕێکخراوی عێراقی لە هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی گونجاندنی لەگەڵ یاسا بەرکارەکان لە هەرپمی کوردستان.
٤. ووردبینی کردن و پەسەندکردنی نوێنەری دەستەی دامەزرێنەران و لە ڕێکخراوی کوردستانی داواکار بۆ دەمەزراندن، بەمەبەستی وەرگرتنی ووتەکانی و وەرگرتنی نوێنەرایەتیەکەی و مۆر کردنی.
٥. ووردبینی کردن لە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی کوردستانی داواکار بۆ دامەزراندن، وە ڕێکخراوی عێڕاقی و بیانی کە دەیانەوێ لق لە هەرێمی کوردستان بکەنەوە، بە تایبەتی ناو و پێناسەو ئامانجەکانی ڕێکخراو، بەمەبەستی گونجاندنی لەگەڵ یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان، دواتر مۆر کردن و پەسەنکردنی پەیڕەو.
٦. ووردبینی کردن لە مامەڵەی دەرکردنی بڕیاری کارگێڕی بۆ ڕێکخراوە کوردستانیە تازە دامەزراوەکان و هێنانی دۆسیەی ڕێکخراو و وردبینی کردنی، بەمەبەستی پێشکەش کردنی وێنەیەک لە بروانامەی تۆمار و وێنەیەکی پەسەندکراوی هەریەک لە تۆماری (سجل) هەبووەکان و ئەندامان و بڕیارەکان و ژمێریاری ، لە لایەن فەرمانگەی دادنوسی هەرێمی کوردوستان، لەگەل وێنەیەک لە کۆنوسی کۆبونەوە و بڕیاری دیاری کردنی دەستەی کارگێڕی، ئەمەش بە داواکاریەک لە کلێشەی ڕێکخراو بە مۆری ڕێکخراو پێشکەشی فەرمانگە دەکرێت.
٧. ووردبینی کردن لە مامەڵەی نوێکردنەوەی سالانەی بڕیاری کارگێڕی بۆ گشت ڕێکخراوە کوردستانیە تۆمارکراوەکان لە فەرمانگەکەمان، بەمەبەستی پێشکەش کردنی وێنەی ڕەسەنی فەرمانی کارگێڕی کۆن و وێنەیەک لە بروانامەی تۆمار و وێنەیەکی پەسەندکراوی هەریەک لە تۆماری (سجل) هەبووەکان و ئەندامان و بڕیارەکان و ژمێریاری ، لە لایەن فەرمانگەی دادنوسی هەرێمی کوردوستان، ئەمەش بە داواکاریەک لە کلێشەی ڕێکخراو بە مۆری ڕێکخراو پێشکەشی فەرمانگە دەکرێت، دوای پێشکەش کردنی راپۆرتی دارای ساڵانەی ڕێکخراو و پەسەندکردنی ڕاپۆرتەکە.

٨. ووردبینی کردن لە مامەڵەی گۆڕانکاری لە دەستەی کارگێڕی یان سەرۆکی ڕێکخراوە کوردستانیەکان، بەمەبەستی پێشکەش کردنی وێنەی ڕەسەنی فەرمانی کارگێڕی کۆن و وێنەیەک لە بروانامەی تۆمار، وە پێشکەش کردنی کۆنوسی کۆبونەوە و بڕیاردان لەسەر گۆڕانکاریەکان (٥٠+١)، ئەمەش بە داواکاریەک لە کلێشەی ڕێکخراو بە مۆری ڕێکخراو پێشکەشی فەرمانگە دەکرێت، لەگەل هەبوونی پشتگیری هەبوونی ڕاپۆرتی دارایی.
٩. ووردبینی کردن لە مامەڵەی گۆڕینی ناو و لۆگۆی ڕێکخراو بەمەبەستی پێشکەش کردنی وێنەی ڕەسەنی بڕیاری کارگێڕی کۆن و بروانامەی تۆمار وە پێشکەش کردنی کۆنوسی کۆبونەوە و بڕیاردان لەسەر گۆڕانکاریەکان بە دەنگی (٥٠+١)، ئەمەش بە داواکاریەک لە کلێشەی ڕێکخراو بە مۆری ڕێکخراو پێشکەشی فەرمانگە دەکرێت، لەگەل هەبوونی پشتگیری هەبوونی ڕاپۆرتی دارایی.
١٠. ووردبینی کردن لە داواکاری هەڵوەشاندنەوەی ئارەزومەندانەی ڕێکخراو، بەمەبەستی ووردبینی کردن لە دۆسیەی ڕێکخراوەکە و نەبوونی کێشەی یاسایی لە ناو دۆسیەکەی، نەبوونی داوای یاسایی لەسەر ڕێکخراوەکە، وە پێشکەش کردنی داواکاری لە کلێشەی ڕێکخراو بە مۆری ڕێکخراو پاڵپشت بە کۆنووسی بڕیاری واژوو کراو لەلایەن بڕیاردەران(٥٠+١)، وە گەراندنەوەی هەریەک لە بروانامەی ڕەسەن و بڕیاری کارگێڕی ڕەسەن و هەرچوار تۆمارەکە ( هەبووەکان ، ئەندامان، بڕیارەکان ، ژمێریاری) ومۆری ڕێکخراو و گشت هەبووەکان.
١١. ووردبینی کردن لە داواکاری تۆمارکردنی لقی ڕێکخراوی بیانی، بەمەبەستی پێشکەش کردنی داواکاریەک لە کلێشەی ڕێکخراوی دایک لەگەل پێشکەشکردنی ووێنەی پەسەندکراو لە بڕوانامەی تۆمار و ووێنەی پەسەندکراو لە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی دایک و وێنەیەکی پاسەندکراو لە ڕێگەپێدان بۆ سەرۆکی هەرێمی ڕێکخراوەکە لە هەرێمی کوردستان، گشت بەڵگەنامەکانی سەرەوە دەبێت لە وەزارەتی دەرەوەی وولاتی دایک مۆر کرابێت پاشان لە کۆنسوڵگەری عێراق یان نوسینگەی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لەو وولاتە مۆر بکرێت پاشان لە فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتی وەزارەتی دەرەوە لە هەرێمی کردستان پاشان لە وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان، پێشکەش کردنی پلانی ساڵێکی کارکردنی ڕێکخراو لە هەرێمی کوردستان، دواتر گشت بەڵگەنامەکان وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی لەلایەن وەرگێڕی یاسایی و مۆری دەکات.
١٢. ووردبینی کردن لە داواکاری گۆڕینی سەرۆکی هەرێمی ڕێکخراوی بیانی، بە مەبەستی پێشکەش کردنی داواکاریەک لە کلێشەی ڕێکخراوی دایک لەگەل پێشکەشکردنی ووێنەی ڕەسەن لە بڕوانامەی تۆمار لە هەرێمی کوردستان و ووێنەیەکی پاسەندکراو لە ڕێگەپێدان بۆ سەرۆکی هەرێمی نوێی ڕێکخراوەکە لە هەرێمی کوردستان، گشت بەڵگەنامەکانی سەرەوە دەبێت لە وەزارەتی دەرەوەی وولاتی دایک مۆر کرابێت پاشان لە کۆنسوڵگەری عێراق یان نوسینگەی نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لەو وولاتە مۆر بکرێت پاشان لەفەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرایەتی وەزارەتی دەرەوە لە هەرێمی کردستان پاشان لە وەزارەتی داد هەرێمی کوردستان، دوواتر گشت بەڵگەنامەکان وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی لەلایەن وەرگێڕی یاسایی مۆر دەکرێت.
١٣. ووردبینی کردن لە داواکاری نوێکردنەوەی بڕیاری کارگێڕی ڕێکخراوی عێراقی و بیانی، بەمەبەستی دڵنیابوون لە هەبوونی بڕوانامەی تۆماری پەسەند کراو و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەند کراو و ڕێگا پێدانی پەسەند کراو بۆ سەرۆکی هەرێمی لە دۆسیەی ڕێکخراوی عێراقی یان بیانی.

د- بەڵێننامە

١. وەرگرتنی بەڵێننامە لە سەرۆک یان نوێنەری ڕێگا پێدراو یان بریکاری ڕێکخراو لە کاتی هەبوونی هەر کەموکوڕیەک لە پێشکەش کردنی هەر مامـەڵەیەک، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کەموکوڕیەکە لە ماوەیەکی دیاری کراو لە داهاتوو.
٢. وەرگرتنی بەڵێننامەی لە ئەندامانی ڕێکخراو و سەرۆکی ڕێکخراو لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری هەڵوەشاندنەوەی ئارەزوومەندانەی ڕێکخراوەکەیان بەمەبەستی دڵنیابوون لە نەبوونی هیچ کێشەیەکی یاسایی.
٣. وەرگرتنی بەڵێننامە لە نوێنەری ڕێکخراو لە کاتی پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی دارایی، بەمەبەستی چارەسەرکردنی هەر کەموکوڕیەک کە لە ڕاپۆرتی دارایی هەیە.
٤. هەڵوەشاندنەوەی بەڵێننامە لە کاتی پێشکەش کردنی بەڵێندەر بەو بابەتەی بەڵێنی دابوو پێشکەشی بکات لەکاتی دیاریکراوی خۆی، وە ناردنی بۆ جێگای مەبەست بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕیەکە.
٥. وەرگرتنی بەڵێننامە لە سەرۆک یان نوێنەری ڕێکخراوی عێراقی یان بیانی کە پێشتر تۆمارکراون، لە کاتی نەبوونی بەڵگەنامەی پاسەند کراو لە ناو دۆسیەکەیان یان هەبوونی هەر کەم و کوڕیەک لە دۆسیەکەیان بەمەبەستی گونجاندنی بەڵگەنامەکانیان لەگەڵ یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.
٦. وەرگرتنی بەڵێننامە لە سەرۆک یان نوێنەری ڕێکخراوی عێراقی یان بیانی داواکار بۆ تۆمارکردنی لقی ڕێکخراوەکەیان لە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی زیادکردنی هەر بڕگەیەکی یاسایی لە پەیڕەو ناوخۆی ڕێکخراوەکە، هەرکاتێک ئەم بڕگانە بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان داواکراوبن و لە پەیڕەوی ڕێکخراوەی دایک نەبێت.

هـ- بڕیارەکان

١. دەرکردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئارەزومەندانەی ڕێکخراوی کوردستانی یان لقی ڕێکخراوی بیانی و ڕێکخراوی عێراقی لە هەرێمی کوردستان ، دوای دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی داواکاریەکە و نەبوونی کێشەی یاسایی.
٢. ناردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئارەزومەندانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان بەمەبەستی گشتاندنی بڕیارەکە بۆ گشت لایەنە پەیوەندی دارەکان.
٣. پێدانی سزای ئاگادارکردنەوە بۆ ڕێکخراوەکان لە کاتی ئەنجامدانی هەر پێشێلکاریەکی یاسای لە لایەن ڕێکخراوەکە یان ئەندامانی، بەمەبەستی وەستاندنی پێشێلکاریەکان.
٤. دەرکردنی بڕیاری ڕاگرتنی کار و چالاکیەکانی ڕێکخراوی سەرپێچیکار بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیارەکە، لە کاتی هەڵنەگرتنی پێشێلکاری یاسایی لەدوای بەسەرچونی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی ئاگادارکردنەوە.
٥. داواکردنی گشتاندنی بڕیاری ڕاگرتنی کارو چالاکی ڕێکخراوی سەرپێچیکار لە ئەنجومەنی وەزیران سەرۆکایەتی دیوان، بەمەبەستی گەیاندنی بڕیارەکە بە گشت دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٦. دەرکردنی بڕیاری ڕەتکردنەوەی تۆمار لە کاتی هەبوونی هەرکێشەیەکی یاسایی جارەسەرنەکراو لە داواکاری دامەزراندنی ڕێکخراوی کوردستانی یان تۆمارکردنی لقی ڕێکخراوی بیانی یان عێراقی لە هەرێمی کورستان.
٧. دەرکردنی هەر بڕیارێک لەسەر داواکاری بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی فەرمانگەکەمان و بەرەوپێشبردنی کارەکانی فەرمانگەکەمان و بە جۆرێک لەگەڵ ئامانجەکانی فەرمانگەکەمان بگونجێت.


و/ لێژنەو نوێنەرایەتیەکان:


١. بەشداریکردن لەو لێژنانەی کە دروست دەکرێ لە لایان سەرۆکی فەرمانگە، بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ بەڕێوبەرایەتیەکانی تری فەرمانگەکەمان یان دەرەوەی فەرمانگەکەمان، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە یان بەدواداچوون یان ووردبینی کردن لە هەر بابەتێکی دیاریکراو.
٢. لێکۆڵینەوە لە داواکاری و بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک و ئەندامانی ڕێکخراو بەمەبەستی پەسەندی و گونجاوی لەگەل پەیرەوی ناوخۆی ڕێکخراو و بنەماکانی دیموکراسی لە ناو ڕێکخراوەکە و نەبوونی پاڵەپەستۆ و پابەندکردن بە دەست لەکار کێشانەوە.
٣. لێکۆڵینەوە لە سکاڵای سەرۆک و ئەندامانی ڕێکخراو و لێکۆلینەوە لە بابەتی سکاڵاکە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ کردن لەگەل سەرۆکی ڕێکخراوەکە.
٤. بەشداری کردن لەو لێژنانەی فەرمانگەکەمان لەگەڵ دامودەزگاکانی تری حکومەت هەیەتی بە مەبەستی هەماهەنگی کردن و پێکەوە کارکردنی زیاتر.

ی/ وەڵام دانەوەی نوسراوەکان:

١. وەڵام دانەوەی نوسراوەکانی دادگا دوای ووردبینی کردن لە دۆسیەی ڕێکخراوەکە بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستی و دروستی ئەو زانیاریانەی کە بۆ دادگا ڕەوانە دەکرێن.
٢. وەڵام دانەوەی نوسراوی بانک کاتێک ئاراستەی فەرمانگەکەمان دەکرێت بەمەبەستی کردنەوەی هەژماری بانکی بۆ ڕێکخراوەکان و درێژە پێدانی.
٣. وەڵام دانەوەی گشت ئەو نوسراوانەی ئاراستەی فەرمانگەکەمان/ بەڕێوبەرایەتی یاسایی دەکرێت، یان ئەو نوسراوانەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە هامش بۆ بەڕێوبەری یاسایی دەکات بەمەبەستی وەڵام دانەوەی نوسراوەکە.

داتای بەڕێوەبەرایەتی یاسایی:




٥- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون


## داتای چالاکییەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون

| ز | جۆری چالاکی | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە سەردانی مەیدانیان بۆ کراوە بە مەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون بە کار و چالاکییەکانیان | ١٢٣ |
| ٢ | ژمارەی نووسراوەکان | ٢٥٠ |
| ٣ | ژمارەی پەیوەندییە تەلەفونییەکان | ٥٢٠ |
| ٤ | ژمارەی ئەو بڕیارە کارگێڕییانەی کە کاریان لەسەر کراوە | ٢٠٠ |
| ٥ | ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە بەدواداچوون بۆ دۆسییەکانیان کراوە | ١٥٠ |
| ٦ | ژمارەی بەشداربوون لە کۆبوونەوەکان | ١٨٦ |
| ٧ | ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕاپۆرتی دارییان ڕەوانەی چاودێری دارایی کراوە | ٥٢ |
| ٨ | ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە ڕاپۆرتی داریی و دۆسییەکانیان ڕەوانەی بەڕیوەبەرایەتی یاسایی کراون | ١٧٧ |
| ٩ | ژمارەی ئەو ڕێکخراوانەی کەبەدواداچوون بۆ سکاڵاکانیان کراوە | ٦٩ |
| ١٠ | بەدواداچوون بۆ سکاڵا | ٦٩ |
| ١١ | لادانی پێشێلکاری | ٤٠ |
| ١٢ | بەشداربوون لە خولی تواناسازی | ٤ |
| ١٣ | کۆبوونەوە لەگەڵ کونسولگەریی وڵاتان لەگەڵ سەرۆکی فەرمانگە | ٦ |
| ١٤ | وەڵامدانەوەی نووسراو | ٣٢٠ |
| ١٥ | کردنەوەی دۆسییەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ ڕێکخراوەکان | ٢٣٦ |
| ١٦ | کوبوونەوە و ئەندامییەتی لە لێژنەی هەماهەنگی لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەت | ١٠ |


## ٦- بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکان

داتای چالاکی بەڕێوبەرایەتی زانیارییەکان




بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکان لەماوەی ساڵی ٢٠٢٢ دا، ١٤٥ ئیمەیلی وەڵامداوەتەوە/ ناردووە. ئیمەیلەکانیش بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بووە، وەکو لەم خشتەیە ڕوونکراوەتەوە





چالاکییە جۆرییەکان:

١- سەرپەرشتی کردنی لێژنەی تایبەت بە پرۆژەی (سۆران، لانکەی شۆرش).
٢- سەرپەرشتی کردنی خوولەکانی پەرەپێدانی تواناکانی فەرمانبەران و ڕێکخراوەکان.
٣- سەرپەرشتیکردنی دروستکردنی سیستەمی داتابەیسی فەرمانگە و بەدیجیتاڵکردنی ئەرشیفی فەرمانگە.
٥- سەرپەرشتی کردنی کەمپینی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی هەولێر.
٦- بەدواداچوون بۆ کار و باری تایبەت بە تەکنەلۆجیای زانیاری (کۆمپیوتەر، پرینتەر، نێتوۆرک).
٧- ئامادەکاری بۆ دروستکردنی سیستەمی ئۆنلاین.
٨- بەرێوەبردنی پەیجی فەرمی فەرمانگە و ئیمەیلی فەرمانگە.
٩- بەشداریکردن لە چالاکی ڕێکخراوەکان.
١٠- سەرپەرشتی کردنی دارشتنی پلانی ستراتیژی فەرمانگە بۆ ماوەی سێ ساڵی داهاتوو بە هەماهەنگی لەگەڵ پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان UNDP.
١٢- بەشداریکردن لە Expo Dubai و پێشکەشکردنی بابەتێکی تایبەت بە ناساندنی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.


## داتای تایبەت بە پەیجی فەیسبووکی فەرمانگە

لێرەدا هەندێک داتای تایبەت بە پەیجی فەرمی فەرمانگە لە فەیسبووک لەماوەی ساڵی ٢٠٢٢ دا دەخەینەڕوو:


١- ڕێژەی گەیشتنی پۆستەکان بۆ بەکارهێنەران بە ڕێژەی ٤٢% زیادی کردووە.




٢. سەردانیکەرانی پەیجی فەرمانگە بە ڕێژەی ٣٤٨% زیادی کردووە




٣. لایک کردنی پەیجی فەرمانگە بە ڕێژەی ٦٢.٩% زیادی کردووە.





# پرۆژەی
# (سۆران، لانکەی شۆرش)







07508110808
info@dngo.krd
gov.krd/dngo
krg.dngo.official

# دەربارەی پرۆژە

دوای بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ناساندنی قەزای سۆران وەک ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە ئەرکی خۆی زانی کە پرۆژەیەک لە ئیدارەکە جێبەجێ بکات لەپێناو برەودان بە کاری ڕێکخراوەیی و گەیاندنی خرمەتگوزاری بەشێک لە ڕێکخراوە کوردستانی، عیراق و نێودەوڵەتییەکان.
بۆ ئەم مەبەستە، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە بڕیاری ژمارە (٩٦٥) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/٨) بڕیاری دا بە پێکهێنانی لێژنەیەک بە مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژەکە. وە پرۆژەکەش ناونرا بە (سۆران، لانکەی شۆڕش) ئەویش بەهۆی ئەو ڕۆڵە بەچاوەی کە ناوچەکە لە شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەیی گێڕاویەتی.
هەر دوای دەرچوونی بڕیارەکە، سەرۆک و ئەندامانی لێژنە دەستیان بەکارکرد و پەیوەندی کرا بە چەندین ڕێکخراو بۆ بەشداریکردن لە پرۆژەکە. ئەو ڕێکخراوانەش دیاریکران کە ڕەزامەندیان دا بە بەشداریکردن. ئەوە جگە لە پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوەکانی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بە مەبەستی سوودمەندبوون لە کار و چالاکی پرۆژەکە کە بەشێکیان پەیوەست بوون بە پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان لە سنوورەکە.
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ماوەی یەک هەفتەی دیاریکرد وەکو دەستپێک بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە ئەمیش لە ڕێکەوتی ٣ بۆ ٢٠٢٢/٧/٧، بەجۆرێک کە لە ماوەی ئەم هەفتەیە ستافی فەرمانگە لە ئیدارەی سۆران مانەوە بە مەبەستی هەماهەنگی و سەرپەرشتیکردنی کار و چالاکییەکانی پرۆژەکە.
شایانی باسە پرۆژەکە بە درێژایی ساڵی ٢٠٢٢ بەردەوام دەبێت و فەرمانگە بەردەوام دەبێت لە هەماهەنگی کردن لە نێوان ڕێکخراوە بەشدارەکان و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بە مەبەستی جێبەجێکرنی کار و چالاکییەکانی پرۆژەکە.

# بڕیاری پێکهێنانی لێژنە

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية
مديرية الادارة

ژمارە: ٥٦٩
ڕێکەوت: ١٨ جۆزەردان ٢٧٢٢

العدد:
التاريخ: ٨/٦/٢٠٢٢

بڕیـــــار

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە یاسای فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)، پەیرەوی ژمارە (٤) ماددەی (دووەم) برگەی (٢)، بڕیارماندا بە پێکهێنانی لێژنەیەک لەم بەڕێزانەی کە ناو و ناونیشانیان لەخوارەوە هاتووە بە مەبەستی سەردانیکردنی ئیدارەی سۆران بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ رێکخراوە ناحکومییەکان و ئیدارەی سۆران بەمەبەستی بەسەرکردنەوە و ئاگاداربوون لە کاروباری رێکخراوەکانی ئیدارەی ناوبراو و گەیاندنی هاوکاری و جێ بە جێ کردنی چەند پرۆژەیەک بە هاوکاری و هەماهەنگی چەند رێکخراوێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

| ز | ناوی سیانی | ناونیشان | کاری لە لێژنە |
|---|---|---|---|
| ١ | بارزان صابر خالد | ڕێنماییکاری پەروەردەیی | سەرۆک |
| ٢ | سەروان حسن احمد | نووسەر | جێگری سەرۆک |
| ٣ | برکات حامد حسێن | تێبینەر | ئەندام |
| ٤ | علی عبدالله احمد | م. یاریدەدەر | ئەندام |
| ٥ | محمد وریا باپیر | کرێی کاری رۆژانە | ئەندام |
| ٦ | دەرباز عبدالرزاق عبدالله | کرێی کاری رۆژانە | ئەندام |

لەگەڵ ڕێزدا ..

بارزان ئەکرەم مەنتک
سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان
٨/٦/٢٠٢٢

وێنەیەک بۆ/
- نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران / لەگەڵ ڕێزدا
- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرجەم ئەندامانی لێژنە / بۆ ئاگاداریتان .
- دۆسیەی کەسیەتی.

ناونیشان-هەرێمی کوردستان-عێراق
info@krgngo.org :ئیمەیڵ

عنوان-إقليم كوردستان-العراق
رقم الهاتف: ٠٠٩٦٧٥٠٤١١٠٨٠٨

Address-Kurdistan Region-Iraq-Erbil
www.krgngo.org

# فەرمانی سەرۆکایەتی دیوان


حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی کاروباری کارگێری و دارایی

حکومة إقليم كوردستان ـ العراق
مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة الشؤون الادارية و المالية


ژمارە: ٨٧٦٢ العدد:

ڕێکەوت: ٢٦/ جۆزەردان/ ٢٧٢٢ی کوردی التاريخ: ١٦/ ٦/ ٢٠٢٢

## فەرمان

بڕیاردرا بە پێکهێنانی لێژنەیەک بە سەرۆکایەتی و ئەندامیەتی ئەو بەڕێزانەی کە ناو و ناونیشان و ئەرکیان لە لێژنەی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە، بە مەبەستی بەسەرکردنەوە و ئاگاداربوون لە کاروباری ڕێکخراوەکانی ئیدارەی سۆران و گەیاندنی هاوکاری و جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەک بە هاوکاری و هەماهەنگی چەند ڕێکخراوێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

| ژ | ناو | ناونیشان | کاری لە لێژنە |
|---|---|---|---|
| ١ | بارزان صابر خالد | ڕێنماییکاری پەروەردەیی | سەرۆک |
| ٢ | سەروان حسن احمد | نووسەر | جێگری سەرۆک |
| ٣ | برکات حامد حسين | تێبینەر | ئەندام |
| ٤ | علی عبدالله احمد | م. یاریدەدەر | ئەندام |
| ٥ | محمد وريا بابير | کرێی کاری ڕۆژانە | ئەندام |
| | دەرباز عبدالرزاق عبدالله | کرێی کاری ڕۆژانە | ئەندام |

-ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت.


د. ئومێد صباح عثمان
سەرۆکی دیوان

وێنەیەک بۆ:

- فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان/ نووسراوتان ژمارە (٩٥٦) لە ٢٠٢٢/٦/٨ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی کاروباری کارگێری و دارایی.
- دۆسیەی گشتی.
- خولاو

# کۆبوونەوەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران







ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٣، لە هۆڵی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ستافی سەرپەرشتیاری پرۆژەی (سۆران، لانکەی شۆڕش) لەگەڵ سەرۆکی ئیدارەی سۆران و قائمقامەکان و نوێنەری زانکۆی سۆران و بەڕێوەبەرە گشتیەکان کۆبوونەوە. ئامانج لە کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە ناساندنی پرۆژەکە و دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان ئەو ڕێکخراوانەی کە کار و چالاکییەکان جێبەجێ دەکەن لەگەڵ یەکە ئیدرایيە پەیوەستەکان و کەسانی سوودمەندبوو.

لە کۆبوونەوەکە (بارزان ئەکرەم مەنتک) سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان پیرۆزبایی لە ستافی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کرد بە بۆنەی بوون بە ئیدارەیەکی سەربەخۆ و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بڕیاری دا بە برەو دان بەکاری ڕێکخراوەیی و بەسەرکردنەوەی ڕێکخراوەکانی سنووری ئیدارەکە.

وە ئەوەشی ڕوونکردەوە کە پرۆژەکە خزمەت بە چەندین سێکتەری ئیدارەکە دەکات، لەوانە: ژینگە، پەروەردە و خوێندنی باڵا، پەرەپێدانی تواناکان، خاوەن پێداویستی تایبەت، نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان، هاریکاری مرۆیی، گەشت و گوزار.

لە لای خۆشیەوە (هەڵگورد شێخ نەجیب) سەرۆکی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران دەستخۆشی لەم هەنگاوەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان کرد و بە دەستپێشخەرییەکی کەم وێنەی هەژمار کرد و هەروەها ئامادەیی ئیدارەکەی دەربڕی بۆ هەموو جۆرە ئاسانکاری و هەماهەنگییەک لەپێناو جێبەجێ کردنی پرۆژەکە بە سەرکەوتوویی.

# پانێلی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و ڕێکخراوەکان








هەر ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٣، و دوای کۆبوونەوەی فەرمانگە و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، لە هۆڵی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران پانێلێکی فراوان سازکرا بۆ ڕێکخراوە بەشداربووەکان لە پرۆژەکە بە ئامادەبوونی سەرۆکی فەرمانگە و سەرۆکی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و نوێنەری ڕێکخراوەکان.

لە سەرەتای پانێلەکە سەرۆکی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران ووتارێکی پێشکەشکرد لە تیایدا جەختی کردەوە لەسەر گرنگی ئەم پرۆژەیە و ئامادەیی ئیدارەکە بۆ هەموو جۆرە ئاسانکاری و هەماهەنگییەک لەپێناو جێبەجێ کردنی پرۆژەکە بە سەرکەوتوویی. دواتریش سەرۆکی فەرمانگە لە ووتەیەکیدا تیشکی خستە سەر هۆکارەکانی هەڵبژاردنی سۆران بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە و گرنگی کاری ڕێکخراوەیی. وە ئەوەشی ڕوونکردەوە کە چالاکییەکانی ئەم هەفتەیە تەنها دەستپێکە و پرۆژەکە لە داهاتوودا بەردەوام دەبێت.

دوای ئەوە بوار درا بە بەشێک لەو ڕێکخراوانەی کە بەشداربوون لە پرۆژەکە بۆ ئەوەی کار و چالاکییەکانیان لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران بخەنە ڕوو.

لە کۆتاییشدا بوار درا بە بەشداربووان بۆ خستنەڕووی ڕاو سەرنج و تێبینییەکان و لە لایەن سەرۆکی فەرمانگەوە وەڵامیان درایەوە.

# کۆبوونەوەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکان سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران





هەر لە رۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٣، کاتژمێر ٤:٣٠ بۆ ٦ی ئێوارە، سەرۆکی فەرمانگە و لێژنەی فەرمانگەی تایبەت بە پرۆژەی (سۆران، لانکەی شۆرش) لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاوی سەرۆک و نوێنەری ڕێکخراوەکانی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کۆبوونەوە.

لە کۆبوونەوەکە سەرۆکی فەرمانگە تیشکی خستە سەر گرنگی بوونی ڕێکخراو لە نێو کۆمەڵگە و ئەو ئەرک و بەرپرسیارییانەی کە دەکەوێتە سەر شانی ڕێکخراو. وە ئەوەشی ڕوون کردەوە کە دامەزراندنی ڕێکخراو مافێکی مەدەنی یە، بەڵام کە ڕێکخراو دروست بوو ئەوا دەکەوێتە ژێرباری هەندێک پابەندی یاسای. ئەوە جگە لەوەی سەرۆکی فەرمانگە چەندین بابەتی تایبەتی بە شێوازی کارکردنی فەرمانگە دوای دەستیبەکاربوونی ستافی نوێ خستەڕوو.

لە دواتریش بوار درا بە هەموو بەشداربووان بۆ ئاراستەکردنی پرسیار و سەرنج و تێبینیەکانیان. لە کۆتاییشدا سەرۆکی فەرمانگە بەشێوەیەکی گشتی وەڵامی پرسیارەکانی ئامادەبووانی دایەوە.

# ڕاهێنانێکی TOT بۆ ڕێکخراوەکانی سۆران



ڕێکخراوی ستاتیستیکس بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگە، ڕاهێنانێکی TOT یان پێشکەش بە ژمارەیەک ڕێکخراوی ناحکومی سۆران کرد. ڕاهێنانەکە لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٤ لە هۆڵی بۆنەکان لە سۆران بەڕێوەچوو



ڕاهێنانەکە لەلایەن ڕاهێنەر (مصطفى محمد حسين) پێشکەشکرا. لە ڕاهێنانەکە تیشک خرا سەر چەند بابەتێکی تایبەت بە کارامەیی و تایبەتمەندییەکانی ڕاهێنەری سەرکەوتوو.

# سیمیناری فریاگوزاری سەرەتایی

لە ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٤، کاتژمێر ١٠-١٢ی بەیانی، ڕێکخراوی الثقە بە سەرپەرشتی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و زانکۆی سۆران لە هۆلی فرسەت صۆفی لە کۆلێژی زانست، سیمینارێکیان لەلایەن دکتۆر (کاروان جمال) دەربارەی فریاگوزاری سەرەتایی پێشکەش کرد.






لە سیمینارەکەدا هەریەکە لە (سەروان حسن احمد) بەڕیوبەری بەشی پرۆژەکان و (دەرباز عبدالرزاق) لە بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوون و (٣٠) مامۆستا و فەرمانبەر لە بەشە جیاوەزەکانی زانکۆی سۆران بەشداربوون، سیمینارەکەدا دکتۆر کاروان جمال باسی لەو بارودۆخانەکرد کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیان ڕووبەڕوویان دەبێتەوە بۆ نمونە سوتان، ئێسک شکان، گەشکە و قوتدانی شت وە هەروەها بەوردی باسی لەو ڕێگاو چارەسەرانە کرد کە چۆن بتوانیین یارمەتی ئەو کەسانە بدەین کەوا ڕووبەڕووی ئەو ڕووداوانە دەبنەوە.

ئامانج لە ئەنجامدانی سیمینارەکە بریتی بوو لە زیاتر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و زیاتر ئاشناکردنی مامۆستایان و فەرمانبەران بەو بارە لە ناکاوانە و یارمەتی دانی قوتابیان لە ئەگەری ڕوودانی ئەو ڕووداوانە، لە کۆتایشدا ٣٠ سندوقی فریاگوزاری سەرەتای کە لە لایین ڕێکخراوی الثقە دابین کرابوون پێشکەشی بەشە جیاوازەکان زانکۆی سۆران کرا بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست سودی لێوەربگرن.



# دابەشکردنی هاوکاری بەسەر منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت

حكومەتی هەرێمی کوردستان
حكومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان





ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٤
ڕێکخراوی TDHی ئیتاڵی، لە پارکی گوڵان
دیاری دابەشکرد بەسەر (٤٠) منداڵی خاوەن
پێداویستی تایبەت لە سنووری سۆران.

Terre des hommes
Helping children worldwide.

# سیمینارێک دەربارەی کارامەییەکانی دانوستانکردن

کاتژمێر ٩:٣٠ خوولەکی بەیانی، لە هۆڵی ئیسماعیل بێشکچی لە فاکەڵتی ئاداب لە زانکۆی سۆران، ڕێکخراوی INSO سیمینارێکی پێشکەش بە ڕێکخراوەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کرد لەبارەی تێڕوانینێکی گشتی بۆ دانوستانە مرۆییەکان، کە تیایدا چەندین بابەتی گرنگی تایبەت بە دانوستان ڕوونکرایەوە، وەکو هەنگاوەکانی پرۆسەی دانوسانکردن و تەکنیکەکانی کاریگەری دروستکردن. دواتریش بڕوانامە بەسەر بەشداربووان دابەشکرا.







INTERNATIONAL NGO SAFETY ORGANISATION

# مافەکانی منداڵان

ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی ٥ / ٧ / ٢٠٢٢، کاتژمێر ١١ بەیانی تیمی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحوکمییەکان تیمێکی ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان لەشاری سۆران کەمپینێکی هۆشیارکردنەوەی لە ژێرناوی (نا بۆ کارکردن و سواڵپێکردنی منداڵ) دەستپێکرد کە بریتی بوو لە دابەشکردنی (١٠٠٠) بروشور لە نیو بازاری سۆران سەبارەت بە یاساکان و مەترسیە جەستەیی و دەرونیەکان سەبارەت بە کار کردن و سواڵپێکردنی منداڵان، ئامانج لە ئەنجامدانی ئەو کەمپینە بۆ زیاتر بلاوکردنەوی هۆشیاری بوو لە نێوان دووکاندار و کاسبکارانی نێو بازاری سۆران بۆ بەدوور گرتنی منداڵان لە کارکردن و بێبەش نەبوونیان لە خوێندن و مافە سەرەتایەکانیان.

هەر لە هەمان ڕۆژ، ڕێکخراوی ناوبراو سیمینارێکیان پێشکەشکرد سەبارەت مافەکانی منداڵ بۆ ئەفسەر و کارمەندانی بنکەی پۆلیسی نەوجەوانانی سۆران کرد. لە سیمینارەکە چەندین بابەتی تایبەت بە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ نەوجەوانان بۆ ئامادەبووان خرایە ڕوو.









# دابەشکردنی پێداویستی بەسەر منداڵان

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٥، ڕێکخراوی Bring Hope بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی نۆهاتی خێرخوازی، جل و بەرگ و دیاری بەسەر منداڵانی تووشبوو بە تالاسیما لە سنووری ئیدارەی سۆران دابەشکرد
چالاکییەکە لە نێو ئۆفیسی ڕێکخراوی نوهات بەڕێوەچوو کە تیایدا (٢١٨) منداڵی تووشبوو بە تالاسیما سوودمەند بوون.





هەر لە هەمان ڕۆژ، ڕێکخراوی دەستی هاوکاری، خۆراک و هاوکاری ماددی بەسەر (٥٠) خانەوادەی منداڵی بێناز لە سنووری ئیدارەی سۆران دابەشکرد.






**ڕێکخراوی کوردستان بۆ چاودێری مافەکانی مرۆڤ (KHRWO) لە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٦ سیمینارێکی پێشکەش بە ژمارەیەک ڕێکخراوی سنووری ئیدارەی سۆران کرد بە مەبەستی پەرەپێدانی تواناکانیان.**

سیمینارەکە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتبوو، تەوەری یەکەم لە لایەن سەرۆکی ڕێکخراو (هۆشیار مالۆ) پێکەشکرا، بابەتکان بریتی بوون لە هەڵسەنگاندنی پێداویسیتییەکان، دیاریکردنی ئەولەویەتی پێداویستییەکان، کۆکردنەوەی داتا، ئامادەکردنی نموونەی دەرخستە، جۆرەکانی بەخشین لە عێراق، مامەڵەکردن لەگەڵ بەخشەر.
تەوەری دووەم کە لە لایەن (د. عزالدین احمد عزیز) پێشکەشکرا دەربارەی بنەماکانی نووسینی پرۆپۆزەل و هەیکەلی ڕێکخراو بوو.

**شوێن، هوتێل سۆران پالاس**
**کات: ١٠ - ١١:٣٠ بەیانی**








منظمة جسور الشبابية
Jisor youth organization

حکومەتی هەرێمی کوردستان
حكومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

# پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکانی سۆران

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٦، ڕێکخراوی (جسور الشبابية)ی عیراقی سیمینارێکیان پێشکەشکرد دەربارەی شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتای زانیاری، دیاریکردنی ئامانج و بەدواداچوون لە کاری ڕێکخراوەیی.
سیمینارەکە لە هۆڵی هۆتێل سۆران پالاس بەڕێوەچوو و ژمارەیەک ڕێکخراوی سنووری ئیدارەی سۆران بەشداربوون تیایدا.








# پەرەپێدانی توانای کارمەندانی کەرتی تەندروستی



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٦ دەزگای بەیان بۆ گەشەپێدانی مرۆیی سیمینارێکیان پێشکەش بە (٨٠) کارمەندی تەندروستی نەخۆشخانەی ئاستی کرد لە سۆران. لە سیمینارەکە دەربارەی نەخۆشیە گوازراوەکان بوو کە لەلایەن پزیشکی پسپۆڕەوە پێشکەشکران.



سیمینارەکە لە کاتژمێر ٩:٣٠ خوولەکی بەیانی دەستی پێکرد و بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر بەردەوام بوو. لە سیمینارەکە جەخت کرایەوە سەر دوو نەخۆشی باوی گوازرایەوە ئەوانیش هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی و نەخۆشی ئایدز بوون.






# هاوکاری مرۆیی

## چوارشەممە ٢٠٢٢/٧/٦



ڕێکخراوی مرۆڤدۆستان، دابەشکردنی مەوادی پاککەرەوە و بەتانی بەسەر (٥٦٠) ژینگەپارێز. دابەشکردنی بڕی (١٧٥) سەبەتەی خۆراک بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی سەروەری هەڵەبجە بەسەر خانەوادە کەمدەرامەتەکان لە رواندوز، جگە لە دابینکردنی دەرمان بە بڕی (٦٢) ملیۆن دینار بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران و دابینکردنی ١٠ عارەبانە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت.













ڕێکخراوی (العین بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی) لە هۆڵی بۆنەکان لە سۆران بڕی (١٨٥) کارتۆنی خۆراکی دابەشکرد بەسەر خانەوادەی منداڵی بێناز لە سنووری ئیدارەی سۆران.

# هاوکاری مرۆیی

چوارشەممە ٢٠٢٢/٧/٦



ڕێکخراوی نەهری مرۆیی بڕی (٥٠٠٠) هەزار یەکەی دەرمانی دابینکرد بۆبەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران.

دابینکردنی جل وبەرگ بۆ ١٠٠ منداڵی هەژار و کەمدەرامەت لە لایەن ڕێکخراوی پەرە پەرەپێدانی تواناکانی مرۆڤ.

دابینکردنی سەبەتەی خۆراک بۆ (١٠) خێزانی کەمدەرامەت لەلایەن ڕێکخراوی هاوسۆزی بۆ ڕۆشنبیری و هاوکاری مرۆیی.





ڕێکخراوی Dorcas Aid International، (٢٠٠) سەبەتەی خۆراکی بەسەرخێزانی کەمدەرامەت دابەشکرد.

ڕێکخراوی ازدهارنا للتنمية الاقتصادية ١٠٠ کارتۆنی خۆراکی دابەشکرد بەسەر منداڵی بێناز و هەژار لە چۆمان.



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٢٤، هەردوو ڕێکخراوی سەروەری هەڵەبجە و مرۆڤدۆستان هەڵسان بە دابینکردنی (مەوادی پاککەرەوە و بەتانی) دابەشکردنی بەسەر (٢١٠) خێزانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران.

---



ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٢٥ -بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێکخراوی Free The oppressed خەرجی چاککردنەوەی سیستەمی ئاگرکوژێنەوەی نەخۆشخانەی ئاشتی لە سۆرانیان لە ئەستۆگرت.

---



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٢٧ ڕێکخراوی CHF International، بڕی (٣٠٠) کارتۆنی خۆراکی بەسەر خێزانی کەمدەرامەت لە ناوەندی سۆران، ڕواندز و چۆمان دابەش کرد.





ڕێکخراوی مرۆڤدۆستان بە بڕی ٢٢٨ ملیۆن دینار دەرمان و پێداویستی پزیشکیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران دابینکرد، جگە لەوەش خانوویێک بۆ دوو خوشک و برایەکی بێ دایک و باوک لە ناحیەی سمیلانی سەر بە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لە لایەن هەمان ڕێکخراوەوە دروستکرا.

---





ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٩/١٤، ڕێکخراوی حباء بۆ پەرەپێدان و کۆمەکی مرۆیی بڕی ٣٠ فینککەرەوەی بەسەر خیزانە کەم دەرامەتەکانی سنوری ئیدارەی سۆران دابەشکراد.

---

دابەشکردنی خۆراک بەسەر ١٠٠ خێزانی کەمدەرامەت لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران لە لایەن ڕێکخراوی (أمل للأغاثة و التنمية).





له بۆنەیەکی هاوبەشی نێوان هەردوو ڕێکخراوی هەیڤا سۆرا کوردی و پزیشکارنی بێسنووری سویسری بە ئامادەبوونی فەرمانگە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٨ بڕی زیاتر لە چوار هەزار یەکەی دەرمان لە لایەن ڕێکخراوی (هەیڤا سۆرا کوردی) و ئامبولانسێک بە سەرجەم پێداویستیەکانییەوە لە لایەن (ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوری سویسری) بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران دابینکرا.

لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١١/٢٩، خولێکی ڕاهێنان بۆ کارمەندانی تەندروستی سنوری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و ناحیەی سیدەکان کە لە لایەن (ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوری بەلجیکی) پێشکەشکرا.

MEDECINS SANS FRONTIERES

HEYVA SOR A KURD
الهلال الأحمر الكردي



# چالاکی ژینگەیی









رۆژ پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٧، بە هەماهەنگی لە نێوان فەرمانگە و ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و چەند ڕێکخراوێکی ژینگەیی، هەڵمەتێکی پاککردنەوەی چەند شوێنێکی گەشتیاریی سنووری ئیدارەی سۆران (گەلی عەلی بەگ، بیخاڵ) ئەنجامدرا. هەڵمەتەکە لە لایەن خۆبەخشەکانی ڕێکخراوەکان و کارمەندانی چەندین بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران و ستافی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و تەنانەت هاوڵاتیانیش ئەنجامدرا. لەگەڵ هەڵمەتەکەش ژمارەیەک حاویەی زبڵ کە لە لایەن ڕێکخراوی (الثقة) دابینکرابوو لەشوێنانە گەشتیارییەکان و نێو بازاڕی سۆران دانران.





# سیمیناری پابەندییە یاسایییەکان و شێوازی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کار و چالاکی و دارایی

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٧/٧، ستافی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان سیمینارێکیان پێشکەش بە ڕێکخراوەکانی سۆران کرد. سیمینارەکە لە دوو بەش پێکهاتبوو، بەشی یەکەم کە لە لایەن (ئاکۆ حمدأمین) بەڕێوەبەری یاسایی پێکشەشکرا تایبەت بوو  بە پابەندییە یاساییەکانی ڕێکخراوەکان بەپێی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١١ ی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

بەشی دووەمی سیمینارەکەش تایبەت بوو بە شێوازی ئامادەکردن وپێشکەشکردنی ڕاپۆرتی چالاکی و دارایی ساڵانەی ڕێکخراو کە لە لایەن (بارزان صابر خالد) بەڕێوەبەری زانیارییەکان و (هاوژین قادرحمد) لە بەشی ووردبینی ڕاپۆرتی دارایی پێشکەشکرا.

سیمینارەکە لە هۆڵی ئیسماعیل بێشکچی لە فاکەڵتی ئادابی زانکۆی سۆران لە کاتژمێر ٢:٣٠ - ٥:٠٠ ئەنجامدرا.

# پوختەی چالاکییەکانی پرۆژەکە و ژمارەی سوودمەندبووان

| | ناوی چالاکی | ڕێکخراو | ژمارەی سوودمەندبووان |
|---|---|---|---|
| ١ | ڕاهێنانی TOT | ڕێکخراوی ستاتیستیکس بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵگە | ١٤ ڕێکخراو |
| ٢ | سیمیناری فریاگوزاری سەرەتایی | ڕێکخراوی الثقة | ٣٦ کارمەندی زانکۆ |
| ٣ | هاوکاری منداڵی خاوەنپێداویستی تایبەت | TDH | ٤٠ منداڵ |
| ٤ | کارامەییەکانی دانەستانکردن | INSO | ٣٢ ڕێکخراو + گەنج |
| ٥ | مافەکانی منداڵان | منداڵپارێزی کوردستان | ٢٦ کارمەندی بنکەی پۆلیس |
| ٦ | پێشکەشکردنی دیاری بە منداڵانی تووشبوو بە تالاسیمیا | ڕێکخراوی نوهاتی خێرخوازی | ٢١٨ منداڵ |
| ٧ | هاوکاری منداڵی بێناز | ڕێکخراوی دەستی هاوکاری | ٥٠ خانەوادە |
| ٨ | پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان | ڕێکخراوی کوردستان بۆ چاودێری مافەکانی مرۆڤ | ١٧ ڕێکخراو |
| ٩ | پەرەپێدانی توانای کارمەندانی تەندروستی | دەزگای بەیان بۆ گەشەپێدانی مرۆیی | ٨٠ کامەند |
| ١٠ | پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان | منظمة جسور الشبابية | ١٧ ڕێکخراو |
| ١١ | هاوکاری مرۆیی | ڕێکخراوی مرۆڤدۆستان + ڕێکخراوی سەروەری هەڵەبجە | ٥٦٠ ژینگە پارێز |
| ١٢ | هاوکاری منداڵی بێناز | منظمة العين للرعاية الاجتماعية | ١٨٥ خانەوادە |
| ١٣ | هاوکاری مرۆیی | Dorcas International | ٢٠٠ خێزان |
| ١٤ | هاوکاری مرۆیی | ڕێکخراوی هاوسۆزی بۆ ڕۆشنبیری و هاوکاری مرۆیی | ١٠ خێزان |
| ١٥ | هاوکاری مرۆیی | منظمة ازدهارنا للتنمية الاقتصادية | ١٠٠ خانەوادەی هەژار |
| ١٦ | هاوکاری مرۆیی | ڕێکخراوی پەرە بۆ پەرەپێدانی تواناکان | ١٠٠ خانەوادەی هەژار |
| ١٧ | پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان | فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان | ٢٨ ڕێکخراو |
| ١٨ | هاوکاری منداڵی خاوەنپێداویستی تایبەت | ڕێکخراوی مرۆڤدۆستان + ڕێکخراوی سەروەری هەڵەبجە | ٢١٠ خێزان |
| ١٩ | هاوکاری مرۆیی | CHF International | ٢٠٠ خێزانی کەمدەرامەت |
| | کۆی گشتی سوودمەندانی ڕاستەوخۆ | | ٢١٢٤ |

چالاکی جۆری:

١. چالاکی ژینگەیی (پاککردنەوەی هاوینەهاوارەکان و دانانی حاویەی زبڵ)
٣. دابینکردنی سیستەمی ئاگر کوژێنەوە بۆ نەخۆشخانەی ئاشتی
٣. دابینکردنی دەرمان بە بڕی ٦٢ ملیۆن دینار بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران.
٤. دابینکردنی ١٠ عارەبانە بۆ کەسانی خاوەنپێداویستی تایبەت.
٥. دابینکردنی بڕی (٥٠٠٠) یەکەی دەرمان.

# بڕۆشوری تایبەت بە پرۆژەی سۆران، لانکەی شۆڕش



حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
دائرة المنظمات غیر الحکومیة
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
Council of Ministers Department of NGOs

## فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان یەکێکە لە دامەزراوە ژیاری و گرنگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ڕاستەوخۆ سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانە. ئەم فەرمانگەیە دەتوانێت ببێتە یاریدەدەر و ئامرازێکی کاریگەر بۆ جێبەجێکردنی بەشێکی بەرچاوی پلان، ستراتژیەت و دیدگای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گشت سێکتەر و کایە جیاجیاکاندا. ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ڕێکخراوانەی کە لەلایەن فەرمانگەکە و بەپێی یاسای ژمارەی (١) و پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١١ دادەمەزرێن و فەرمانگە بەرپرسە سەرپەرشتیکردنیان لەڕووی کارگێڕی، دارایی و هونەرییە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە ڕێکخراوەکان لەپێناویاندا دادەمەزرێن.

لە ماوەی دەستبەکاربوونی سەرۆک و ستافی نوێی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، فەرمانگە لەسەر چەند ڕەهەندێک کاری کردووە و بەردەوامە لە کارکردن، ئەوانیش بریتین لە:

- بە دامەزراوەییکردنی فەرمانگە لە ڕێگە دابینکردنی ستافی پسپۆڕ و لێهاتوو و ڕێکخستنەوەی کارەکانی فەرمانگە.
- پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان و توانای فەرمانبەران.
- دروستکردنی بۆردی تایبەت بە ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای سێکتەری کارکردن و شوێنی جوگرافی.
- دروستکردنی ڕایەڵە لە نێوان ڕێکخراوەکان و دام دەزگاکانی حکومەت.

2022

## پرۆژەی سۆران، لانکەی شۆڕش

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی کوردستانی، عیراقی و نێودەوڵەتی بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ئیدارەی سەربەخۆی سۆران چەند پرۆژەیەک لە ئێستا و داهاتوودا لە سنووری ئیدارەکە جێبەجێ دەکات.
کار و چالاکییەکانی پرۆژەکە خزمەت بە چەندین سێکتەری ئیدارەکە دەکات، لەوانە: ژینگە، پەروەردە و خوێندنی باڵا، پەرەپێدانی تواناکان، خاوەن پێداویستی تایبەت، نەهێشتنی مادده هۆشبەرەکان، هاریکاری مرۆیی، گەشت و گوزار.

پەیوەندی

07508110808
info@dngo.krd
gov.krd/dngo
krg.dngo.official

2022

## دەستکەوتەکانی فەرمانگە

لەماوەی دەستبەکاربوونی سەرۆک و ستافی نوێ لەوەتەی ٢٠٢١/٢/٢١

- چارەسەرکردنی کێشەی باجی ڕێکخراوەکان.
- پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان سەبارەت بە چۆنیەتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی دارایی و چالاکی ساڵانەی ڕێکخراو.
- دەرکردنی چەندین بڕیاری گرنگ سەبارەت بە کاروباری ڕێکخراوەکان.
- ئەنجامدانی دوو کەمپین: قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی ئاگرکەوتنەوەکەی کەمپی شاریا، قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی هەولێر.
- ئەنجامدانی پرۆژەی (لە هەڵەبجەوە دەست پێدەکەین).
- کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکان لەسەر بنەمای سێکتەری کارکردن و شوێنی جوگرافی و دروستکردنی بۆردی تایبەت بۆیان.
- کارکردن لەسەر دروستکردنی داتابەیسێکی پێشکەوتوو بەمەبەستی بە دیجیتاڵیکردنی ئیش و کارەکانی فەرمانگە.

# کەمپینی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی هەولێر







له روانگەی پەرۆشی و دڵسۆزیمان و دوا بە دوای بڕیاری سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە ژمارە (١٠٣٦) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٠ تایبەت بە دروستکردنی لیژنەیەک بۆ کەمپینی هاوکاری کردنی زیانلێکەوتووانی لافاوەکەی پارێزگای هەولێر کە بەشێک لە گەڕەکانی سەنتەری شار و دەوروبەری گرتەوە و بووە هۆی زەرەر و زیانێکی زۆر ، کە بەداخەوە زیانی گیانی و ماددی زۆری لێکەوتەوە، لیژنەکامان دەست بە کار بوو بۆ ئەم مەبەستە و ڕاستەوخۆ دەست کرا بە پەیوەندی کردن بە ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی بیانی و عێراقی و کوردستانی، بۆ ئەوەی بەشداربن بە کۆمەک و هاوکاری و پێشکەش کردنی بە لیژنەکەمان بۆ ئەم مەبەستە بە سوپاسەوە ژمارەیەک ڕێکخراو بەشداربوون کەلەم ڕاپۆرتە وردەکاری تەواوی کەمپینەکە دەخەینە بەر دەستان:

١/ لیژنەی کەمپین
لیژنەی کەمپین کە بە بڕیاری بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە بە ژمارە (١٠٣٦) لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٢٠ دەرچووە ،پێک هاتووە لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە پێکهاتووە:

| ز | ناوی سیانی | ڕۆڵ لە لیژنە |
|---|---|---|
| ١ | بارزان صابر خالد | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | برکات حامد حسین | ئەندام |
| ٣ | بەختەوەر عزیز حمدامین | ئەندام |
| ٤ | کۆچەر نجدت ناجی | ئەندام |
| ٥ | علی عبدالله احمد | ئەندام |
| ٦ | سەروان حسن احمد | ئەندام |
| ٧ | سێبەر جاسم سلیم | ئەندام |

## ٢/ میکانیزمی کارکردنی لیژنەی کەمپین

یەکەم/ بنەمای کارکردنی لیژنەکە کارکردن بوو به تیم و دەستەجەمعی بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین هاوکاری، و دابەش کردنی ئەرک و بەرپرسیارێتییەکان بەم شێوەی لای خوارەوە:

آ- پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوە بیانییەکان لە لایەن سەرۆکی فەمانگە و ئەنجامدانی بەدواداچوون بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کە بڕیاری بەشداربوونیان دا لە لایەن بەڕێز بارزان صابر خالد و وەرگرتنی بەشێک لە هاوکارییەکان بەلیژنە.

ب- پەیوەندی کردن بە ڕێکخراوە بیانیە چالاکەکان و وەرگرتنی بەشێک لەهاوکارییە ماددی و کەل و پەل و پێداویستیەکان لە لایەن بەڕێز سەروان حسن احمد و لیژنەیەکە و هەروەها ئەرکی درووست کردنی هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی پارێزگای هەولێر.

ج- پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوە عێراقیەکان و وەرگرتنی بەشێک لەهاوکارییە ماددی و کەل و پەل و پێداویستیەکان لە لایەن بەڕێز برکات حامد حسین.

د- سەرپەرشتی کردن و وەرگرتنی (هاوکاری ماددی) کە لە لایەن ڕێکخراوە بەشدار بووەکان پێشکەش کرا لە لایەن بەڕێز سێبەر جاسم سلیم.

ە- پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوەکان و وەرگرتنی بەشێک لە هاوکارییە پێشکەشکراوەکانی لیژنەکە لە لایەن بەڕێز بەختەوەر عزیزو وەرگرتنی بەشێک لەهاوکارییە ماددی و کەل و پەل و پێداویستیەکان.

و- سەرپەرشتی کردنی و ڕێکخستنی هۆڵی فەرمانگە بۆ دانانی کەل و پەل و پێداویستتیەکانی فەرمانگە و وەرگرتنی هاوکاریەکان لە ایەن بەڕێز کۆچەر نجدت ناجی و وەرگرتنی بەشێک لەهاوکارییە ماددی و کەل و پەل و پێداویستیەکان.

ز- پەیوەندیکردن بە بەشێک لە ڕێکخراوە کوردستانی و بیانیەکان و وەرگرتنی کەل و پەل و پێداویستیە پێشکەشکراوەکان لە لایەن بەڕێز علی عبدالله احمد ، وە بەدوواداچوون بۆ ئیش وکارەکان.

دووەم/ آ- سەرجەم کەل وپەل و پێداویستیە پێشکەشکراوەکان لە لایەن ڕێکخراوەکان بۆ کەمپینی فەرمانگە لە لایەن (٣) کەس لە ئەندامانی لیژنەی کەمپینەکەوە وەرگیراوە و واژۆ کراوە، واتە وەرگرتنی کۆمەکەکان بە لیژنە بووە.

ب- وەرگرتنی پارەی کاش (هاوکاری ماددی) ڕێکخراوە یارمەتی بەخشەکان و بەشداربووەکان لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە کە لە (٣) ئەندامی کەمپینەکە پێک هاتبوو، ئەمەش بە ڕێگەی پێدانی وێنەیەک لە نووسراوی فەرمانگە بە ڕێکخراوی بەخشەر بە واژووی (٣) ئەندام و ئاماژە کردن بە ووردەکاری.

ج- پێدانی نووسراوێک لە لایەن لیژنەی کەمپین بەو ڕێکخراوانەی کە هاوکارییان پێشکەش کردووە کە وەک بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی و ووردەکاری زانیاری هاوکارییەکان، ئەمەش لە لایەن (٣) ئەندامی لیژنەکە واژوو دەکرا.

## ٣/ ڕێکخراوە بەشداربووەکان وکۆمەکەکان

لیژنەی کەمپین لە ڕێگەی ئیمێڵ و تەلەفۆن و گروپی واتسئەپ (لە کاتی پشووی سەری ساڵ) پەیوەندیان بە زۆربەی ڕیکخراوە تۆمارکراوە چالاکەکانی فەرمانگەمان کرد، بەشێکی بەرچاوی ڕێکخراوەکان هەڵوێستیان ئەرێنی بوو، بە شێوەیەک کە ژمارەیەکی بەرچاوی ڕێکخراوەکان تاک لایەنە یان لە ڕێگەی کەمپین لە سنووری کارکردنی خۆیان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، هاوکارییان کۆ کردەوە و پێشکەشی پارێزگای هەولێر و ناوەندی هاوبەشی قەیرانەکانیان کردووە، وە بەشێکی تر بەڵێنیان داوە لە داهاتوو بەشدار بن لە هاریکاریکردنی کەمپینەکەمان کە بە هۆی بە کۆتاهاتنی ساڵی دارایی و نەبوونی بوودجە نەیانتوانی لەکاتی گونجاو بەشدار بن، وە ئەم ڕێکخراوانەی کە ناو و زانیاریان لە خوارەوە هاتووە بەدەم کەمپینی فەرمانگەوە هاتن و بەشدار بوون.

| ز | ناوی ڕێکخراو | جۆری ڕێکخراو | جۆری هاوکاری | بری هاوکاری |
|---|---|---|---|---|
| 1 | Amal Organization for Relief & Development | عێراقی | Cash | 2000$ |
| 2 | Faith frontiers INC./FAITH | بیانی | Cash | 5000$ |
| 3 | جمعية التحرير للتنمية | عێراقی | Cash | 1000$ |
| 4 | Latter-Day Saint Charities/LDS | بیانی | Cash | 500$ |
| 5 | American Empowerment Human Service/AEHS | بیانی | Cash | 100$ |
| 6 | Terre des homes-Italia | بیانی | Cash | 5000$ |
| 7 | مؤسسة نمه الإنسانية | عێراقی | Cash | 250,0000 دینار |
| 8 | پەپولەکان بۆ سەرپەرشتی منداڵە بێ باوکەکان | کوردستانی | Cash | 200000 دینار |
| 9 | منظمة ئاينده للمساعدات الإنسانية | عێراقی | Cash | 500,000 دینار |
| 10 | منظمة الثقة | عێراقی | Cash | 3.000.000 دینار |
| 11 | ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان | کوردستانی | Cash | 10000000 دینار |
| 12 | منظمة انكي للفنون | عێراقی | Cash | 100000 دینار |
| 13 | ڕێکخراوی مانگی سوری کوردی | کوردستانی | نەوت | 200000 لتر |
| 14 | صروح للتنمية المستدامة | عێراقی | BLANKET | 100 دانە |
| 15 | دەزگای نێودەوڵەتی پێشمەرگە | بیانی | بەتانی | 35 دانە |

| ز | ناوی ڕێکخراو | جۆری ڕێکخراو | جۆری هاوکاری | بڕەکەی |
|---|---|---|---|---|
| 16 | پەیمانگەی گۆڵد تایم | کوردستانی | بەتانی<br>سۆپا | 18<br>20 |
| 17 | Roads of Success | بیانی | خواردن | (برنج) 10کارتۆن<br>(خوێ) 8کارتۆن<br>(ڕۆن) 5کارتۆن |
| 18 | European technology & Training Center | بیانی | بەتانی | 500 |
| 19 | Whole Heart International | بیانی | سۆپای هیتەر | 41 |
| 20 | Relief International | بیانی | مافور+خۆراک | 14 (4×3) دانە<br>14 کارتۆن<br>(٢٢پارچە+١٣بابەت) |
| 21 | منظمة الرجاء والسلام | عێراقی | کاڵاوجل وبەرگ | 50 پاکێج |
| 22 | MRDS-Millennium Relief & Development Service | بیانی | خواردن | 100 سەبەتە |
| 23 | Launch International | بیانی | هیتەر | 40 دانە |
| 24 | UPP | بیانی | بەتانی | 36 دانە |
| 25 | Netherlands today helping Kurdistan/NTHK | بیانی | خواردن+ بەتانی | 30 سەبەتەی خۆراک + 6 بەتانی |
| 26 | Jyan foundation | بیانی | دۆشەک<br>بەتانی | 100 دانە<br>100 دانە |
| 27 | World Vision | بیانی | موکێت | 400 (٤×٣) دانە |
| 28 | Action for Humanity | بیانی | سۆپا<br>بەتانی | 55 سۆپا<br>400 بەتانی |

## ٤/ مەراسیمی دابەشکردنی هاوکارییەکان / بەشی یەکەمی هاوکارییەکان

دوای ئەوەی هەماهەنگی کرا لە لایەن لێژنەی کەمپین لەگەڵ پارێزگای هەولێر و ئەو ڕێکخراوانەی کە هەڵسەنگاندی مەیدانیان ئەنجانمداوە، فەرمانگە لیستی ناوی سوودمەندەکانی کەمپینی بەدەست گەیشت وەکو بەشی یەکەم، وە پاشان پەیوەندییان پێوە کرا بۆ ئەوەی لە کات و شوێنی دیاریکراو ئامادەبن بە مەبەستی وەرگرتنی هاوکارییەکان.

پاشان لە لایەن لێژنەی کەمپینەوە ئامادەکاری تەواو کرا بۆ ئەنجامدانی مەراسیمی دابەشکردنی هاوکارییەکان، بۆ ئەم مەبەستەش هەماهەنگی کرا لەگەڵ کۆلێژی کشتوکاڵ بە مەبەستی بەکارنەهێنانی گەراجی ئوتومبێل، وە هەروەها هەماهەنگی کرا لەگەڵ دەزگای خێرخوازی بارزانی بە مەبەستی ئامادەکردنی ستافی پێویست بۆ ئامادەکردنی پاکێجی هاوکارییەکان و گواستنەوەیان. لە هەمان کاتیشدا لە داوەتنامە ڕەوانەی پارێزگای هەولێر کرا بەمەبەستی بەشداربوون لە مەراسیمی دابەشکرادنە کە. جگە لەوەش دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئاگادار کرانەوە بە مەبەستی ڕووماڵکردنی مەراسیمەکە.
ئەوەبوو دووشەممە ڕێکەوتی ٣١/١/٢٠٢٢، کاتژمێر ٢ی دوای نیوەڕۆ، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە مەراسیمێکدا هاوکاری بەسەر (١٧٤) خانەوادەی زیانلێکەوتووی لافاوەکەی هەولێر دابەشکرد.
لە مەراسیمەکەدا نوێنەری پارێزگاری هەولێر و نوێنەری بەشێک لە ڕێکخراوە بەشدار بووەکانی کەمپینەکە بەشداربوون



بەڕێوەبەری یاسایی فەرمانگە بەڕێز (ئاکۆ حمدامین) بە نوێنەرایەتی سەرۆکی فەرمانگە ووتارێکی پێشکەشکرد کە تیایدا دەستخۆشی لە پارێزگای هەولێر و ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان و هەموو ئەو ڕێکخراوانەکرد کە لەو کارەساتە سروشتییە بەهانای زیانلێکەوتووانەوە هاتن.

پاشان سوپاس و پێزانینی فەرمانگە دابەشکرا بەسەر ئەو رێکخراوانەی کە بەشداری ئەو کەمپینەیان کردبوو. مەراسیمەکەش بە دابەشکردنی کۆمەک و هاوکارییەکان بەسەر زیانلێکەوتوان کۆتایی هات.
هەر خێزانێک لەگەڵ وەرگرتنی پاکێجی هاوکارییەکان، پسولەیەکی تایبەتی پێدەدەرا بە مەبەستی وەرگرتنی بڕە نەوتەکە، کە لە لایەن لێژنەی کەمپینەوە ئامادەکرابوو مۆری فەرمانگەی لەسەر بوو بە مەبەستی دوور کەوتنەوە لە ساختەکردنی. وە سوودمەندانیش ئاگادار کرانەوە کە لە کات و شوێنی گونجاو ئامادەبن بە مەبەستی وەرگرتنی بڕە نەوتەکە، بۆ ئەم مەبەستەش نەوتەکە بە سێ بەش دابەش کرا:

- سوودمەندانی سنووری قوشتەپە کاتژمێر ١٠ی بەیانی لە قوشتەپە.
- سوودمەندانی سنووری بەحرکە کاتژمێر ١ ی دوای نیوەڕۆ لە کۆتایی جووتسایدی بەحرکە.
- سوودمەندانی سنووری دارەتوو کاتژمێر ٤ ی دوای نیوەڕۆ لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.




هاوکاری و کۆمەکان بۆ هەر خێزانێک پێکهاتبوو لە:
- (٢٠٠) هەزار دینار، بۆ ئەو خێزانانەی کە زیانی گیانیان هەبوو بڕی (٣٠٠) دۆلار.
- ١١٥ لیتر نەوت
- ٦ بەتانی
- هیتەرێکی کارەبایی
- پێداویستی پاککەرەوە یان جل و بەرگ.
- ٨ دۆشەک
- یەک پارچە موکێت ٣ بە ٤
- پاکێجێک خواردن
- ٢ سەتل



# بڕیاری چارەسەرکردنی کێشەی باجی ڕێکخراوەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
بەڕێوبەرایەتی یاسایی

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
رئاسه الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية
مديرية القانونية

ژمارە: ٥٠٥
ڕێکەوت: ٨/ ئادار/ ٢٧٢٢ ی کوردی

العدد:
التاريخ: ٢٨/ ٣/ ٢٠٢٢

## بڕیار

لەژێر ڕۆشنایی حوکمەکانی هاتوو لە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١) ساڵی (٢٠١١)، پەیڕەوی ناوخۆی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٤) ساڵی (٢٠١١)، بڕیاری ژمارە (٣٧٥) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٨) تایبەت بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی باجی ڕێکخراوەکان لەسەر فەرمانی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و نوسراوی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٤٤٨) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/١٧) سەبارەت بە پێداچوونەوە بە شێوازی وەرگرتنی باج لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گەنجینەی گشتی و مافی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە چوارچێوەی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە:

١- هیچ ڕێکخراوێک لە هەرێمی کوردستان ( بیانی و عێراقی و کوردستانی) باج نادات بە پێی ماددەی (١٤) برگەی چوارەم لە یاسایی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١) ساڵی (٢٠١١) کە تیایدا هاتووە (داهات و موڵک و دارایی ڕێکخراوەکان لە باج و ڕەسمی گومرگی دەبەخشرێن).

٢- خودی ڕێکخراوی ناحکومی دۆسیەی تایبەت لە بەڕێوبەرایەتی گشتی باج ناکاتەوە بەڵکو کارمەندانی ڕێکخراوەکان بە پێی برگەی (چوارەم/٤) لە ماددەی (٤) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (٢٠) ساڵی (٢٠١١) هەموارکراو، ئەگەر موچەکانیان لە ملیۆنێک دیناری عێراقی زیاتر بوو لە (%٥) سەدا پێنج باج دەدەن.

٣- فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لیستی موچەی ئەو کارمەندانەی کە لە ڕێکخراوەکان کاردەکەن و موچەکانیان لە ملیۆنێک دیناری عێراقی زیاترە هەموو ساڵێ جارێک پشتڕاست دەکاتەوە و مۆری بەڕێوبەرایەتی دارایی/ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی لێدەدرێت و ڕەوانەی دەکات بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی باج بۆ ئەوەی دوای دڵنیا بوونەوە ڕێژەی ٥% لە موچەکانیان وەک باج لێوەربگرێت، هەروەها گشت کارمەندانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەوانەی لێبڕینی باج دەیانگرێتەوە دەبێت سێ مانگ جارێک واتا بە شێوەی وەرزی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج بکەن بەمەبەستی لێبڕینی ڕێژەی دیاری

Address-Kurdistan Region-Iraq - Erbil
www.krgngo.org

عنوان-إقليم كوردستان-العراق
ژ. تەلەفۆن: ٠٠٩٦٤٧٥٠٨١١٠٨٠٨

ناونیشان-هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیل: info@krgngo.org

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
بەڕێوبەرایەتی یاسایی

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
رئاسه الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية
مديرية القانونية

ژمارە: ٥٠٥
ڕێکەوت: ٨/ ئادار/ ٢٧٢٢ ی کوردی

العدد:
التاريخ: ٢٨/ ٣/ ٢٠٢٢

کراو بەگوێرەی میکانیزمی پەیڕەو کراو لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج.

٤- گشت ئەم ڕێکخراوانەی تۆمارکراون لە هەرێمی کوردستان ڕێکخراوی قازانج نەویستن و داهاتەکەیان نابەشنەوە بەسەر ئەندامەکانیان، ئەگەر بە ڕێوبەرایەتی گشتی باج لە ڕێگای لیژنەکانیان بۆیان دەرکەوت کە هەر ڕێکخراوێک قازانج ویستە ئەوا فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی لێ ئاگادار دەکاتەوە بۆ ئەوەی ڕێکاری یاسایی لەدژی بگرێتەبەر.

٥- فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لیستی ئەو کارمەندانەی کە لەڕێکخراوە ناحکومیەکان کاردەکەن و لێبڕینی باج دەیانگرێتەوە ئەوا زانیاریەکانیان ئاڕاستەی بەڕێوبەرایەتی گشتی باج دەکات بەمەبەستی وەرگرتنی باج بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باج میکانیزمێکی ڕێکخراوی هەبێت بۆ ئەو کارمەندانەی کە لێبڕینی ڕاستەوخۆ دەیانگرێتەوە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی و مامەڵەی کۆمپانیاکانیان لەگەڵدا نەکات. هەروەها ئەگەر بەڕێوبەرایەتی گشتی باج بۆی دەرکەوت کە کارمەندانی ڕێکخراوێکی دیاری کراو لێبڕینی باج دەیانگرێتەوە و خۆیان دەشارنەوە لە لێبڕینی باج ئەوا پێویستە بەڕێوبەرایەتی گشتی باج فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی لێ ئاگادار بکاتەوە بۆ ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی پێویست.

لەگەڵ ڕێزدا...

بارزان ئەکرەم مەنتک
سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
٢٠٢٢ / ٣/ ٢٧

وێنەیەک بۆ:

- ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە، لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کارگێڕی، بۆزانین، لەگەڵ ڕێزدا.

Address-Kurdistan Region-Iraq - Erbil
www.krgngo.org

عنوان-إقليم كوردستان-العراق
ژ. تەلەفۆن: ٠٠٩٦٤٧٥٠٨١١٠٨٠٨

ناونیشان-هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیل: info@krgngo.org

لە ڕێگەی ئەم بڕیارەی، وەبەرهێنانی ڕێکخراوەکان دیاریکراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان
بەڕێوبەرایەتی یاسایی

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
رئاسه الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية
مديرية القانونية

ژمارە: ٨٩٤
رێکەوت: ١١/ جۆزەردان/ ٢٧٢٢ ی کوردی

العدد:
التاريخ: ١/ ٦/ ٢٠٢٢

فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان
دەرچوو
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

**بۆ گشت ڕێکخراوە ناحکومییەکان**

**ب/ داهاتی وەبەرهێنان**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١) ساڵی (٢٠١١) و پەیڕەوی ناوخۆی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٤) ساڵی (٢٠١١) لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێزان لە دیوانی چاودێری دارایی هەرێم، لە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی بۆ ساڵی دارایی (٢٠٢٠) تایبەت بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی و برەودان بە بەرەوپێشبردنی کاری ڕێکخراوەی لە هەرێمی کوردستان، بڕیارماندا پابەند کردنی گشت ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئەوانەی کاری وەبەرهێنان دەکەن بەم خاڵانەی خوارەوە بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی لە بەرامبەر ڕێکخراوی سەرپێچیکار دەگرینەبەر:

١- نابێت وەبەرهێنانەکەیان بە مەبەستی قازانج بەشینەوە بێت لە نێوان ئەندامانی ڕێکخراو.
٢- لە کاتی ئەنجامدانی هەر چالاکییکی ڕێکخراو بەمەبەستی وەبەرهێنان دەبێت لە تێکرای ئەو داهاتەی لە چالاکی وەبەرهێنان داستیان دەکەوێت ڕێژەی ١٨٪ وەک پرۆژەی خزمەتگوزاری لە ڕێگای فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەگەڵ وەزارەت، دەستە و فەرمانگەی هاوتای سێکتەری کاری ڕێکخراو خەرج بکرێت.
٣- ئەوەی بڕە داهاتەی دەمێنێتەوە لەدوای خاڵی ٢و دوای لێدەرکردنی خەرجی تێچووی وەبەرهێنانەکە دەبێت دووبارە بۆ پەرەپێدان و بەدیهێنانی کار و ئامانجی ڕێکخراوەکە خۆی خەرج بکرێت.
٤- دەبێت ساڵانە جگە لە ڕاپۆرتی دارایی ڕێکخراو ڕاپۆرتێکی ورد بە بەڵگە و زانیاری لەسەر چۆنیەتی و چەندیەتی داهاتی وەبەرهێنراوی ڕێکخراو پێشکەشی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکات.

لەگەڵ ڕێزدا...

**بارزان ئەکرەم مەنتک**
**سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان**
٣١/ ٥/ ٢٠٢٢

وێنەیەک بۆ:
- بەڕیوبەرایەتی تۆمار بۆئەنجامدانی کاری پێویست.
- بەڕیوبەرایەتی زانیارییەکان بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.
- بەڕیوبەرایەتی کارگێری بۆئەنجامدانی کاری پێویست.
- بەڕیوبەرایەتی دارایی بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.
- بەڕیوبەرایەتی بەدواداچوون بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

ناونیشان-هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیل: info@krgngo.org

عنوان-إقليم كوردستان-العراق
ژ. تەلەفۆن: ٠٠٩٦٧٥٠٨١١٠٨٠٨

Address-Kurdistan Region-Iraq - Erbil
www.krgngo.org

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
بەڕێوبەرایەتی یاسایی

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
رئاسه الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية
مديرية القانونية

ژمارە: ٢٣١٥
ڕێکەوت: ٨/ گەلاوێژ/ ی کوردی

العدد:
التاريخ: ٩/٨/ ٢٠٢٢

**بۆ / ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان**

**بابەت/ گشتاندن**

دوا بە دوای گشتاندنی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێزتان ژمارە (٣٤٤٢) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٧) لە ژێر ڕۆشنای حوکمەکانی هاتوو لە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١) ساڵی (٢٠١١) و پەیڕەوی ناوخۆی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ژمارە (٤) ساڵی (٢٠١١) و کۆنوسی کۆبونەوەی سەرۆکایەتی دیوان ژمارە (١) مانگی (٧) ساڵی (٢٠٢١) و ڕاپۆرتی لێژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە ڕەوشی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤٠٩٠/٣/٤) لە (٢٠٢١/١٢/٨) و ڕاسپاردەی لێژنەی (وردبینی کردن لە کاروباری ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتیەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە ڕاژەی ئەو ڕێکخراو و ئاژانسە نێودەوڵەتیانەی سودیان بۆ عێراق نیە) ژمارە (٧٨س بۆ ساڵی ٢٠٢١) بە پێی نووسراوی ئەمانەی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی بەغدا ژمارە (ش.ز.ل/ت/دیوانی/٤٢/٢٥٠٤)لە بەغدا و ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (٢٨٧) لە ڕێکەوتی (٢٠٢١/١١/٢٢)، ستراتیژیەتی ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی لە دەستەی دەسپاکی بۆ ساڵانی (٢٠٢١-٢٠٢٥)و پاڵپشت بە خاڵەکانی هاتوو لە نووسراوی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێزتان ژمارە (٢٥٠٢) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٦/١٥) تایبەت بە ئاسانکاری کردن بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەکاتی سەردانیکردن دامەزراوە حکومییەکان و ئەنجامدانی چالاکیەکانیان داوا لە بەڕێزتان دەکەین ڕەزامەندی بفەرموون بە ئاراستە کردنی گشتاندن بۆ سەرجەم وەزارەت، دەستە و فەرمانگە نە بەستراوەکان بە وەزارەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تاکە ڕایەڵەیە لە نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆیە پێویستە گشت دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەچاوی پسپۆڕیەتی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکەن کە تاکە

Address-Kurdistan Region-Iraq - Erbil | عنوان-إقليم كوردستان-العراق | ناونیشان-هەرێمی کوردستان-عێراق
www.krgngo.org | ژ. تەلەفۆن: [illegible] | ئیمەیل: info@krgngo.org

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان
بەڕێوبەرایەتی یاسایی

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
رئاسه الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية
مديرية القانونية

ژمارە: ٢٣١٥
ڕێکەوت: ١٨/ گەلاوێژ / ی کوردی

العدد:
التاريخ: ٩/٨/ ٢٠٢٢

دامەزراوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ دامەزراندن، سەرپەرشتی کردن، بەدواداچوون و ئاراستەکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، وە پێویستە گشت دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەر لە ئەنجامدانی هەر کارێک و واژوو کردنی هەر ڕێکەوتننامە و لەیەکتێگەیشتنێک لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان (کوردستانی، عێراقی و بیانی) لە هەرێمی کوردستان فەرمانگەکەمان ئاگادار بکەنەوە و لە ڕێگای فەرمانگەکەمانەوە هەماهەنگی بکرێت، ئەمەش بەمەبەستی پێدانی بەرچاو ڕوونی و زانیاری تەواو دەربارەی ڕێکخراوەکە و پابەند بوونیان بە یاسا و ڕێنماییەکان لە پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانە و نوێ کردنەوەی بڕیاری کارگێڕی و هەبوونی هەژماری بانکی بۆ ڕێکخراوەکە، هەروەها پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیرانی هاوپێچ کراو لەگەڵ ئەم گشتاندنە ئاسانکاری بۆ ڕێکخراوەکان بکەن و بەربەست لەبەردەم کاری ئەم ڕێکخراوانە دروست نەکرێت کە بڕیاری کارگێڕیان نوێ کردۆتەوە و کاری هیچ ڕێکخراوێک ڕانەگیرێت تەنها لە ڕێگای فەرمانگەکەمان نەبێت ئەوەش بەڕێگای وەرگرتنی ڕێکاری یاسایی لە فەرمانگەکەمان یان لە ڕێگای دادگای تایبەتمەند لە هەرێمی کوردستان دەبێت.

لەگەڵ ڕێزدا...

**بارزان ئەکرەم مەنتک**
**سەرۆکی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان**

وێنەیەک بۆ:
- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بۆ گشت بەڕێوبەرایەتی و بەشەکانی فەرمانگەکەمان، بۆ کاری پێویست.

Address-Kurdistan Region-Iraq - Erbil | عنوان-إقليم كوردستان-العراق | ناونیشان-هەرێمی کوردستان-عێراق
www.krgngo.org | ژ. تەلەفۆن: [illegible] | ئیمەیل: info@krgngo.org

# دروستکردنی داتابەیس و سیستەمی دیجیتاڵی



لەگەڵ زۆرتربوونی ژمارەی ڕێکخراوە تۆمار کراوەکان و هەروەها زیادبوونی ژمارەی ڕێکخراوە چالاکەکان، ئەرکی سەرشانی فەرمانبەرانی فەرمانگە زیاتر دەبوو. بۆ ئەوەی فەرمانگە بتوانێت ئیش و کارەکانی ناو فەرمانگە و کاروباری ڕێکخراوەکان بەشێویەکی ڕێک و لەکاتی گونجاو ڕایی بکات، پێویستی بە سیستەمێکی داتابەیسی پێشکەوتوو هەبوو، ئەوە جگە لەوەی ئەو داتابەیسە بەرچاو ڕوونی بە فەرمانگەدەدات دەربارەی داتا و زانیاری ڕێکخراوەکان لەڕووی (سێکتەری کارکردن، شوێنی جوگرافی، جۆر و ژمارەی چالاکی).

دوابەدوای کۆبوونەوەی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/١٣ و کۆبوونەوەی دووەم لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١ کە تیایدا ئاماژە کراوە بە دروستکردنی سیستەمێکی داتابەیس بۆ فەرمانگە کرا، وە جەخت کرایەوە لەسەر گرنگی بە دیجیتالکردنی کاروبارەکانی فەرمانگە، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەپێی ڕێکارە یاساییەکان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت واژوو کرد بۆ دروستکردنی سیستەمێکی دیجیتالی. دروستکردنی سیستەمەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ ستافی بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکان لە بواری تەکنەلۆجیای زانیاری و بە سێ قۆناغ ئەنجام دەدرێت.

لە قۆناغی یەکەمدا، کە قۆناغی ئامادەکاری بوو، کۆبوونەوە لەگەڵ هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان ئەنجامدرا بە مەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر شێوازی کاری هەربەڕێوەبەرایەتییەک، بۆ ئەوەی بتوانرێت بەو شێوازە کاری ئەو بەڕێوەبەرایەتییەک لە سیستەمەکە ڕایی بکرێت.

قۆناغی دووەم بریتی بوو لە دروستکردنی ئەرشیفێکی دیجیتالی. کە تیایدا دۆسیەی ڕێکخراوەکان سکان کران و زانیاری ڕێکخراوەکان لەناو داتابەیسەکە ڕێکخران. ئەویش لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەت کە بۆ ماوەی (٨) مانگ دۆسیەی (٥١٥٠) ڕێکخراو کرانە دیجیتاڵی.

قۆناغی سێیەم و کۆتایی بریتی دەبێت لە خستنەکاری سیستەمەکە و ڕاهێنانکردن بە ستافی فەرمانگە بۆ بەکارهێنانی سیستەمەکە. وا بڕیارە لە ساڵی داهاتوو سیستەمەکە بکەوێتەکار، ئەمەش ئاسانکاری زۆر دەکات بۆ ڕاییکرادنی کاروباری ڕۆژانەی فەرمانگە و کەمکردنەوەی ڕۆتین. جگە لەوەش فەرمانگە لە پلانی دا هەیە لەداهاتوودا کاروباری ڕێکخراوەکانیش بەشێوەی ئۆنلاین ڕێکبخاتەوە ئەویش لەڕێگەی دروستکردنی سیستەمێکی ئۆنلاین و بەستنەوەی بە سیستەمی فەرمانگە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
رئاسة الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية
مديرية الادارة

ژمارە: ٧٨٣
ڕێکەوت: ٢٦/ ٥ / ٢٧٢٢

العدد:
التاريخ: ١٦/ ٥/ ٢٠٢٢

# بڕیـــــــار

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)، پەیڕەوی ژمارە (٤) ماددەی (دووەم) برگەی (٢)، بریارماندا بە داگرتن و تۆمارکردنی گشت زانیاریەکانی و بەراییەکانی دۆسیەی رێکخراوەکان کە لە بەشی ئەرشیفدا هەیە لە داتابەیسی پێشکەوتوودا، هەروەها سەرلەنوێ رێکخستنەوەی دۆسیەی رێکخراوەکان لە بەشی ئەرشیف کە بەجۆرێک بگونجێت لەگەڵ ستاندارد و مەرجی پێویست بۆ بەشی ئەرشیف وەک(ژمارە یاخود بۆ دۆسیەکان، دانانی لۆگۆی فەرمی ، بەرگی تایبەت بۆ دۆسیەکان ) وە پێکهێنانی لیژنەیەک لەم بەرێزانەی لای خوارەوە بۆ مەبەستی ئاماژەپێکراو.

| ز | ناوی سیانی | بەڕێوەبەرایەتی | کاری لە لیژنە |
|---|---|---|---|
| ١ | بارزان صابر خالد | زانیارییەکان | سەرۆک |
| ٢ | بەختەوەر عزیز حمدامین | یاسایی | ئەندام |
| ٣ | لانە کمال احمد | زانیارییەکان | ئەندام |
| ٤ | محمد وریا باپیر | زانیاریەکان | ئەندام |
| ٥ | ئەڤین صالح اسعد | دارایی / ووردبینی | ئەندام |
| ٦ | فاتن سەردار جلال | بەدواداچوون | ئەندام |
| ٧ | شنۆ محمدامین رسول | کارگێڕی / ئەرشیف | ئەندام |
| ٨ | ئاڤار صباح خیری | کارگێڕی / ئەرشیف | ئەندام |

لەگەڵ ڕێزدا ...

**بارزان ئەکرەم مەنتک**
**سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکان**
**٢٠٢٢/٥/١٦**

وێنەیەک بۆ/
- نوسینگەی بەڕێز سەرۆکی فەرمانگە/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ناوبراوان / بۆ کاری پێویست
- دۆسیەی کەسیەتی



کۆچە مجدت ناجی

بڕیاری لێژنەی دروستکردنی ئەرشیفی دیجیتالی و داتابەیس






ئەندامانی لیژنەی داتابەیس لەکاتی پرۆسەی داخلکردنی داتا




ڕووکاری چوونەژوورەوەی سیستەمی فەرمانگە




داتای ڕێکخراوەکان




بەشێک لە ڕواڵەتی سەرەکی سیستەم







# پەرەپێدانی تواناکانی فەرمانبەران

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ بە دامەزراوەییکردنی فەرمانگە و باشترکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی، لە ماوەی ساڵی (٢٠٢٢) دا (٣) خولی بۆ پەرەپێدانی توانای فەرمانبەرانی ئەنجامدا، و خولەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ چەند ڕێکخراوێک ئەنجامدران، ئەوایش ڕێکخراوی (دەزگەها ئاشتیا بەردەوام، IRC, Horızon Insanı Gelıstırme، Free Jurists Association).

وۆرکشۆپی یەکەم لە ڕۆژانی چوارشەممە و پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢-٢٠٢٢/٢/٣ ئەنجامدرا دەربارەی بابەتە یاساییەکانی تایبەت بە فەرمانگەی ڕێکخراوەناحکومییەکان ئەرک و مافی فەرمانبەرەکانی.






لە وۆرکشۆپەکە (ئاکۆ حمدأمین حسین)، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی یاسایی چەندین بابەتی گرنگی بۆ فەرمانبەران ڕوونکردەوە، لەوانە: یاسای ژمارەی (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی تایبەت بە فەرمانگە، پەیڕەوی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١١)ی تایبەت بە فەرمانگە، یاسای ڕێککاری فەرمانبەران و ڕێنمایی ڕەفتاری پیشەیی بۆ فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان. لە کۆتاییشدا بڕوانامە بەسەر بەشداربووان دابەشکرا. ئەم وۆرکشۆپە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی (دەزگەها ئاشتیا بەردەوام و Free Jurists Association) ئەنجامدرا

FJA
Free Jurists Association

Sustainable Peace Foundation
مؤسسة السلام المستدام



Sustainable Peace Foundation
مؤسسة السلام المستدام

Free Jurists Association

HORIZON HUMANITARIAN
منظمة هورايزن الإنسانية

له مانگی ئابی ٢٠٢٢ وۆرکشۆپی دووەم بەڕێوەچوو، بەجۆرێک کە ستافی فەرمانگە دابەشکران بەسەر دوو گروپ، هەر گروپێک لە ماوەی هەفتەیەکدا بەشدارییان کرد لە خوولێکی تێروتەسەل دەربارەی چەند بابەتێکی تایبەت بە کاروباری فەرمانبەرانی فەرمانگە. لەوانە:

یاسایی: کە درێژکراوەی خوولی یەکەم بوو دەربارەی یاسای ژمارە ١ ی ساڵی ٢٠١١ ی تایبەت بە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێنماییەکانی ڕەفتاری پیشەیی فەرمانبەری گشتی لە هەرێمی کوردستان، یاسای ڕێککاری فەرمانبەران، ماف و ئەرکەکانی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی لە چوارچێوەی یاسای ڕاژەی شارستانی ژ٢٤ و یاسای بەرزەفت کردنی فەرمانبەران ژ١٤ کە لە لایەن (ئاکۆ حمدأمين حسين)، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی یاسایی پێشکەشکرا.

کارگێری: بەڕێوەبردن چیە؟ ئاستەکانی بەڕێوەبردن، جیاوازی سەرکردە و بەڕێوەبەر،شێوازی کارکردن لەناو فەرمانگە بە شێوازی تیۆری و پراکتیکی کە لە لایەن (کۆچەر نجدت ناجی)، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و (علی عبدالله احمد) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون پێشکەشکرا.

دەروونی: سترێس و میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی سترێس، گرنگیدان بە خوود کە لە لایەن (بارزان صابر خالد)، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکان پێشکەشکرا.

ئەم وۆرکشۆپە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرسێ ڕێکخراوی (دەزگەها ئاشتیا بەردەوام، Horızon Insanı Gelıstırme و Free Jurists Association) ئەنجامدرا



وۆرکشۆپی سێیەم لە ڕۆژانی ٢٣ و ٢٠٢٢/١١/٢٤، بۆ بەشێک لە فەرمانبەرانی فەرمانگە بەڕێوەچوو دەربارەی چەند بابەتێک، وەکو: ڕەفتاری ڕێکخراوەیی، بەڕێوەبردنی کات، چارەسەری کێشە و پلەبەندی فەرمانبەری. کە لە لایەن (بارزان ئەکرەم مەنتک) سەرۆکی فەرمانگە، (بارزان صابر خالد) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی زانیارییەکان، (علی عبدالله احمد) بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و (ئاکۆ حمدأمین حسین)، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی یاسایی پێشکەشکرا. ئەم وۆرکشۆپە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی International Rescue Committee ئەنجامدرا.







# پەرەپێدانی تواناکانی ڕێکخراوەکان

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٢، بەردەوامی دا بە پەرەپێدانی توانای ڕێکخراوەکان، بە تایبەتی لە بابەتە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە پابەندییە یاساییەکانی ڕێکخراوەکان و لە گرنگترینیان چۆنیەتی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دارایی یە.
بۆ ئەم مەبەستە، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی USAID و ڕێکخراوی کوردستان بۆ چاودێری مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوی NCCI، () سیمیناری پێشکەش بە ڕێکخراوەکان کرد لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

دهۆک:
یەکەم سیمینار لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/٩، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان سازیکرد بۆ ژمارەیەک ڕێکخراوی تازە دامەزراو لە پارێزگای دهۆک. لە سیمینارەکە چەندین بابەت بۆ بەشدار بووان ڕوونکرایەوە، لەوانە: گرنگی ڕاپۆرتی دارایی بۆ فەرمانگە و ڕێکخراوەکان، ووردەکاری پڕکردنەوەی ڕاپۆرتی دارایی، تێبینییەکانی فەرمانگە لەسەر ڕاپۆرتی دارایی ڕێکخراوەکان، میکانیزمی وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی لە لایەن فەرمانگەوە.
ئەم سیسمنارە بەشێک بوو لە پرۆژەی حکومرانی بۆ کارامەیی و بەرپرسیاریەتی لە عیراق کە ئاژانسی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی USAID پاڵشتی دەکات.








هەولێر:

لە ماوەی مانگی شوباتی ساڵێ ٢٠٢٢، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ٤ سیمیناری تایبەت بە چۆنیەتی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دارایی پێشکەش بە نزیکەی (١٠٠) ڕێکخراوی سنووری پارێزگای هەولێر کرد.




گروپی یەکەم: ٢٠٢٢/٢/١٧




گروپی دووەم: ٢٠٢٢/٢/٢٣




گروپی سێیەم: ٢٠٢٢/٢/٢٤




گروپی چوارەم: ٢٠٢٢/٢/٢٨








## ئامانجی سیمینار:

- ئاشناکردنی شێوازی کارکردنی فەرمانگە و پلان و پرۆژەکانی.
- ئاشناکردنی ڕێکخراوەکان بە چونیەتی پڕکردنەوەی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانە و میکانیزمی وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان.
- ڕوونکردنەوەی پێداویستییەکانی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی دارایی بەشێوەیەکی دروست.
- ناساندنی ئەو بنەمایانەی کە ووردبینی ڕاپۆرتی دارایی لەسەر دەکرێت.

## ناوی ڕاهێنەران:

- خدیجە عمر خلیل- بەڕێوەبەری دارایی
- بارزان صابر خالد – بەڕێوەبەری زانیارییەکان.
- هاوژین قادر حمد – بەشی ووردبینی ڕاپۆرتی دارایی

| کات | بابەت | پێشکەشکار |
|---|---|---|
| ٩:٠٠ – ٩:١٥ | ناو تۆمارکردن | |
| ٩:١٥ – ٩:٤٥ | یەکترناسین، ووتاری نوێنەری ڕێکخراوی کودستان بۆ مافەکانی مرۆڤ | |
| ٩:٤٥-١٠:٠٠ | شێوازی کارکردنی فەرمانگە و پلان و پرۆژەکانی | بارزان صابر خالد |
| ١٠:٠٠-١٠:٣٠ | گرنگی ڕاپۆرتی دارایی بۆ فەرمانگە و ڕێکخراوەکان | بارزان صابر خالد |
| ١٠:٣٠-١٠:٤٥ | ئەزموونی ڕێکخراوەکان لە پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دارایی | بارزان صابر خالد |
| ١٠:٤٥ – ١١:٠٠ | پشوو | |
| ١١:٠٠ – ١٢:٠٠ | ڕاپۆرتی دارایی و پێداویستیەکانی. | هاوژین قادر حمد |
| ١٢:٠٠ – ١٢:٤٥ | تێبینییەکانی فەرمانگە لەسەر ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکان | خدیجە عمر خلیل |
| ١٢:٤٥-١:١٥ | میکانیزمی وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی لەلایەن فەرمانگە | بارزان صابر خالد |
| ١:١٥ – ١:٤٥ | گفتوگۆی کراوە – کۆتایی سیمینار | بارزان صابر خالد |
| ١:٤٥- ٢:١٥ | ژەمی نیوەڕۆ و کۆتایی سیمنار | |

## سلێمانی:

له ڕێکەوتی ١١ ی مایسی ٢٠٢٢، له میانەی مانەوەیان له شاری سلێمانی بۆ وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی ڕێکخراوەکانی سنووری پارێزگای شارەکە، ستافی فەرمانگە سیمینارێکی تایبەت بە شێوازی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی داراییان پێشکەش بە ژمارەیەک ڕێکخراو کرد. سیمینارەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی کوردستان بۆ چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدرا.






## دهۆک:


شاندی فەرمانگە بە هەمان شێوەی شاری سلێانی و هەڵەبجە، سەردانی پارێزگای دهۆکیان کرد بۆ وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی ڕێکخراوەکانی ئەو پارێزگایە و بە ڕێکەوتی ٢٥ی مایسی ٢٠٢٢ سیمینارێکیان بۆ ژمارەیەک ڕێکخراوەی تازە دامەزراوی شارەکە ئەنجامدا کە ئامانج لێی پەرەپێدانی توانای ئەو ڕێکخراوانە بوون دەربارەی ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی چالاکی و دارایی ساڵانە بۆ فەرمانگە





# خوولی فێرکاری فۆتۆگرافی ڕێکخراوەیی




فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی Millennium Relief and Developmental Services، هەڵسا بە ئەنجامدانی دوو وۆرکشۆپی تایبەت بە شێوازی وێنەگرتنی چالاکی ڕێکخراوەیی لە هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر لە ڕۆژانی ٢٩ و ٣١ی ئاداری ٢٠٢٢. بابەتەکان لە لایەن فۆتۆگرافەر Kinzi Dempsey پێشکەشکران. لە وۆرکشۆپەکە گرنگترین ئەو بابەتانە خرانە ڕوو کە پەیوەستن بە بنەما سەرەکییەکانی فۆتۆگرافی، شێوازی پاراستنی کەسایەتی سوودمەندبووان لەکاتی وێنەگرتنی، چالاکییەکان، وەرگرتنی ڕەزامەندی، ئامادەکاری بۆ وێنەگرتن.










## پەرەپێدانی تواناکانی ڕێکخراوەکانی سۆران

لە میانەی پرۆژەی (سۆران، لانکەی شۆڕش)، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ژمارەیەک خول و سیمیناری پێکەش کرد بۆ ڕێکخراوەکانی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران. لێردا بە کورتی ئاماژەیان پێدەدەین. ووردەکاری لە بەشی پرۆژەی (سۆران، لانکەی شۆرش) ئاماژەی پێکراوە.

١- خولی ڕاهێنانی ڕاهێنەران TOT
٢- سینمیناری کارامەییەکانی دانوسانکردن.
٣- خوولی ئامادەکردنی دەرخستە.
٤- سیمیناری شێوازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری.
٥- سیمیناری پابەندییە یاساییەکان و شێوازی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی دارایی.

جگە لەوەش، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئاسانکاری و هەماهەنگی بۆ چەندین پرۆژەی ڕێکخراوەکان کردووە کە پەرەپێدانی تواناکانی ڕێکخراوەکانیان کردووتە ئامانج.

# نۆژەنکردنەوەی فەرمانگە





فەرمانگەکەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ماوەی زیاتر لە ٨ ساڵ لە هەمان باڵەخانە کارەکانی خۆی ڕاپەڕاندووە، بۆیە لەسەرەتای دەسبەکاربوونی سەرۆک و ستافی نوێی فەرمانگە، تێبینی کەموکوڕی زۆر کرا لە باڵەخانەی فەرمانگەدا و پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیەکی بنەرەتی هەبوو. لەسەر ئەم بنەمایە، وەک ئامادەکاریەک بۆ دەستکردن بە نۆژەنکردنەوەی فەرمانگە داواکاری بۆ بەڕێزان لەسەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بەرز کرایەوە بە مەبەستی ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر نۆژەنکرنەوەی فەرمانگە و بە سوپاسەوە بەڕێز سەرۆکی دیوان ڕەزامەندیان دەربڕی. لە مانگی (٥) ساڵی ٢٠٢٢ دەرخستەیەکی تایبەت ئامادەکرا و قۆناغی یەکەمی نۆژەنکردنەوەکە دەستی پێکرد لەڕێگەی لێژنەی تایبەتەوە کە گوژمەی یەکەمی ئەم پرۆژەی نۆژەنکردنەوەیە نزیکەی (٦٦) ملیۆن دینار بوو وە قۆناغی دوەمیشی بڕی (٣٨) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکرا، کاری نۆژەنکردنەوەکە پێک هاتبوو لە ( فراوانکردنی فەرمانگە، سەقف سانەوی، پارکێت، ئاو و ئاوەڕۆ، نۆژەنکردنەوەی بنمیچی باڵەخانە، بۆیاخ، کارەبا، لەزگەی دیوار)، لە کۆتاییەکانی مانگی (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢، کارەکانی قۆناغی یەکەم و دووەمی نۆژەنکردەوە بەکۆتا هاتن، بەڵام هێشتا هەندێک کاری دیکە ماون پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە بەتایبەی بەشی ئەرشیفی ڕێکخراوەکان کە شوێنەکەی شوێنی ئەرشیف نیە بەلکوو هۆڵی کۆبوونەوەیە و بەشێکی بۆ ئەرشیف دابڕێنراوە و هەموو ستانداردێکی شوێنی ئەرشیفی تێدا نیە. بەڵام لەبەر بێجێگایی و بەناچاری ئەو شوێنە کراوە بە بەشی ئەرشیف. بۆیە ساڵی داهاتوو ئاماداکاری تەواو دەکرێت بە بە مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بۆ چاکردنی شوێنی ئەرشیفی ڕێکخراوەکان کە لە ڕاپۆرتی دەستەی چاودێری جەخت لەسەر ئەوە کرابووەوە کە ئەرشیفی فەرمانگە کەم و کوڕی زۆرە و پێویستە چارەسەر بکرێت.

# وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی ڕێکخراوەکان








فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ساڵانە ڕاپۆرتی دارایی ڕێکخراوەکان وەردەگرێت وەکو بەشێک لە پابەندییە یاساییەکانی ڕێکخراوەکان بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١١ی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانگە ماوەی نێوان ٢٠٢٢/٤/١٢ تاوەکو ٢٠٢٢/٧/٣١ی دیاریکرد بۆ وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی ساڵانەی ڕێکخراوەکان بۆ ساڵی ٢٠٢١.


لە پێناو ئاسانکاری کردنیش بۆ ڕێکخراوەکانی پارێزگاکانی تری جگەی لە پارێزگای هەولێر، فەرمانگەی لێژنەیەکی تایبەتی ڕەوانە کرد بۆ وەرگرتنی ڕاپۆرتی دارایی ڕێکخراوەکان لە هەرسێ پارێزگای سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجە.

لە هێلکاری خوارەوەش ژمارەی ئەو ڕێکخراوانە ڕوونکراوەتەوە کە ڕاپۆرتی داراییان لێ وەرگیراوە:

شایانی باسە ئەم ژمارەیە بە بەراوەرد بە سەردانی فەرمانگە بۆ پارێزگاکانی تر بۆ هەمان مەبەست لە ساڵی پێشووتر زیاتر بووە، لەم هێلکارییەش ژمارەی زیادبوونەکە دەخەینەڕوو:




ژمارەی ئەوڕێکخراوانەی ڕاپۆرتی دارایی ساڵی ٢٠٢٢یان لێ وەرگیراوە




بەراوردی ژمارەی ئەوڕێکخراوانەی ڕاپۆرتی دارایی ساڵی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢یان لێ وەرگیراوە

# پلانی ستراتیژی فەرمانگە بۆ ماوەی سێ ساڵی داهاتوو

## ٢٠٢٣-٢٠٢٥




لە دوای دەستبەکاربوونی سەرۆک و ستافی نوێی لە شوباتی ساڵی ٢٠٢١ وە، فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەستی کرد بە پرۆسەی ئەنجامدانی چاکسازیی ڕیشەیی بۆ ئەوەی فەرمانگە بتوانێت ئەو ئامانجانە بەدی بهێنێت کە لە پێناوی دامەرزاوە و پێداویستییەکانی ژینگەی ڕێکخراوەیی لە هەل و مەرجی ئێستای هەرێمی کوردستان پڕبکاتەوە.
دوای ئەوەی کە فەرمانگە تا ڕاددەیەکی باش توانی پێداویستییە مرۆیی و لۆجیستییەکانی پڕبکاتەوە بە جۆرێک کە بتوانێت کارەکانی ڕایی بکات، بوونی پلانێکی ستراتیژی بۆ کاروباری فەرمانگە بوو پێویستییەکی گرنگ تاوەکو فەرمانگە ئاراستەی کارکردن و ئامانجەکانی دیاریکراو بێت بەپێی پێداویستییەکانی فەرمانگە و بارودۆخی کاری ڕێکخراوەیی هەنگاو بنێت. بۆ ئەم مەبەستە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ پسپۆران لە پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان UNDP دەستیان کرد بە کارکردن بۆ دارشتنی پلانی فەرمانگە بۆ ماوەی سێ ساڵی داهاتوو.
بۆ ئەم مەبەستەش فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لێژنەیەکی پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی پلانی ستراتیژی فەرمانگە بۆ ماوەی سێ ساڵی داهاتوو.
دوای ئەوە لە ڕۆژانی ٨-٩ی تەمووزی ٢٠٢٢ پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان UNDP خولێکی ڕاهێنانی دوو ڕۆژەی پێشکەش بە ئەندامانی لێژنەی فەرمانگە کرد سەبارەت بە دارشتنی پلانی ستراتیژی، لێژنەکە دەست بەکار بوون بۆ دارشتنی ڕەشنووسی پلانەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ شارەزایانی پلان دانان لە UNDP.









**دید**

فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان هەوڵدەدات ببێتە سـەرمەشقی بەڕێوەبردنی کەرتی گشتی لە ڕێگەی ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ کاری ڕێکـخراوەیی و پـەرەپێدانـی تواناکانیان.

**پەیام**

تۆمارکردن و سەرپەرشتی کردنی ڕێکخراوەکان و پاڵپشتی کردنیان بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان و بوون بە سەرچاوەی سەرەکی زانیاری دەربارەی کاری ڕێکخراوەیی لە هەرێمی کوردستان

**بەهاکان**

دڵسۆزی - شەفافیەت - ڕێزگرتنی جیاوازی - پیشەگەری

## پێشینەکانی کاری فەرمانگە

**یەکەم**

بەدامەزراوەییکردنی فەرمانگە

**دووەم**

بەهێزترکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان

**سێیەم**

بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەکان و حکومەت

**چوارەم**

گەیشتن بە بەخشەرەکان

**پێنجەم**

پاڵپشتیکردنی ڕێگخراوەکان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی کاری ڕێکخراوەیی

# پێشینەکانی کاری فەرمانگە

## یەکەم: بەدامەزراوەییکردنی فەرمانگە

- دابینکردنی ستاف
- بە دیجیتاڵکردنی کاروباری فەرمانگە و ڕێکخراوەکان
- پڕکردنەوەی پێداویستی لۆجیستی
- پەرەپێدانی تواناکانی فەرمانبەران

## دووەم: بەهێزترکردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان

- ئەنجامدانی کۆبوونەوە بەپێی سێکتەر و شوێنی جوگرافی
- چارەسەرکردنی کێشەی ڕێکخراوەکان
- بەشداریکردن و بەدواداچوون بۆ کاروچالاکی ڕێکخراوەکان
- بەهێزترکردنی تواناکانی ڕێکخراوەکان

## سێیەم: بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەکان و حکومەت

- دروستکردنی هەماهەنگی لەنێوان ڕێکخراوەکان و دام و دەزگاکان
- کۆکردنەوەی داتا و زانیاری دەربارەی پێداویستییەکان
- پڕکردنەوەی پێداویستییەکان
- دروستکردنی بۆردی تایبەت بە سێکتەرەکان

## چوارەم: گەیشتن بە بەخشەرەکان

- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ بەخشەرەکان
- بە لۆکاڵی کردنی پرۆژەکان

## پێنجەم: پاڵپشتیکردنی ڕێکخراوەکان لە بەدیهێنانی ئامانجی کاری ڕێکخراوەیی

گەشەپێدانی بەردەوامی کۆمەڵگە لە سێکتەرەکانی:

١- پەروەردە
٢- تەندروستی
٣- سەرچاوەی مرۆیی
٤- وشیاری

ناونیشان: هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق

جوتسایدی کەرکوك بەرامبەر وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

KRG.DNGO.OFFICIAL GOV.KRD/DNGO INFO@DNGO.GOV.KRD 07508110808